جەنگاوەرانی سوپای عیراق سنووری رۆژهەڵاتیان بۆ دوژمن کردەوە

ڕۆژگاری ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەی کوردی

بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جەلالی

● پێنجشەممە ۱۹۸۲/۷/۲۹ ژمارە ٦٤٧ ●
● الخميس ١٩٨٢/٧/٢٩ العدد ٦٤٧ ●

هاوکاری
التضامن

ساڵی ١٩٧٠
دامەزراوە

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە
١٢ لاپەڕە
٥٠ فلسە

لەم ژمارەیەدا

● دەقی ووتارە بنووسینەکەی سەرەکی کەرەمانە ئەیادی جیوارەی سالانەی شۆڕشی ئەیلولی ٦٠٥٠٤٠٣ .
● ڕیپۆرتاژێکی سەرجەم دەربارەی فیتنەالی ووتەرو ڕۆشنبیری کوردی ل ٩ و ١٠
● نەدەبیو ڕۆشنبیری : لێکۆڵینەوە شیعر ل ٧ .

سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامە نووسیدا دوپاتی دەکاتەوە: گەلەکەمان بە باوەڕی پتەو دەڕوانێتە پاشە ڕۆژ

سەرەکی فەرماندە بەڕێز صدام حسین ئەوەی دووپات کردەوە کە عێراق لە توانایداهەیە بەرپەرچی دوژمنی ئێرانی بدانەوەو هێرشی دووبارەبۆوەکانی بۆ سەر خاکی عێراقپووچ بکاتەوەو بەتەواوی تێکی بشکێنێ .

هەروەها بەڕێزی لە وەڵامی پرسیارەکانی بەڕێز بول بالتە کە یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە گەورەکانی ڕۆژنامەی (لۆمۆند)ی فەرەنسیو لە ماوەی پێشوازی لێکردنیدا لە لایەن سەرۆکی بەڕێزەوە دوێنێ بەیانی ، سەرەکی بەڕێز ووتی : ئەو دەستە حوکمڕانەی لە تاراندایە زۆرشتی بە خەیاڵ بۆ خۆی دانابوو کاتێك وای لێك دایەوە کە عێراق لە جەنگی محمرەدا شکستی بە دەستهێنا ، بەڵام لە ڕاستیدا عێراق شەڕی محمرەی نەدۆڕاند هەروەك ئێرانیش سەرکەوتنی بە دەستنەهێنا ، ئەو شەڕە بارودۆخی ئایینی سەربازیو ڕامیاریو دەروونی خۆی هەبوو کە وای لێکردن بکەونە ئەم خەیاڵە کەورەیەوە .

هەروەها بەڕێزی دەستی بۆ ئەوە ڕاکێشا کەوا گەلی عێراق بە بڕوایەکی تەواوە دەڕوانێتە پاشەڕۆژ ، ئەمەش لە بڕیاری مامەلە کردنیدا لەگەڵ لایەنەکانی ئێستای ڕووناکداو ئێستا لە لە سایەی جەنگدا لە بارێکی مەعنەویو دەروونی زۆر چاکدا دەژی .

سەرەکی بەڕێز صدام حسین دووپاتی ئەوەشی کردەوە کەوا عێراق لای وایە یەکێك لە دیارترین ئەو کردەوانەی کە ڕێگەی پێ نادرێت لە سیاسەتی عەرەبیدا بریتی یە

بروانە ل :١١

سەرکوتنە مەزنەکانی سوپای عیراقی دڵێرو شکاندنی هێزەکانی دوژمن

بۆ ماوەی نزیکەی دوو هەفتە ، جەنگاوەرە بەچکە شێرەکانی عیراقی سەربەرز سنووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی خۆشەویستیان کردە دۆزەخو گۆڕستانی چاوچنۆکیو خەونە چەپەڵەکانی خومەینیو تاقمە ڕەگەزپەرستە درندەکەی ، کە ویستیان پەلاماری سنوورمان بدەن.

چەند ڕۆژێ بەر لە جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز بەتەواوی لە ١٣ی تەموزدا ، دوژمن بەهەموو هێزیکی سەربازیو تانگو جەکی قورسەوە ، بەلاماری ڕۆژهەڵاتی بەسرەیدا ، بەڵام جەنگاوەرانی دڵێری عیراق ، وەك چیای سەخت و سنگی پۆلاین بە ڕووباندا وەستاون لە ماوەیەکی کەمدا ، دوژمن شکاندنێ شکابوو بە پەندی زەمانە، لاشەی سەربازەکانی لە مەیدانی شەڕ بەجێ هێشت و کەرەستەیەکی زۆری چەکی بەجێ هیشت و ژمارەیەکی زۆریشیان بەدیل گیران :

بەڵام ئەو تاقمە نەخۆشە بێعەقڵەی لە تارانەو خۆی سەباندوە بەسەر گەلانی ئێراندا ، بەبێ ئەوەی زەرەیەك ویژدانی هەبێت ، دیسان سەربازیکی زۆری تری ڕەوانەی دۆزەخی شەڕکردوو چارەنووسی ئەمجارەشی لە جارانیتر باشتر نەبوو .

بەیاننامەکانی سەرکردایەتی هیزە چەکدارەکان بەژمارە چەندان هەزار کوژراوی لە هیزەکانی دوژمن دیاری کردو گەلی عیراقو هەموو دنیا لە ڕێگای دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دیان چۆن سنووری ڕۆژهەڵاتمان بووە گورستانی هیزەکانی ڕژێمو ئیرانی دوژمن . سەرەڕای

بروانە ل : ١١

جیهان باسی سەرکەوتنە کاغان دەکات

ئاژانسەکانی دەنگوباسی عەرەبیو جیهانی بەردەوامن لە بایەخدان بەو سەرکەوتنە گەورانەی هیزە ئازاکانمان لە کەرتی بەسرە بەدیان هێناوەو سەرکەوتنیان بە سەر هیزەکانی ڕژیمی ئێراندا وراونانی ئەو هیزانەو تێك شکاندنی بەردەوامیان .

ئاژانسەکان ڕاپۆرتی دوورو درێژیان دەربارەی ئەو سەرکەوتنانە لە نێردراوەکانیەوە لە عیراق پێ گەیشتوەو هەموو ئەو رایەن کە هیزەکانی عیراق سەرکەوتنی گەلێ گەورەیان بەدیهیناوە لە کەرتی بەسرەو توانیویان هەموو هیزە پەلامارهینەرەکانی ئێران تێك بشکێنن .

ئاژانسی رویتر لە ڕاپۆرتێکدا رای گەیاندوە کە عیراق جاریکی کە سەلماندی کە هیزەکانی بە توانانو هەموو ئەو هیرشانەی هیزەکانی ئێران لە ماوەی دوو هەفتەدا کردیانە سەر سنووری عیراق ئەنجامی شکاندنی ئەوانو سەرکەوتنی هیزەکانی عیراق بوو .

ئاژانسەکانو پەیامنێری ڕۆژنامە بێگانەکان کە سەربان لە بەرەکانی جەنگ داوە هەموویان ئەوەیان سەلماندوە کە هیلەکانی بەرگری عیراق لە بەندەری بەسرە ساغو سەلامەتن .

دیسان دووپاتیان کردۆتەوە

بروانە ل : ١١

باری لوبنان

• زایۆنی دوژمن بەردەوامە لە بۆردومانی بەیروت
• گەلی فەلەستین مەڕانە دەجەنگێت ..

تەلەفزیونی ڕەسمی لوبنان بڵاوی کردەوە کە لوبنان سکاڵایەکی داوە بە ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان دژی دەستپێکردنەوەی بۆردومانی بەیروتی ڕۆژئاوا لە لایەن هێزەکانی زایونی دوژمنەوە .

ئەوەی شایانی باسە ئەمە سێ ڕۆژە هێزی فڕۆکەوانی زایونی دوژمن دەستی کردۆتەوە بە بۆردومانی ئەو ناوچەیەو بۆمبای فۆسفۆری بە کارهێناوە .

ئاژانسەکان دەڵێن هەر پەلاماریکی ئەو فڕۆکانە نیو سەعاتێکی خایاندوەو گەلێ گەرەکی بەیروتی ڕۆژئاوای گرتۆتەوە .

هەروەها ڕادیوی دوژمن دانی بەوەدا ناوە کە لە زوربەی ئەو گوندانەی لای بەرەی ڕۆژهەڵاتی بەیروتەوەن قەدەغەی هاتووچۆی فەرز کردوەو گوایە بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین توانیویانە بگەنە ئەو گوندانەو دەست لە هێزەکانی دوژمن بوەشێنن .

ئەوەی شایانی باسە ، لەو ڕۆژەوە هێزە داگیرکارەکانی زایونی دوژمن هاتوونەتە خاکی لوبنانەوە ؛

بروانە ل : ١١

ڕژێمی شەڕخوازی ئێران

لە کوێ دە ...؟ بە ڕەو کوێ .!؟

مصلح جەلالی

گومان لەوەدا نییە کە عێراق هیچ کاتێ نەیویستووە دەست بۆ خاك یاخود ناوی وڵاتێك لە وڵاتەکانی دراوسێی درێژبکاتو ڕۆژێك لە ڕۆژانیش بەبیریا نەهاتووە خراپە بەرامبەر هیچ دراوسێیەکی باش بکات ئەگەر ئەو دراوسێیە دەستی تەماعکاریو تاوانی بۆ درێژنەکردبێو سەربەخۆیی خاكو گەلی تووشی مەترسی نەکردبێ .. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هاتبێ بەکێ لەدراوسێکانی ئەم نیازەی بوبێو دەستیشیان بۆ درێژکردبێ ، حکومەتی شۆڕشی ١٧و سی تەموزی نەمر .. بەپێی ئەو بیروباوەڕەی کە هەیەتیو دەبێ ڕێزی دراوسێ بگیرێو بۆ ئەوەی ئەو گێچەڵە بێبیانووە گەورە نەبێ کەپێی دەگێڕنەو کارەکە بەڕێگەی ئاشتیبانەو گفتوگۆ بڕێنێتەوە تەقەللای زۆری بۆ ئەم مەبەستە داوەو هەمیشە دەستپێشکەری کردووەو ، بەڵام کاتێك کە نە گفتوگۆی ئاشتیبانەو نە خۆدوورخستنەوە لەگێچەڵ کەڵکیان نەبووە کارەکە هاتە سەر ئەوەی مەترسی بۆ سەر خاكو سەربەخۆیی وڵاتو گەلی عێراق هەبێ دیارە کە ئە حکومەتی شۆڕشی ١٧و سی تەموز دەستەپارچە دائەنیشێتو نە میللەتی عێراقیش بۆ بەرگری کردن لەسەربەخۆیی نیشتمانو خۆی بێدەنگ دەبێ .

ئەم تەقەللابانە بە گەلێ جۆر لەگەڵ ڕژێمی تازەی ئێراندا دراو پێیان وترا کە ئێمە شەڕخواز نینو هیچ مەبەستیشمان لە زەویو ناوی ئیوەدا نییە .. بەڵام ڕژێمی تازەی ئێران وەك هەر گوێی لە داخوازیو بانگەوازمان نەبووبێ سووپای لێهێنایە سەر سنوورو کەوتە بۆردوومان کردنی شارەکانمان. لەڕوایە هەموو کەس ئەوە زۆر چاك دەزانێت دراوسێیەك ئەگەر دەستدرێژی بکاتە سەر دراوسێیەکیو دراوسێیەکەشی وبستی کارەکە نەگاتە شەڕو ناخۆشیو هەوڵیدا کە بەقسەی خۆشو ڕەفتاری چاك مەسەلەکە بڕێنێتەوەو کە بینیشی ئەو دراوسێیەی کە دەستی بۆ ماڵەکەی ئەم درێژکردووە ئەم شتانە هیچ کەڵکی لەگەڵیا نییەو لەم گوێیەوە دێتو لەو گوێیەوە دەردەچێت دیارە یان دەبێ دەستەونەژنۆ دابنیشێو دوژمنەکەی چی دەکات بە ئارەزووی بیکاتو یاخود دەبێ بەرگری لە ماڵو سەربەستیو ئەو دەسکەوتانەی بکات کە چەندەها ساڵە ڕەنجی بۆ داوەو ئارەقی بۆ ڕشتووەو وەدەستیهێناوە .. بەم جۆرە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران شەڕی بەسەردا سەپانینو میللەتی عێراقیش بەسەرکردایەتی سەرکردایەتیبە نەبەزەکەی توانی دلێرانە بەرەنگاری دەستدرێژی دوژمن بێتەوەو لوتی بتەزێنێو لەناو خاکەکەی ئەودا شەڕی لەگەڵ بکات ڕژێمی ئیرانی ڕەگەزپەرست ئەم چنۆکیەی وەنەبێ هەر کاری ئەمڕۆی بێ بگرە لەدێرزمانەوە ئەم کارەی کردووە بەڵام هەر جارەی بۆ ئەم مەبەستە پیسەی بەرگێکی لەبەرکردووە هەر دەمەش دەهۆڵێکی لێداوە .. لەم شەڕەشدا کەوا بەسەر گەلی عێراقیدا سەپان هات بەرگی ئاینی لەبەرکردوو گوایە موسڵمانەو خزمەتی ئایینی موسڵمانێتی دەکات .

جا ئەگەر هاتو ئەم لایەنە وردبکەینەوە یاخود بڵێین ئەوان ڕاست دەکەنو خزمەتی ئایینی موسڵمانان دەکەن .. دەبوایە شەڕیان بەرامبەر بەدەوڵەتێك بکردایە کە ناموسڵمان بوایەو بەگژ ئەودا بچوونایە .. هەرچەندە کە ئەم جۆرە ڕەفتارە لە ئەفسانەکانی چاخەکانی ناوەڕاست دەکات .. بەڵام خۆ عێراق دەوڵەتێکی موسڵمانەو لە شەریعەتی موسڵمانێتی لای نەداوەو ڕێزی بیروباوەڕو ئایینو نەتەوەی بەوپەڕی بایەخەوە گرتووەو هەمیشەش لە ڕیزی پێشەوەی دەوڵەتە موسڵمانەکانەوە بووە بۆ خزمەتی ئایینی موسڵمانان . ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە

بروانە ل : ٢

ڕژێمی ئێران بۆ یارمەتی زایۆنیەکان شەڕ بە عیراق دەفرۆشێ ..

ڕۆژنامەی « البلاد » کە لە تونس دەردەچێ ئەوەی دووپات کردەوە کە ڕژیمی تساران پشتیوانی دوژمنی ژمارە یەکی عەرەبە کە دەوڵەتکەی ئیسرائیلە بەو شەڕەی کە بە عیراقی دەفرۆشێ پشتیوانی زایونیەکان دەکات لە داگیرکردنی لوبناندا .

هەروەها ووتویە ئامانجی خومەینی لە هێرش بردنە سەر عیراق نانەوەی ئاژاوەیەلە ناوچەکەداو خەریك کردنی وڵاتە عەرەبیەکانو ڕێگا کردنەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی چاوچنۆکی خۆی دژی سەربەستی ئەو وڵاتانەو بەمەش خزمەتی ئامانجەکانی زایونی دوژمن دەکات .

بەگژدا چوونی یارمەتیکانی خومەینی

ڕادیوی تساران بڵاوی کردەوە کە لەم ڕۆژانەدا شەڕێکی گەورە لە نێوان پاسدارەکانی خومەینیو هیزە چەکدارە بەربەرەکانی کارەکانی ڕژیمی ئێراندا ڕووی داوە بۆتە هوی کوشتنو بریندارکردنی ژمارەیەکیان .

ڕادیۆکە ناوی ئەوشوێنەی نەبردوە کە شەڕەکەی تیا کراوەو بەژمارەی دیار کوژراوەکانی پاسدارانی خومەینی دیاری نەکرد .

بروانە ل : ١١

ئێران بێوەزیری ڕاگەیاندنە

لە تارانەوە بڵاو کرایەوە کە عبدالمجید معادبخاه وەزیری ڕاگەیاندنی ئێران ئیستقالەی کردوەو ئەمە دووەم ئیستقالەیە لەم هەفتەیەدا دەدرێ بە موسەوی سەرەك وەزیران، دوو ڕۆژ پێش ئەوە محمود ڕۆحانی وەزیری کۆمەڵایەتی ئیستقالەی کرد .

ئەوەی شایانی باسە لە ئەنجامی ئەو شکاندنانەی ڕووبە ڕووی هیزەکانی ئێران بووە ڕژیمی ئێران لە ئاژاوەو سەرگەردانیدا دەژی .

ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابردوو

*** فەلەستین :**

مەحکەمەیەکی زایونیەکان لە شاری لد لە فەلەستینی زەوت کراو فەرمانی دیلکردنی بیست ساڵیان داوە بە سەر هاووڵاتیەکی عەرەبی نابینادا بە گوناهی ئەوەی بۆتە هوی تەقینەوەیەك دوو زایونی کوشتوە .

*** تونس**

ئەلەمانیاو تونس ڕێکەوتنێکی دەریاییان مۆرکردوەو بەپێی ئەم ڕێکەوتنەوە لە کاروباری هاتووچۆی دەریایو بەندەرەکانی هەردوو وڵات هاوکاری دەکرێ .

بروانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

سەرەکی فەرماندە صدام حسین دووپاتی دەکاتەوە:

ئۆتۆنومی سیمای تایبەتی گەلی کوردمانە

سەرەکی فەرماندە صدام حسین دووپاتی کردەوە کە فراوانی کارو بیناکاری لە عیراقدا وای کرد دوژمنەکان رووی تێبکەن بە مەبەستی دواخستنی ئەو بزوتنەوە بیناکاری و رابەرینەی لەسایەی شۆڕشدا بەخۆیەوە دەبینێ .

سەرەکی بەرێز لە وتەیەکی کرنگدا بۆ پیاوە ئاینیەکانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی و پارێزگای نەینەوا ئێوارەی رۆژی ١٢ی تەمووزی ١٩٨٢ وتی : عیراق بەتواناو لێهاتووی رۆڵەکانی و بەهوشیاری و دڵسۆزیان دڵو دەروونی پڕ لە شانازی کردووین و هەندێ شاری عیراق بەرگەی قورسایەکی نموونەیان گرت لە قوربانیدانداو لە ماوەی شەرماندا لەگەڵ دوژمنی ئێرانیدا .

هەروەها بەرێزی وتی : دەربارەی کاری دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی ئەوەی بیەوێ عیراق بنیات بنێ ئێمە بەدوابدا دەگەڕێن و رێی لێ ناگرین و هیچ کۆت و بەندێ لەسەر کاروباریکی داهێنان نیە کە عیراق بەهیز بکات .

ئەمەو لەبەر بایەخی گرنگی ئەم ووتە میژوویی سەرەکی فەرماندە ، دەزگاکەمان لەشێوەی نامیلکەدا چاپی کردوەو بەشێوەیەکی فراوان لە ناوچەی کوردستان بڵاوی دەکاتەوە .

لەبەر رووناکی ووتە میژوویی کانی سەرەکی فەرماندە "صدام حسین" دا

گەلی کوردمان دڵسۆزانە لە گەڵ رێبازی شۆڕشدا هەنگاو دەنێت

لە ووتە میژوویی پڕی بوو لە راست گۆیی و ئاگاداری مەوزوعی سەرکردەیەك لەگەڵ گەلداو بۆ گەل کار دەکات ، دوانزەی ئەم مانگە سەرەکی فەرماندە صدام حسین لە چاوپێکەوتنیا لەگەڵ پیاوە ئاینیەکانی ناوچەی کوردستان و نەینەوا زۆر شتی گرنگی رونکردەوە ، کە وەك هەموو ووتە میژوویی یەکە نرخەکانی تری هی ئەوەیە بیتە بەرنامەی کارپێکردن و رێگا گرتنە بەر بەرەو ئەو مەبەستەی عیراق بە میزتر دەکات و زیاتر دەیکاتە لوتکەی تیشك دانەوە .

سەرەکی فەرماندە ، ئەوەی دووپات کردەوە ، بەهرەدارو بنیاتنەرو داهینەر رێگای لێ ناگیری و ئێمە بە دواییدا دەگەڕێین ، دڵسۆزو بەتەنگەوە هاتووی گەلی عیراق ، هەلی لە بەردەمایەو هیچ سەردەمێ هەلی وای بۆ نەرەخساوە کەواتە ئەوەی پێویستە هاتنەکایەی دڵسۆزانەیە لە ژیر دەواری ئەو شۆڕشەی ئەم بارە لە بارەی لە ولاتەکەماندا رەخسانە ، قسەو تەنیا قسە هیچ نادات بەدەستەوە ، ئەو کاروانە مەزنەش کە لە ١٧-٣٠ تەموزی ٦٨وە لە عیراقدا رێدەبڕێ و لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر بە قسە نەرۆشتوەپەڕیۆە بەلکو بەکردەو کردەوەی بیناکاری و داهینەرانەکە خاوەن توانا تان و بەرابەری رۆڵەیەك کە لە ناو گەلەوە هاتوەو ئەویش سەرەکی فەرماندە صدام حسینە .

سەرەکی فەرماندە راست گویانە دەستی بۆ ئەوە کێشا کە هیزە کەورەکان و ئەم و ئەوی ناحەز بە سەربەرزی عیراق دەیانەوێ مەسەلەی کورد هەر وەك کە لەبەر لە عیراقا بمێنێتەوە تا لیوەی بێتە ژورەوە ، نە وەك مەبەستیان بە نەنەوە هاتنی گەلی کورد بێ ، بەلکە ی میژوویش بۆ ئەمە زۆرە ، لەبەر ئەوە کە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش ئۆتۆنۆمی بە سیمای تایبەتی گەلی کورد دەزانێ و لەسەر رێبازی باوەری شۆڕش هەنگاو بۆ زیاتر چەسپاندن و قولکردنەوەی دەنێ بەمە دوا وەرەقەی بازرگانی کردن بە دەست بازرگانەکانەوە دەخات دەمێنتەوە سەر رۆڵەکانی گەلی کوردمان کە دڵسۆزانە وریاو چاوکراوە بن و دۆست و دوژمنەکانی خۆیان دیاری بکەن و رێکانەدەن چیتر بازرگانی بە چارەنووسیانەوە بکرێ شۆڕش و رابەرە مەزنەکەی صدام حسین بە باوەڕەوە دەرگای بەختەوەری هەموو گەلی عیراقیان بە کوردو عەرەبەوە کردۆتەوەو هەلەو با لە کیسی نەدەین و عیراق تا سەربەرزبێ کوردو عەرەب سەربەرزتر دەبن و سەربەرزی عیراق چڵێی چاوی ناحەزانی کوردو عەرەب و رابەرایەتی صدام حسین کوێر دەکات و بۆ پێشەوە .

● نەبەز ●

ئاوڕدانەوەیەکی دڵسۆزانەی تری سەرکردایەتی شۆڕش لە سوودی گەلی کوردمان

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاریکی دەرکرد بەبەخشینی ئەو هاوولاتیە کوردانەی کە بەهەڵگرتنی چەك دژی رژێمی نیشتمانی لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا تاوانبار کراون و بریاری بەردانی ئەو کەسانەشی دا کە گیراون و بریاری داخستنی ئەو مەسەلانەشی دا کە هێشتا لە دادگاو لێپرسینەوەدان و ئەمەش دەقی بریارەکەیە :

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش .

بریاری ژمارە - ٩٢٣ - ١٥-٧-١٩٨٢ .

بریار

پشت بە ئەحکامەکانی بڕگەی (١) مادەی چل و دووەمی دەستووری کاتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٥-٧-١٩٨٢ بریاری ئەمەی لای خوارەوەی دا :

١ - ئەو هاوولاتی یەکوردانەی کە بە هەڵگرتنی چەك دژی رژێمی نیشتمانی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا تاوانبار کراون ئەبەخشرێن و .. ئەوانەشیان کە گیراون بەرەڵا ئەکرێن و .. ئەو مەسەلانەشی کە هێشتا لە دەوری دادگاو لێپرسینەوەدان تاوانبارەکانیان هەر لەسەر ئەو تاوانە بەرەڵا ئەکرێن و .. ئەم بریارە ئەوانە ئاگرتینەوە کەوا خەڵکیان کوشتووە یان بێگانەیان فراندووە .

٢ - وەزیرو ئەولایەنانەی پەیوەندیان بەم مەسەلەیەوە هەیە راپەڕاندنی ئەم بریارەیان لە ئەستۆدایە.

صدام حسین
سەرەکی ئەنجوومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش .

رژێمی شەڕخوازی ئێران لە کوێ دەبەرەوکوێ ؟

"باشماوە"

ئەگەر مەسەلەکە مرۆڤایەتیش بێ .. ئەوا عێراق یەکێکە لەو دەولەتە دەرکەوتووانە کە لەناو بزووتنەوەی ولاتانی بێلایەندا دەورێکی بایەخداری بووەو بەوپەڕی تواناوە دەستی یارمەتی بۆ گەلانی ئازادیخوازو ژێردەستەو تازەرزکاربوو درێژکردووەو پشتی هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی لە جیهاندا گرتووە .. کەواتە بەهیچ یاسایەك نەئاسمانی و نەهی سەرزەوی .. ئاینی و مرۆڤایەتی رێگەی ئەوە نادرێ کە کاربەدەستانی ئێران دەستدرێژی بۆ سەر عێراقی دراوسێ و موسڵمان و پێشکەوتنخوازو سەربەست بکەن و ولاتەکەی وێران بکەن .. بەڵام با لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا کاربەدەستانی ئێران بەم شەڕەی کە بەسەریاندا سەپانین خزمەتی کێ ئەکەن ؟ شتێکی زۆر ئاشکراو ڕوونە کە خزمەتی ئەو لایەنانە ئەکەن کە دژی سەربەستی و بەختیاری و پێشکەوتنی گەلانن کە ئەمانەش دەولەتانی ئیمپریالیزمی و زایۆنی و رەگەزپەرستی یە .

هەروەها نابێ ئەوەشمان لەبیربچێت کە دوای روخاندنی (شا) گەلانی ئێران چاوەڕوانی ئەوەبوون کە ئامانجەکانیان لەرووی ئابووری و سەربەستی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و سیاسی یەوە بێتەدی بەڵام رژێمی رەگەزپەرستی ئێران یەکێ لەو لەڵێنانەی کاتی روخاندنی (شا) بەگەلانی ئێرانیان دابوو وەك لەناوبردنی دەربەگایەتی و دابەش کردنی زەوی وزار بەسەر جووتیاراندا و ... هتد .. نەیهێنایەدی بە بیانووی ئەوەوە کە لەگەڵ عێراقدا لەجەنگدایەوەهات گەورەترین بڕگەی یاسای چاککردنی کشت و کاڵی وەستان کە دەسنیشان کردنی خاوەندارێتی زەوی وزارو لەناوبردنی ئەو دۆخە دەربەگایەتی یە بوو کە لە ئێراندا هەیەو لە ژمارەی (٣٧) ملیۆن خەڵك (٢٣) ملیۆنی خەڵکی ئێران ئەم بێ زەوی وزاری یە دەیانگرێتەوەو لەسەدا پەنجای خێزانەکانی لادێ زەوی وزاریان نی یەو ئەگەر خێزانێکیش هەیبێ لەسەدا ١/٦ لەزەوی وزاری کشت و کاڵی هەیە بەڵام دەربەگ و پیاوانی ئاینی کە ژمارەیان (٢٥٠) هەزار کەسە لەسەدا بیستی ئەو زەوی وزارانەیان بەدەستەوەیە کە بۆ کشت و کاڵ دەستدەدەن و رژێمی ئێران لەم ڕووەوە هات خۆی لەیاسای چاککردنی کشت و کاڵ دزی یەوەو هات ملیۆنێك و شتێ هێکتاری لەو زەوی وزارانەی کە بەپێز نین بەسەر هەژاران و جووتیارانی دەوڵەمەندو کە (٨٥٠) هەزاری بۆ بەکارهێنانی کاتی بوو ، (٦٣٠) هەزار هێکتاری بۆ ئەو کەسانە بوو کە دەرامەتیان باش بوو جا یان پاسەوانانی خومەینی بوون یاخود ئەوانە بوون کە لە دەزگاکانی دەوڵەتدا کاریان دەکرد .. بەرهەمی کشت و کاڵی ئێران بەم پێیە ڕووی لە نووشووستی کردو بەبەراوردکردن لەگەڵ ساڵی ١٩٧٩ دا لەسەدا چل هاتەخوارێ و بەرهەمی پیشەسازیش بەبەراوردکردن لەگەڵ سەردەمی (شا) لەنیوە زیاتر هاتەخوارێ .

گەلانی ئێران لەسەرەتای هاتنی پیاوە ئاینی یەکان بۆ وەرگرتنی کار لەئێراندا و دوای کەوتنی (شا) زوو هەستیان بەوە کرد کە کاربەدەستانی تازەی ئێران ئەو بەڵێنانەی کە دابوویان بە گەلانی ئێران درۆیەو هیچ شتێکیان بۆ ناکەن بۆیە هاتن دەستیاندایە خەباتی چەکدارانەو داوای مافو خواستی رەوای خۆیان کردوو دژی ئەو شەڕە وەستان کە کاربەدەستانی ئێران دژی عێراق بەرپایان کرد بۆ ئەوەی بەم رێیە گەلانی ئێران تووشی سەرگەردانی و برسێتی و کوشتن و برین بکەن .. بەڵام گەلانی ئێران ئەم مەبەستە پۆخڵەی کاربەدەستانی ملی پێ کەچ نەکردن و توانیان خەباتی سیاسی یان لەگەڵ خەباتە چەکدارانەکەیاندا بگەیەننە جەرگەی شارەکان و دەستەویەخە دژی ئەو رژێمە تێبکۆشن .

بەڵێ بەم پێیە رژێمی رەگەزپەرستی ئێران وەك ویستی گەلانی ئێران بەرێی برسێتی و هەژاری و دەربەدەری یەکی ئەوتۆدا بات کە نەتوانن سەری خۆیان بخوورێنن هەروەها لەم دەمەشدا کە زایۆنی دوژمن هێرشی نارەوا لە لوبنانداو دەباتە سەر گەلی مەزنی فەلەستین و لوبنان (وەك خۆیان بە پێشکەوتنخوازو موسڵمان دەزانن) لەجیاتی ئەوەی بچن یارمەتی ئەوان بدەن و دژی زایۆنی شەڕ بکەن هاتوون عێراقیشیان بەم شەڕەوە خەریك کردووە بۆ ئەوەی نەتوانێ یارمەتی ئەو دوو گەلە قارەمانە بدات کە زایۆنی بەسەرکردایەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لێیان دەدات و دەیەوێ لەناویان بات .. ئەمەش چاکترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە کاربەدەستانی ئێران نەئاینین و نەپێشکەوتنخوازو نە لەگەڵ گەلانی ئازادیخوازن .

جا کەوابوو چنۆکی رژێمی رەگەزپەرستی ئێران و سووربوونی لەسەر نەوەستاندنی شەڕ .. وا دەکات کە عێراقی یەکان بەکوردو عەرەب و کەمە نەتەوەیی کانی کەوە دلێرانە بەرگری لەخاك و سەربەستی و کامەرانی خۆیان بکەن و ئەو کاری کوشتن و برین و وێرانکاری یە کە دوژمنەکەیان بەرامبەریان ئەیکات وا لەنووسەرو هونەرمەندو

بروانە ل : ١١

Institut kurde de Paris

دەق و وتارە مێژوویە گرنگەکەی ٢٥ی تەممووزی سەدام حسین لە یادی ١٤ ساڵەی شۆڕشدا

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ئەی ڕۆڵەکانی عیراقی خۆشەویست

ئەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبی بەڕێز لەم ڕۆژە پیرۆزەدا چواردەهەمین یادی شۆڕشی حەفدە سی تەموزی پیرۆز شۆڕشی گەل لە پێناوی سەربەستیو سەرفرازیو پێشکەوتنو دا دوەریو عیزەتو کەرامەت ٠٠ شۆڕشی هەموو عیراقییەکان لە پێناوی ئەو عیراقەدا ئەکەینەوە کە هەموو ئەوانەی کە لە کاروانی نیشتمانیدا لە نەوەی ئەم دەستەیەو نەوەکانی دەستەکانی پێشوو خەباتیان کردووەو خەویان بەم شۆڕشەوە ئەبینیو ٠٠ ئێمە سوپاسی خوا ئەکەین کە ئەو خەیاڵەی دەیان ساڵ لە مێشکی نەوەکانی ئەم میللەتەدا بوو هاتەدیو بووە واقعێك کە هەموو عیراقییەك لە ژێر سایەیدا ئەژینو لە سێبەریا عیزەتو بەرزیو فەرو پێتیان لێی دەستگیر ئەبێ ٠

گرنگی مێژوویی هەموو شۆڕشێك لە جیهاندا لە هەر کوێیەك بێ ئەتوانێ کە پر بە پێستێکی ڕاستەقینەی ئاواتو ئەو خواستانە بی کە گەلو دەستە ڕۆشنبیرەکانی ئەو شۆڕشە خەویان پێوە ئەبینیو ئەشتوانێ پارێزگاری ئەو ناستامەیە بکاتو بۆ درێژە پێدانی پەیوەندی زیندووە بێ گەردی لەگەل گەلو لە گەل خواستو پێویستیو مەبەستە نوێ بووەکەو پێشکەوتووەکانی سەری بخات ٠

ئێمە بە دڵسۆزییەوە باوەڕمان وایە ئەو شۆڕشەی کە پێش چواردە ساڵ بەرپا بوو پرۆژەیەکی نیشتمانییەو بەرپرسیارێتیشی بەتایبەتی لە ئەستۆی ژمارەیەك لەو تێکۆشەرانەیە کە باوەڕیان بە گەلو بە دوا ڕۆژەو ئەوانەش تێکۆشەرانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستن ٠

شۆڕشی هەموو عیراقییەکان

ئەم شۆڕشەو بەدرێژایی ئەم ساڵانە بە یارمەتی خوا لەوەدا سەرکەوت کە ببێتە شۆڕشی هەموو عیراقییەکانو بۆ هەموو عیراقییەکان بێ لە ئەقاندنەوەی شۆڕشو بریتی ڕێگەی نارەحەتی لە بەردەمی بەرەنگار وەستانو پیلانەکانو ٠٠ ناخۆشیو ٠٠ بەرامبەر دۆخی تێکدانو شێواندنو نەسرەوتنو تەنانەت بێزاریش ٠٠ ئەو دۆخەی کە لە پێش تەقیندنەوەی شۆڕشو لە سەردەمی قۆناغی یەکەمیدا لە عیراقو لە ناو هەموو نیشتمانی عەربیدا هەبوو حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەرپرسیاری مێژووی خستە ئەستۆی خۆی ٠

حزب ئەم بەرپرسیاریەی نایە ئەستۆی خۆیو ئەگەر هەر خۆشی بوایە ئەبوایەبینایە ئەستۆی خۆی چونکە ئەو حزبە مێژوویی و پێشڕەوە بوو کە بە پەرپرسیاری خەباتی نەتەوەیی و بەبەرپرسیاری خەبات لە ڕێی سەربەستیو سەرفرازیو ٠٠ یەکێتیو ٠٠ ڕاپەرین لە عیراقو لە نیشتمانی عەرەبدا هەستێ ٠ هەروەها حیزب ٠٠ بە واتای وشەی تەسك یاخود بۆ داگیرکردنی دەسەلات ٠٠ یان داگیرکردنی بەرپرسیاری٠٠ حزب شۆڕش بە شۆڕشی حزبی دانانێ ٠٠ سەرنجی حزب سەرنجێکی میللیانەیە ٠٠ ئەویش ئەوەیە کە نوێنەری گەل بێ ٠٠ دەربڕیو یژدانی بێ ٠٠ خزمەتی ئەو بکاتو پێ بە پێستی خواستو قازانجو ٠٠ مەبەستەکانی بێ،حزب بە خەباتێکی نارەحەتو ٠٠ کاری بێ وچانو دان بە خۆداگرتن توانی لەم تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوێو ٠٠ پێویستییەکانی سەرشانی بەجێ بهێنێو ٠٠ لە نێوان حزبو جیاکەرەوەیەکی دەروونیو مادی نەما ٠٠ حزب وای لێهات بووە هەموو گەلو گەل بووە حزب ئەمە بێ ئەوەی لەو چوونە ناوەوەوە ڕێك‌وپێکی‌یەدا مەرج دابنێین کە ئارەزوویەکی سەربەستانەی ئەو هاووڵاتە عیراقییانەی کە ئەیانەوێ لە چوارچێوەی ڕێکخراودا کار بکەن ٠٠ هەموو عراقییەك لەوانە ڕێکخراوی حزبیو نارێکخراون وایان لێهات باوەڕ ٠ بە بیروباوەڕەکانی ئامانجە بنەڕەتییەکانی حزبو شۆڕش بکەنو وایان لێهات بەرگری لێبکەنو وایان دائەنا کە بیروباوەڕی ئەوانو ئامانجەکانی ئەوانە٠٠ ئەمەیە دەسکەوتی گەورە ئەمە ئەو دۆخەیە کە ئەتوانین لێیەوە بەرەنگاری هەموو مەترسیو پیلانێك ڕاوەستینو لێوەی هەموو نارەحەتییەك ببڕینو کاروانی بیناکردنو عیزەتو کەرامەتو ئەو هێزەی کە پارێزگاری هەموو نرخێکی بە فەر بۆ نیشتمانو گەل ئەکات بەرەوپێشەوە ببەینو ٠٠ ئێمە بە بڕوایەکی تەواوەوە کاتی کە دووپاتی ئەوە ئەکەینەوە ئەم شۆڕشە شۆڕشی هەموو عیراقییەکانە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ وڵات بە تەواوی چۆڵی ئەوانەیە کە باوەڕیان بە ڕێڕەوی شۆڕشەکە نیەو لەوانەش کە پیلان دژی عیراق ئەکەنو تەقەللای وێران‌کردنی ئەدەن ، بەڵام بەخوا ٠٠ ئەوەی من ئەیزانم ئێوەش ئەیزانن کە ئەوانە زۆر لە کەم کەمتریو گەل جارەی ناوێنو ڕقی‌لێیانەو ئەوانەش پەیوەندیان بە خاك‌و ئاوو ئاسمانی عیراقەوە نەماوەو ئەم پەیوەندییەیان لە ڕێگەی ڕقو نەخۆشیو سەر بە بێگانەییانەوە بۆتە بارێکی نەخۆش‌و شازو ، بگرە بە عیراقییەکانو هیواو قازانجی عیراقییەکان بێگانەن لەبەر ئەوە ئێمە لەگەل ئەو دۆخەدا هەر ئەو بەشە کەمە ئەبن لە چوارچێوەی کاری نیشتمانیدا ئەجوولێینەوە ٠٠ ئەمەش لەبەر ئەوە نا کە بە ڕێی حسابی کارکردن ئەیخەینە پشت گوێ ، لەبەر ئەوەیە کە ئەو دۆخەی‌مردووەو بەرەو نەمان ئەچێ لە سەرەمەرگدا ئەبێ ٠

سەرکەوتنەکانی بەرنامەی شۆڕش

ئەی عیراقییە دلێرەکان بەرنامەی نیشتمانی شۆڕشەکەتان سەرکەوت ٠ پێتان نایە سەر ڕێگەی ئازادیو ٠٠ کەرامەتو ٠٠ عیزەتو پێشکەوتنو ٠٠ لەم ڕێگەیەدا هەنگاوی فراوانتان ناو پشت بەخواو پشت بە کۆششی ئێوە ئەی نەبەر دەکان هێزێك لەسەر زەویدا نیە بتوانێ ئەم ڕاستییە بگۆڕێ ٠

ئەو دۆخەی کە ئەمڕۆ تیایا ئەژین ٠٠ دۆخی عیراقی سەربەستو ٠٠ بە هێزو ٠٠ باڵا ٠٠ کە دروشمەکان دادەڕێژانە بەسەریا دەشەکێتەوەو چەند نارەحەتیو پیلانو ٠٠ مەبەستی ڕق لێبوونەوە لە دوژمنەوە دەورەمان لێبدەن ٠
نیشانەی خۆش‌گووزەرانیو عیزەو بە یارمەتیو بە خواستیخوا بووە بە دۆخێکی چەسپاوو دۆخێکی بەردەوام ٠

من ئەم بروایە ٠٠ ئەم خۆشییە دەر ئەبڕمو ٠٠ لە بەردەمتانا سەرنجی تایبەتی خۆمو ٠٠ سەرنجی هاوڕێیانم لەسەرکردایەتیدا بەرامبەر بە کارو واقع ئاوەژوونا‌کەمەوە ٠٠ بگرە ٠٠ ئەو دۆخە دەرئەبڕم کە پێتان ئەگەم لە چاواتانا ئەبینمو لێتانی ئەبیستم کە بریتییە لە ڕاستییەکی قوڵ کاتێ کە قسە ئەکەنو لە جووڵانەوەتاندا کاتێ کە ئێوە لە هەموو مەیدانێکدا ئیش ئەکەنو ٠٠ کاتێ کە لە سنوور ئەجەور ئەجەنگنو ٠٠ کاتی کە کارگەی پیشەسازی درووست ئەکەنو ٠٠ کاتێ کە زەوی ئەکێڵنو ٠٠ کاتێك لە قوتابخانەو ئامۆژگەکاندا ئەخوێننەوەو فێر ئەبن هەستی یێ ئەکەم من ئەم دۆخە لە عیراقدا ئەبینم ٠٠ لە هەموو شارودێیەکدا سە ریان لێ‌ئەدەمو ئەیانبینمو هەستیان پێ‌ئەکەم ٠٠ لە بزوتنەوەی لاواندا ئەیانبینم ئەدرەوشێنەوە ٠٠ لە چاوی منداڵو لاوو پیرداو ٠٠ لە چاوی سووپایی‌و شارستانیدا ئەیانبینم زۆر پرشنگدارن

شۆڕشەکەمان هەمیشە زیندووە

ئەو شۆڕشەی کە ڕێزو سۆزی پیرانی هەیەو ٠٠ کە جوڵێنەری هۆکانی هێزو چوونە پێشەوەو نایاب کاریی‌یە ٠٠ شۆڕشێ کە منداڵ بە گۆرانی‌یەوە بیلێ ٠٠ کە ئافرەتان لەسە بیروباوەڕەکانی ئەو منداڵەکانیان بەروەردە ئەکەن ٠٠ شۆڕشێك سڵی مەترسیداری لێ‌ئەکرێ ٠٠ بە یارمەتی خواو بە خواستی ئێوە شۆڕشێکی زیندووەو ٠٠ شۆڕشێکی پێشکەوتووە ئەی عیراقییە خۆشەویستەکان ئا ئەوەیە شۆڕشەکەتان ٠٠ بەخوا من باوەڕو ئیمانم بە ئیستا هەیەو ٠٠ دوا ڕۆژ وام لێ‌ئاکات کە خەو بەوەوە ببینم کە ئێوە خەوی پێوە ئەبینن‌و ٠٠ بڕواشم بە توانای هێنانەدی هەموو ئەو ئامانجانە هەیە کە ئیمانتان پێ‌یەتی‌و ٠ ٠ ئەمانەش هەموو لە باوەری ئێوەداو ولەو ئیمانەتانەوە کە توانای بێ‌هاوتاتان لە بەخشش‌و نایا بکاری‌و خۆڕاگرتندا هەیەو ٠٠ لەو ئیمانەشمانەوە کە ئێمە لە بەرنامەکەماندا‌و لەسەر هەقین‌و ، لەو نیازە چاکانەدا کە لە دەروونی هەموواندا هەیە بەرچاوم نەکەوێ ٠

کۆنگرەی نۆیەم ڕووداوێکی نیشتمانییە

بڕایان ٠٠

لە مانگی ڕابووردوودا حزبەکەتان کۆنگرەی نۆیەمی قۆناغی بەستو ٠٠ ئەمەوێ ئەم بۆنەیە لە دەست نەدەم بۆ ئەوەی باسی ئەو کۆنگرەیەتان بۆ بکەم ٠٠ کۆنگرەی حزب تەنیا ڕووداوێکی تایبەتی حزب نەبوو ٠٠ لە عیراقی نوێدا کە شۆڕش بینای کردووە ٠٠ ڕووداوێکی نیشتمانییە ٠٠ لە سەرکردایەتیدا ویستمان کە کارەکانی ئەم کۆنگرەیە پێش ئامادەکردنی کۆنگرەو ٠٠ کاتی بەستنی کۆنگرەکە لە لایەن هەموو گەلەوە بڕانێ ٠٠ بەڵام بەهۆی ئەو دۆخەوە کە دەوری وڵاتی داوەو بۆ ئەوەش کە بۆ دوژمنی دەرەوەمان هیچ هەڵێ نەرەخسێنین کە بتوانی بەکاری بهێنێ بۆ تێکدان یاخود ڕاەستانی کاری نیشتمانی ناچاربووین کە پشت بەشێوازی ئامادەکردنی نهێنی ببەستین ٠

ئەی برایان کۆنگرەی نۆیەمی حزب لە وڵاتدا سەرهەڵدانێکی زیندووەو ٠٠ لە کاروانەکەماندا بەهەموو شێوەیەکی کە لێیان دووام بە هێزە ٠٠ بەم زوانە لەسەر خوا ٠٠ ڕاپۆرتی مەڵبەندی کە کۆنگرەکە بریاری لەسەر داوەو بە کورتی لە بەیاننامەیەکدا کە سەرکردایەتی ڕۆژی بیستو حەوتی حوزەیرانی ١٩٨٢ بڵاوی کردەوە بە درێژی بڵاوی ئەکەینەوە ٠٠ کاتێ کە بە درێژی ڕاپۆرتی مەڵبەندێ بڵاو ئەکەینەوە ٠٠ ئەو دەمە هەموومان ٠٠ حزبو گەلو دەزگاکانی دەوڵەتو ٠٠ ڕێکخراوە میللییەکان ٠٠ بەڵگە یەکی کاری ڕیندوو ٠٠ پێشکەووتوومان بە دەستەوە ئەبێ کە هەموو مەیدانەکان بگرێتەوەو ٠٠ بریتییە لە چارەسەرکردنی نیشتمانیو نەتەوەییو شۆشگێڕیو ٠٠ واقیعیو ٠٠ سۆشیالیستی ڕەواو ٠٠ دیموکراتی یەتێکی بەخشندە بەرامبەر بە هەموو مەسەلەیەك کە بەرەوروومان دێت ٠٠ هەروەها بریارەکانی کۆنگرە مەبەستی تواناداڕمان لە خۆڕاگرتنو ٠٠ دلێری دا٠٠ بۆ بەرگری‌کردن لە خاکی عیراقی خۆشەویست پتەو ئەکەن ٠

زیندوێتی شۆڕشو

سەرنەگرتنی نەخشەکانی دوژمن

بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی وڵات٠٠حاسیەتەکانی ئەو دۆخە بەراستی دەرئەبڕێ کە عیراقی تێدا ئەژیو ٠٠ بە تەواوی دووپاتی سەرنەگرتنی نەخشەکانی دوژمنانو ٠٠ گرەو کردنەکانیان لەسەر گێڕانەوەی سەعات بۆ دوواوەو ٠٠ تێکدانی ئەو قەوارە بەرزو نایابەی کە ڕۆڵەکانی عیراق بنیاتیان ناوە ئەکاتەوەو ٠٠ بەستنی کۆنگرەکەش نموونەی زیندویەتی حزبو شۆڕشو زیندوێتی گەلو ٠٠ پێویستییەکانی نیشتمانەو ئەوەش نیشانەی توانای حزبو شۆڕشە ٠٠ بۆ شی‌کردنەوەو لێکۆڵینەوەو چارەسەرکردنی بەشی زۆر ئەو گیروگرفتانەی کە نارەحەتو ئالۆزاونو ٠٠ بۆ دەرخستنی ڕێگەی ڕاست لە نارەحەتترین دۆخو ٠٠ لەو دەمەشدا کە دوژمنەکانوا چۆتە مێشکیانەوە کە ئێمە تووشی ئاژاوەو سەرسامیو پەشێوی ئەبین ٠٠ ئەو دوژمنانە لەسەر خەیاڵ ئەژین ٠٠ هیچ لە عیراق نازانن‌و ٠٠ نازان عیراقییەکان کێن‌و ٠٠ نە لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست‌و ٠٠ نە لە شۆڕشی مەزنی تەموز گەیشتوون ٠ ئەو دوژمنانە بە مەلەدا چوون لەوەدا کە بتوانن لە مەبەستو ٠٠ خواستمان‌و ٠٠ لە توانامان بۆ نەخشەکێشان‌و٠٠کارو ٠٠ بناکردن‌و٠٠ شەر کەم بکەنەوەو ٠٠ بەڵام هەمیشەو پشت بەخوا لوتیان ئەبێ بە لوتی توانای عیراقی نوێو ٠٠ بەوزەی توانادارو ٠٠ توانا نوێیەکانیو مەبەستە پۆلایی‌یەکەیەوە ٠

من تکا لە هەموو خەباتکەرانی حزبو ٠٠ لە هەموو ڕۆڵەکانی گەل ئەکەم ٠٠ هەر یەك لە شوینی خۆیەوەو بە پێی دەوری لە کاری نیشتمانیدا ٠٠ کە پشت بەو بەرنامەیە ببەستێ کە کۆنگرەی نۆیەمی وڵات بریاری لەسەر داوە ٠٠ پشت گرتنێکی ٠٠ ڕەسەنانەو ٠٠ بە تواناو ٠٠ بەهرەدارانە ٠٠ بۆ بەردەوام‌بوونی کاروانی سەربەستیو سەرفرازیو ٠٠ هێزو ٠٠ عیزەتو کەرامەتو ٠٠ بەختیاری بۆ بەردەوام‌بوونی بنکەی بە هێزو ٠٠ چەسپاوو ٠٠ پێشکەوتووی ناو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی عەرەبو ٠٠ بە ساکاریو شەرفمەندو ٠٠ بە باوەری خاوەنانی نامە نموونەو وێنە پێشکەش بە براکانیان لە نیشتمانی گەورەی عەرەبدا بکەن ٠

دەستپێشکاریی‌یە ئاسایشییەکانمان ٠

ئەی ڕۆڵەکانی عیراقی ٠٠

ئەی پیاوە دلێرەکانی ناو هێزە چەکدارەکان لە بیستی حوزەیرانی ڕابووردوودا ٠٠ بە دوورو درێژی باسی ئەو شەڕەم بۆ کردن کە دوژمنکارێتی ئێران بەرامبەر بە وڵاتەکەمان ئەیکە ن ٠٠ ئەوەی ئەو ڕۆژە کەوتمان ڕاستی دەرئەبڕێو ٠٠ ڕووداوەکان دووپاتی ئەکەنەوە ٠

لەو هەستەمانەوە کە بە ڕەپرسیاریمانە بەرامبەر بە نیشتمانو ٠٠ ئەتەوەو ٠٠ بیروباوەڕ ٠٠ بریاری کشانەوەمان لە خاك‌و شارەکانی ئێراندادا ٠ ٠ئەم بریارەشمان لەسەر حسابی وردەکاری دارێژرابوو٠٠ لە هەموودۆخو شتێکی چاوەڕوان کراومان کۆڵی‌یەوە ٠٠ لە جیاتی ئەوەش کە کاربەدەستانی تاران کارێکی ئەوتۆ بکەن ئەو بریارە زەمینەکی ئاشتی نێوان هەردوو وڵات بێ ٠٠ هەر وەك چاوەڕوانمان ئەکردو لە وتەکەداو پێش ئەو وتارە لەسەر ڕێبازە دوژمنکاری‌یەکەیان سووربوونو دژی عیراق هەڕەشەیان ڕانەگرتو ٠٠ لە نێوانیاندا پەتای ڕقو دوژمنکاری‌یەرەی سەندو ٠٠ هێندەی پێ نەچوو لە کەرتی بەصرەوە شەوی چواردەی تەموز تاوانی پەرینەوە یان لە سنوری عیراقیان کرد ٠

ئەمە بوو چاوەڕوانی بووین‌و ٠٠ ئەمانزانی ٠٠ بەڵام لەبەر؛ هۆی نیشتمانیو ٠٠ ئەتەوەیی‌و ٠٠ لەبەر ئەو هۆیانەی کە پەیوەند ئەبن بەرامبەر بەرپرسیاری نێو دەوڵەتانمانو زۆر پێویست بوو کاربەدەستانی تاران لە بەردەمی ئەو ئاقی‌کردنەوەیەدا دانێین کەراستیان تەواو دەرئەخاتو ٠٠ مەبەستەکانیان بەفراوانترین شێوەپیشان ئەداتو ٠٠ بۆ ئەوەش هۆکانی ئەو هەڵوێستە بەرگریکاری‌یەی کە وەرمان گرت بۆ بەرەنگار بوونەوەی دوژمنکاری‌و پێویستی‌یەکانی مەڵوێستەکانی ئەیلولی ١٩٨٠و تادانانی بریاری کشانەوەی ئەم دوایی‌یەتان سەرلە نوێو بۆتانو لەبەردەمتانا دووپات بکەینەوە ٠

مەڵوێستە دوژمنکاری یەکانی کار بەدەستانی تاران دژی عیراق لە ودەمەوە کە کاریان گرتۆتە دەستو دوژمنکاری چواری ئەیلولی ١٩٨٠ یان بۆسەرمانو سووربوون بە درێژایی ماوەی جەنگ لەسەر خەیالی بە ربڵاویان ٠٠ لەگەڵ زیان پێ گەیاندنو شکاندیانو دەست تێکە لاویان لەگەڵ زایۆنی‌و پشت‌گرتنیان لەگەڵ ئەوانەی ئەژادنامەی عەرەبیان مەڵگرتووە ئەوانەی کە ناپاکی مەسەلەی عەرەبنو ٠٠ ئەمانە هەموو بەلای ئێمەوە ڕوون‌کردنەوەو بەسن بۆ ئەوەی مەبەستەکانی ئەوکار بەدەستانە بزانین کە شەپۆلی نێو دەوڵەتان هێنانی بۆ ئەوەی پیلان دژی ئەتەوەی عەرەبو ٠٠ مەسەلەی عەرەب بکەنو ٠٠ چاوی ڕقو ٠٠ ژاراویان بریی‌یە عیراق ٠

دەستدرێژی‌یە تازەکەی ئێران

بڕایان ٠٠ پێش دەستدرێژی‌یەکە ٠٠ ئێمە پێویستمان بە بەڵگە نەبوو بۆ ئەوەی نیازە پیسەکانیانمان بۆ دەرکەوێ ٠٠ لەبەر ئەوە دەستمان‌دایە شیرو لە ئەیلوولی ١٩٨٠دا هەر کە لە چواری ئەو مانگەدا دەستیان‌کردە دەستدرێژی بۆ سەرمان کەوتینە شەڕ لەگەڵیان ٠٠ وا جارێکی تر هەوڵی تازەکردنەوەی دەستدرێژی‌یەکەیان دایەوە بۆ سەر خاکمانو بێنە ناو سنوورمانەوە هەرچەندە ئێمە لە خاکیان کشاوینەتەوە ٠٠ هەرچەندەیش داوای ئاشتی دەکەینو کۆمەڵگایی نێو دەوڵەتانیش داوای ڕاوەستانی شەر دەکا بەو شێوەیەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتان لە بریارەکەی ڕۆژی سیازدەی تەموزیدا دەری‌بڕی ٠

١٧-٣٠ تەموز لەوەدا سەرکەوتو بوو بە شۆڕشی هەموو عیراقییەکان

Institut kurde de Paris

عیراقیه‌کان بۆ یان خسته سه‌ر ڕێگای سه‌ربه‌ستی و ئابڕوو سه‌ربه‌رزی و پێشکه‌وتن ...

ده‌ق و وتاره مێژوویه‌ گرنگه‌کەی سه‌رۆکی فه‌رمانده‌ی «پاشماوه»

به‌ڵام هه‌ندێ لا پێویستیان به‌م به‌ڵگانه‌ بوو بۆ ئه‌وه‌ی ڕاستی‌یان بۆ ده‌رکه‌وێ ٠٠ ئێمه‌یش پێویستمان به‌وه‌ بوو ئه‌م ڕاستی‌یه‌ لای زۆرترین خه‌ڵك بزانرێ بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌وانه‌ی به‌ناو شوناسنامه‌ی عه‌ره‌بیان هه‌یه‌و له‌گه‌ڵ ڕژێمی خومه‌ینی‌دا ده‌ستیان تێکه‌ڵ‌کردوه‌ نه‌توانن له‌سه‌ر هه‌ڵخه‌له‌تاندنی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب یا به‌شێکی زۆری بڕۆن‌و ڕاستی بکۆڕن ٠

ئیسته‌ هه‌قمان هه‌یه‌ بڵێین ئه‌وانه‌ی هاوسوێندی خومه‌ینی‌بوون‌و ده‌ستیان له‌گه‌ڵیا تێکه‌ڵ‌کردوه‌ له‌م ڕاستی‌یانه‌ بێ‌ئاگا نه‌بوون ٠٠ چونکه‌ دوای ئاشکرابوونی ئه‌م ڕاستی‌یانه‌ لای خه‌ڵکی هیچ هه‌ڵوێستیان نه‌گۆڕا ٠٠ به‌ڵکو به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ ئه‌م بێ‌ئابڕوویی‌یه‌ وای‌لێ‌کردن زیاتر کینه‌یان له‌ دڵدا بێ‌و زیاتر سووربن له‌سه‌ر دوژمنایه‌تی عیراق چونکه‌ ئه‌وه‌ ئه‌زانن که‌ ئابڕووچوونیان‌و ئاگادار بوونی جه‌ماوه‌ری عه‌ره‌ب له‌مه‌و مانه‌وه‌ی عیراق به‌ بته‌وی‌و نه‌به‌زی ئه‌یانخاته‌ به‌ر حیسابێکی سه‌خته‌وه‌ ٠٠ چ ئیسته‌ چ له‌ دواڕۆژدا له‌سه‌ر ئه‌و تاوانه‌یان که‌ به‌ ده‌ستی ئه‌نقه‌ست به‌رامبه‌ر نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب‌و عه‌ره‌ب ده‌یکه‌ن ٠

هه‌ڵگرانی شوناسنامه‌ی عه‌ره‌بی هه‌ڵوێستی خۆیان له‌ پشتگرتنی ڕژێمی گومان‌لێکراوی خومه‌ینی‌دا دژی عیراق له‌سه‌ر ئه‌و هیوا درۆیه‌ بنیات‌ناوه‌ که‌ ڕژێمی تاران بڵاوی ده‌کاته‌وه‌ که‌وا لای نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب ده‌گرێ له‌ خه‌باتیا له‌ پێناوی ئازادکردنی فه‌له‌ستیندا‌و که‌وا ئامادەیه‌ قوربانی گه‌وره‌ له‌پێناوی ئه‌مه‌دا پێشکه‌ش‌بکا‌و هه‌روه‌ها له‌سه‌ر ئه‌و درۆیه‌ی تریش که‌وا ئه‌وان خاوه‌نی و ئه‌وان تێکۆشه‌ری پێشڕه‌وی مرێگای فه‌له‌ستینن ٠٠ به‌م جۆره‌ جه‌رده‌یه‌کی ته‌له‌که‌بازی له‌گه‌ڵ یه‌ك‌ڕێکه‌وتوو دژمان به‌یدابوون ٠٠ به‌ڵام که‌ قه‌وما ٠٠ هه‌موو شتێك ڕوون بوه‌وه‌و ئه‌وانه‌ی ناوی تێکوشانیان ئه‌برد له‌پێناوی فه‌له‌ستینداو هاوکاری عه‌ره‌بیان تێکدا ئه‌وه‌ی له‌ لووتکه‌ی به‌غدادا بڕیاری له‌سه‌ردرا کاتێ که‌ زایۆنی‌یه‌کان هێرشیان برده‌سه‌ر لوبنان ده‌سته‌وسان ڕاوه‌ستان‌و که‌وتنه‌به‌ر تاقیکردنه‌وه‌ی ڕاستی ٠

هاوسوێندی ئێران‌و زایۆنیزم

ڕژێمی فێڵ‌و ته‌له‌که‌بازی تاران ، ئه‌وه‌ی که‌ له‌گه‌ڵ زایونیزمی دوژمندا خۆی هاوسوێند کردوه‌و چه‌ك‌و شاره‌زایی‌و زانیاری لێوه‌ وه‌رده‌گرێ بۆ ده‌ستدرێژی‌کردنه‌ سه‌ر عیراق به‌ ته‌واوی ئاشکرابوو ٠٠ کاربه‌ده‌ستانی تاران ئه‌یانوت ئه‌یانه‌وێ شه‌ر له‌گه‌ڵ زایۆنی‌به‌کانا بکه‌ن له‌ لوبنان ٠٠ بۆ ئه‌مه‌یش پێویستیان به‌وه‌یه‌ هێزه‌کانیان به‌ خاکی عیراقدا تێپه‌ڕبێ‌و بڕوا بۆ لوبنان ٠٠ لایشیان وابوو ئێمه‌ ڕازی نابین ٠٠ ئه‌نجا ئه‌و کاته‌ ده‌یانوت عیراق ڕێی نه‌داین ئه‌گینا لوبنانمان ئازاده‌کرد ٠٠ به‌ڵام ئێمه‌ پێمان وتن فه‌رموون‌و هێزه‌کانتان به‌ خاکی عیراقدا به‌رن بۆ لوبنان ئه‌گه‌ر له‌ ڕاستیدا ئێوه‌ ده‌تانه‌وێ شه‌ڕ له‌گه‌ڵ زایۆنی دوژمندا بکه‌ن ٠

شۆڕشی هه‌موو عیراقیه‌کان

ئه‌نجا ده‌یانوت ئێمه‌ چۆن شه‌ڕبکه‌ین‌و عیراق خاکی داگیرکردبین ٠٠ له‌به‌ر ئه‌وه‌ بڕیاری کشانه‌وه‌مان دا له‌ هه‌موو خاکیان ٠٠ به‌م‌جۆره‌ هێزه‌ چه‌کداره‌کانیان له‌باری شه‌ڕ ڕزگاریان ده‌بێ‌و ده‌توانن به‌رامبه‌ر زایۆنی دوژمن به‌کاری بێنن ئه‌گه‌ر به‌ ڕاستی ئه‌مه‌یان بوێ ٠٠ له‌ هه‌مان کاتیشدا هێزه‌کانی عیراق ئازاده‌بن بۆ ڕووبه‌ڕووچوونی ئه‌و پیلانه‌ گه‌وره‌یه‌ی که‌ دژی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب‌و گه‌لی فه‌له‌ستین ده‌کرێ ٠ به‌ڵام ئه‌و ته‌له‌که‌بازانه‌ی که‌ هه‌نگاوه‌کانی عیراق ئابڕووی پێ‌بردن خێرا خۆیان به‌ ته‌واوی ئاشکراکردو وتیان ئامانجی سه‌ره‌کیمان به‌گژاچوونی عیراقه‌و ڕێگای فه‌له‌ستین به‌ داگیرکردنی عیراقدا تێده‌ په‌ڕێ ٠٠ که‌ وابوو ئه‌بێ نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب ڕێگه‌ به‌ خومه‌ینی بدا عیراق ڕامالێ بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌وو بیگن له‌ لوبناندا‌و ڕه‌نگه‌ له‌ خاکی تری عه‌ره‌بیشدا ده‌ست بخه‌نه‌ ده‌ستی یه‌ك ٠٠ به‌ڵێ ئه‌مه‌یان ده‌وێ‌و ٠٠ ئه‌مه‌یه‌ ئه‌و نه‌خشه‌یه‌ی که‌ کێشراوه‌و ئه‌مه‌یه‌ ئه‌و ڕێبازه‌ی که‌ خومه‌ینی گرتوویه‌تی له‌و ڕۆژه‌وه‌ که‌ ده‌سته‌ڵاتی گرتوه‌ته‌ ده‌ست ٠

ئه‌مه‌یه‌ مه‌به‌ستی ئه‌و سوێنده‌ی که‌ له‌ نێوان کاربه‌ده‌ستانی تاران‌و ته‌ل‌ئه‌بیبدا دژی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب خوراوه‌ ٠

پاش ئه‌وه‌ی ئه‌مه‌ هه‌مووی زانراو ئاشکرا بوو وه‌نه‌بێ هه‌ڵگرانی شوناسنامه‌ی عه‌ره‌بی له‌ هه‌ڵوێسته‌کانیان پاشگه‌ز بووبنه‌وه‌ به‌ڵکو به‌پێچه‌وانه‌وه‌ به‌ره‌و تاران ڕۆیشتن و زۆریان له‌ کاربه‌ده‌ستانی تاران ده‌کرد که‌ له‌سه‌ر هێرشه‌که‌ی بڕوا بۆ سه‌ر عیراق ٠٠ له‌و کاته‌دا که‌ زایۆنی دوژمن لوبنانی داگیرکردوه‌و له‌و کاته‌دا که‌ نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب پێویستی به‌ هه‌موو سه‌ربازێك له‌ سه‌ربازه‌کانیه‌تی و هه‌موو دانه‌ تفه‌نگێکی بۆ به‌رامبه‌ری ئه‌م ده‌ستدرێژی‌یه‌ پێویسته‌ ٠

ڕژێمی سووریاو نه‌خشه‌ زایۆنی‌یه‌ پیسه‌که‌

ئه‌و هه‌ڵگرانه‌ی شوناسنامه‌ی عه‌ره‌بی که‌ پێش چه‌ند مانگێك هه‌ر کار به‌ده‌ستێکی عه‌ره‌بیان بینیایه‌ له‌و کاته‌دا که‌ شه‌ڕ له‌ خاکی ئێراندابوو پێیان ده‌وت ئه‌وان دژی ئه‌وه‌ن که‌ ئێران خاکی عیراق داگیربکا ٠٠ جوولەیان لێوه‌ نه‌هات که‌ ئێران ده‌ستدرێژی کرده‌ سه‌ر خاکی عیراق ٠٠ نه‌ك هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ به‌ڵکو له‌و کاته‌دا که‌ هێزه‌کانی ئێران هێرشیان ده‌برده‌ سه‌ر خاکی عیراق فرۆکه‌کانی ڕژێمی سووریا زیاتر به‌ سه‌ر سنووری ڕۆژئاوامانا ده‌گه‌ڕان ٠

برایان ئه‌مه‌ ئه‌و نه‌خشه‌ زایۆنی‌یه‌یه‌ که‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ چه‌نده‌ها جار خه‌ڵکمان لێی ئاگادار ده‌کرده‌وه‌ ٠٠ ئه‌مه‌ ناوه‌ڕۆکی ئه‌و ڕێکه‌وتنه‌یه‌ که‌ هه‌ندێ له‌ هه‌ڵگرانی شوناسنامه‌ی عه‌ره‌بی له‌گه‌ڵ ڕژێمی گومان‌لێکراوی تاراندا کردوویانه‌ ٠ ئێمه‌ وتمان هه‌ر له‌ پێناوی عیراقدا له‌م سووره‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی نیشتمانی عه‌ره‌بدا شه‌ر ناکه‌ین ٠٠ به‌ڵکو له‌ جیاتی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب دژی ئه‌و نه‌خشه‌ ساماناکه‌ شه‌ڕده‌که‌ین که‌ ده‌یه‌وێ قه‌واره‌ی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب تێك‌بشکێنێ‌و بیکا به‌ ورده‌ ده‌وله‌تی بچووك بچووکی ناکۆك که‌ سه‌رشۆڕی ته‌ل‌ئه‌بیب‌و تاران و هه‌موو هێزه‌ بێگانه‌ ته‌ماعکاره‌کانی نێوده‌وله‌تانبێ ، ئێمه‌ ئه‌مه‌مان ده‌وت‌و خه‌ڵکمان له‌ مه‌ترسی‌یه‌کی ئاگاداردەکرده‌وه‌ ٠٠ ئێمه‌ له‌به‌ر ئه‌م هۆیه‌ شه‌ڕمان کردو قوربانیمان دا ٠

برایان ٠٠ ئه‌ی ڕۆله‌کانی نه‌ته‌وه‌ی پیرۆزی عه‌ره‌ب ٠ پێویسته‌ له‌سه‌رمان له‌سه‌ر خه‌باتی خۆمان به‌رامبه‌ر ئه‌م پیلانه‌ چه‌یله‌ بڕۆین ٠٠ دژی ئه‌و سوێنده‌ی له‌نێوان کاربه‌ده‌ستانی تاران‌و ته‌ل‌ئه‌بیبدا خوراوه‌ ٠٠ کاربه‌ده‌ستانی تاران له‌و کاته‌دا ده‌ستیان‌کرده‌ هێرش بردنه‌ سه‌ر خاکی عیراق که‌ لوبنان ٠٠ ئه‌گه‌ر بارودۆخی ناو نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب ڕێگای به‌ زایۆنی دوژمن دابێ که‌ هه‌ندێ له‌ ئامانجه‌کانی له‌ لوبناندا جێ‌به‌جێ بکا ٠٠ وا خوا ئاگاداردەکرده‌وه‌ ٠٠ ئێمه‌ له‌به‌ر ئه‌م هۆیه‌ شه‌ڕمان بارودۆخێکی وایان سازاند که‌ بتوانن هێرش‌به‌ره‌کان‌و پیلانه‌که‌یان گۆڕکه‌ن که‌ تاراسته‌ی وڵاته‌ خۆشه‌ویسته‌که‌یان کرابوو ٠

عیراقی‌یه‌ سه‌ربه‌رزه‌کان ٠٠ ئێوه‌ به‌ یارمه‌تی خوا سه‌رکه‌وتن‌و هه‌ر سه‌رکه‌وتوویش ده‌بن‌و ئه‌و بازووه‌ پۆڵایینی‌یه‌تان که‌ له‌ ماوه‌ی دووساڵ له‌مه‌وبه‌را ده‌ستدرێژی ڕژێمی تارانی تێکشکان ئه‌م ته‌قه‌لا تازه‌یه‌شی تێکشکاند که‌ مه‌به‌ستی داگیرکردنی عیراقی مه‌زن بوو به‌ یارمه‌تی خوا هه‌موو هه‌وڵه‌کانی تریشی تێك‌ده‌شکێنێ ٠

ئێمه‌ کاربه‌ده‌ستانی تاران ئاگاداردەکه‌ینه‌وه‌و له‌وه‌ی که‌ بیانه‌وێ به‌رده‌وام‌بن له‌ ده‌ستدرێژی کردنه‌ سه‌رعیراق‌و ٠٠ پێیان ده‌ڵێین وا ئێوه‌ له‌ سیازده‌ی ته‌مووزی ساڵی ١٩٨٢دا تاقیتان‌کرده‌وه‌ وه‌ك چۆن له‌ چواری ئه‌یلوولی ساڵی ١٩٨٠دا تاقیتان کرده‌وه‌ ٠ ئه‌گه‌ر له‌ بیریشتان چووه‌ له‌م دووساڵه‌دا به‌ هۆی شه‌ڕه‌که‌تانه‌وه‌ چیتان به‌سه‌ر هاتوه‌و به‌ڵگه‌ی زیاترتان ده‌ڕێ وا عیراقی‌یه‌ ئازاکان له‌ مه‌یدانی شه‌ڕدا له‌م ڕۆژانه‌ی رابووردوودا به‌ڵگه‌ی به‌هێزیان پیشان‌دان ٠٠ ئه‌و پیاوه‌ ئازایانه‌ی دووساڵ له‌ پێناوی عیراقی خۆشه‌ویستدا له‌ خاکی ئێراندا شه‌ڕیان کرد ٠٠ باش ده‌زانن له‌ ناو خاکی خۆیاندا چۆن به‌رگری له‌ لاتیان‌و شه‌ره‌ف و ئافره‌ت و منداڵ‌و به‌رووبوومو دواڕۆژیان ده‌که‌ن ٠٠ به‌ یارمه‌تی خوا ئه‌مه‌یان ئیسبات کرد که‌ ده‌ستدرێژی‌و ده‌ستدرێژی‌که‌رانیان به‌ جۆرێکی وا وردوخاش‌کرد که‌ نیشانه‌یه‌کی باڵای ئازایی‌و پاڵه‌وانی‌و به‌رگری بێ ٠

ئێمه‌ به‌م بۆنه‌یه‌وه‌ ڕوو ئه‌که‌ینه‌ گه‌لان و هێزه‌ چاکه‌کانی ئێران ئه‌وانه‌ی دژی ئه‌م تاقمه‌ ناله‌باره‌ ڕکینه‌یه‌ خه‌بات ده‌که‌ن که‌ هاوسوێندی زایۆنی‌یه‌کان له‌ دژایه‌تی عیراق‌و نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌بداو به‌م گه‌ڵ‌و هێزانه‌ ده‌ڵێین‌و ئه‌وانیش ئه‌وه‌ ده‌زانن زیاتر هیچی بۆ ئێران نه‌هێناوه‌و به‌رده‌وام‌بوونی ئه‌م ڕژێمه‌ له‌سه‌ر ئه‌م ئامانج‌و سیاسه‌ته‌ دوژمنایه‌تی‌یه‌ی هیچ سوودێك به‌ گه‌لانی ئێران نابه‌خشێ‌و گه‌لانی ئێران ئیستا بوون به‌ قوربانی ئه‌و پیلانه‌ زایۆنی‌یه‌ که‌ له‌ نێو ده‌وله‌تاندا کراوه‌و ئه‌م تاقمه‌ی هێناوه‌ته‌ سه‌رکار له‌ ئێراندا بۆ ئه‌وه‌ بیکا به‌ داری ده‌ستی خۆی له‌ ته‌قاندنه‌وه‌ی ناوچه‌که‌داو بۆ ئه‌وه‌ی ده‌یان ساڵ بیگه‌ڕێنێته‌وه‌ بۆ دواوه‌ بۆ ئه‌وه‌ی زایۆنیزم هێزه‌ نێوده‌وله‌تی‌یه‌کان جارێکی تر ببنه‌وه‌ به‌ گه‌وره‌ی ناوچه‌که‌و ئامانج‌و ته‌ماعه‌کانیان بێته‌ دی٠ سوودێکی هاوبه‌ش له‌ نێوان نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب ، که‌ عیراق به‌شێکیه‌تی‌و گه‌لانی ئێراندا هه‌یه‌ له‌وه‌دا که‌ به‌ره‌نگاری ئه‌م ڕێبازه‌ گومان‌لێکراوو پڕمه‌ترسی‌یه‌ ببن که‌ کاربه‌ده‌ستانی تاران سوورن له‌سه‌ر گرتنی ٠ پێویسته‌ گه‌لانی ئێران هه‌ست به‌ ئه‌رکی سه‌رشانیان بکه‌ن‌و ئابڕووی ئه‌م ڕێبازه‌ به‌رنێو به‌رگری‌بکه‌ن‌و به‌ره‌نگاری ببن‌و ئه‌وه‌ دووپات بکه‌نه‌وه‌ که‌ حه‌ز له‌وه‌ ده‌که‌ن که‌ به‌ ئاشتی‌و ناسوودەیی له‌ دراوسێیه‌تی عیراق‌و نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌بدا بژین‌و له‌ پێناوی ئازادی‌و ئاشتی‌و سه‌ربه‌خۆیی‌و پێشکه‌وتنی ئابووری‌و کۆمه‌ڵایه‌تیدا ٠

ئێمه‌یش له‌ عیراقدا ده‌توانین پارێزگاری وڵاتی خۆمان‌و گه‌ل‌و ده‌ستکه‌وته‌کانمان بکه‌ین که‌ به‌ ئاره‌ق‌و خه‌باتی بێ‌وچان وه‌دیمان هێناوه‌و به‌ یارمه‌تی خوایش سه‌رده‌که‌وین ٠

ده‌ستدرێژی زایۆنیزم‌و باری تێکچووی ناوعه‌ره‌ب ڕۆڵه‌ سه‌ربه‌رزه‌کانی عیراق

ڕۆڵه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی تێکۆشه‌ری عه‌ره‌ب

نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب له‌م ڕۆژانه‌دا به‌ بارودۆخێکی زۆر ناسکدا تێده‌په‌ڕێ به‌ هه‌موو مانایه‌کی وشه‌وه ٠ ئه‌و باری تێکچوونه‌ که‌ له‌م دواییه‌دا ته‌شه‌نئه‌ی کردوه‌ ئیسته‌ گه‌یشتوه‌ته‌ ڕاده‌یه‌کی زۆر خراپ‌و کارێکی زۆر پڕمه‌ترسی ده‌کاته‌ سه‌ر ئیستاو دوا ڕۆژی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب ٠

ده‌ستدرێژی زایۆنی شتێکی تازه‌ نیه‌ ده‌یان ساڵه‌ هه‌یه‌و به‌ینێ نابه‌ینێ به‌ شێوه‌یه‌کی جیاواز تازه‌ ده‌بێته‌وه‌ ، به‌ڵام ئه‌و شێوه‌یه‌ی ده‌ستدرێژی به‌که‌ی زایۆنی بێ‌کرا بۆسه‌ر لوبنان‌و گه‌لی فه‌له‌ستین‌و جوولانه‌وه‌ی به‌رگری فه‌له‌ستین له‌پێش هه‌موو شتێکدا ئه‌و باره‌ تێکشکاوه‌ ده‌رده‌خا که‌ بارودۆخی عه‌ره‌ب پێاوا تێ ده‌په‌ڕێ ٠

ئه‌و ڕاستی‌یه‌ی که‌ گومانی تێدا نیه‌و باوه‌ڕمان پێ‌یه‌تی ئه‌وه‌یه‌ ئه‌و شێوه‌یه‌ی که‌ ده‌ستدرێژی‌یه‌که‌ی ئه‌م دواییه‌ی زایۆنی پێ ته‌واوبوو توانای زایۆنیزم ده‌رناخا ئه‌گه‌ر به‌راورد بکرێ به‌ توانای سوپایی‌و ئابووری وسیاسی و ژماره‌ی خه‌ڵك ئه‌گه‌ر هه‌ر دانیش بنێین به‌ سه‌رکه‌وتنی زایۆنیدا له‌به‌ر ئه‌و هۆیانه‌ی که‌ زانراون ٠٠ به‌ڵکو ئه‌و بارودۆخه‌ تێکشکاوه‌ ده‌رده‌خا که‌ عه‌ره‌بی تیا ده‌ژی‌و مه‌به‌ستیشه‌ وابێ‌و به‌ تایبه‌تی نه‌خشه‌ی بۆ کێشراوه‌ بۆئه‌وه‌ له‌م کاته‌دا وابێ ٠

ئه‌و توانا سیاسی‌و سوپایی‌و دارایی‌یه‌ی که‌ نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب هه‌یه‌تی ، هه‌رچه‌نده‌ له‌وه‌ که‌متره‌ که‌ چاو تێر بکاو ئامانجه‌ ستراتیژی‌یه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب بهێنێته‌ دی ، له‌ توانایا هه‌یه‌ به‌ حیساباتێکی به‌ وێژدانانه‌ ئه‌م ده‌ستدرێژی نه‌هێڵێ به‌ شێوه‌یه‌ی ئیسته‌ی یا به‌ شێوه‌یه‌کی کاریگه‌رتر سه‌رکوتی بکاو ٠٠ دوژمن له‌ جێ‌به‌جێ‌کردنی ئامانجه‌کانی بێ به‌ش بکا که‌ مه‌به‌ستی بوو له‌م ده‌ستدرێژی‌یه‌ی ٠ ٠ به‌ڵام ئه‌و هۆیه‌ی که‌ ناهێڵێ ئه‌مه‌ بێته‌دی نه‌بوونی تواناو داڕایی پێویست نی‌یه‌ به‌ڵکو ده‌ست تێکه‌ڵ‌کردن‌و مه‌به‌ستی خراپه ٠

سوودی نه‌ته‌وه‌ له‌ تاقیکردنه‌وه‌کانی

باری ئیستا ڕێی ئه‌وه‌ نادا باسی هه‌موو شتێك بکه‌ین به‌ درێژی ٠٠ کاتی ئه‌وه‌یش دێ که‌ هه‌موو ڕاستی‌یه‌ك باس بکرێ ٠٠ به‌ڵام هه‌ندێ ڕاستی ئیسته‌ لای جه‌ماوه‌ری عه‌ره‌ب ئاشکرایه ٠

ئێمه‌ لێره‌دا خه‌ربکی موحاسه‌به‌کردن با ده‌رس‌دان نین به‌ خه‌ڵکی ٠٠ نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب ٠٠ نه‌ته‌وه‌ی زیندوو ٠٠ ئه‌و نه‌ته‌وه‌یه‌ی بیه‌وێ بمێنێ‌و سه‌ربه‌رخۆیی و سه‌ربه‌رزی خۆی بپارێزێ‌و شوێنی ڕاسته‌قینه‌ی خۆی بکرێ له‌ ژیانی نێوده‌وله‌تاندا پێویسته‌ له‌ ناخۆش‌ترین‌و ناسك‌ترین کاتدا ده‌رس‌وه‌رگرێ ٠٠ هه‌له‌یه‌ ئه‌گه‌ر یه‌کێ بڵێ کاتی ناخۆش‌و سه‌خت ڕێگای بیرکردنه‌وه‌ی وردو گه‌یشتنه‌ ئه‌نجامی ڕاست نادا ٠٠ ئه‌ی ئه‌بێ چ کاتێ ئه‌وانه‌ی مه‌سه‌له‌یه‌کیان هه‌یه‌ ڕێگای ڕاست بدۆزنه‌وه؟ کاتی سه‌خت‌و ناخۆش یه‌کم مامۆستای ئاده‌میزادو گه‌لان‌و جوولانه‌وه‌ی شۆڕشگێرانه‌یه‌و ئه‌گه‌ر سوود له‌م کاته‌ ناسکانه‌ وه‌رنه‌گرین بۆ گه‌یشتنه‌ ئه‌نجامی ڕاست هه‌ل له‌دەست ده‌دەین‌و هه‌مان هه‌له‌ دووباره‌ ده‌که‌ینه‌وه ٠

ئه‌خۆشیی بنه‌ڕه‌تی له‌م باره‌ی ئیستادا که‌ نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌بی پیا تێده‌په‌ڕێ به‌لای ئێمه‌وه‌ ڕووخانی هاوکاری عه‌ره‌بی‌یه‌ نه‌ك کزی ئه‌م هاوکاری‌یه ٠

له‌م ساڵانه‌ی دواییدا بناغه‌کانی هاوکاری عه‌ره‌بی ڕووخا به‌وه‌ی هه‌ندێ ڕژێمی عه‌ره‌بی هه‌ڵوێستی وا لابه‌لایان‌گرت که‌ بوون به‌ هۆی سه‌ره‌کی ئه‌م ڕووخانه ٠

خه‌یانه‌تی عه‌ره‌بی شوناسنامه هۆی ڕووخانی هاوکاری عه‌ره‌بی‌یه

ئه‌مه‌ مانای ئه‌وه‌ نیه‌ که‌ ئه‌وسا هاوکاری له‌ناو عه‌ره‌بدا به‌میزبوو و هه‌موو مه‌رجه‌کانی به‌ره‌نگاربوونی ده‌ستدرێژی زایۆنی و مه‌ترسی‌یه‌کانی تری تیابوو٠ بارودۆخی ناوعه‌ره‌ب مه‌رێ هێزبوه‌و ڕبوه‌ له‌ که‌م‌وکووڕی ٠٠ به‌ڵام تا کۆنگره‌ی تونس ڕاده‌یی که‌می هاوکاری له‌ناو عه‌ره‌بدا هه‌بوو که‌ به‌ربه‌ستی کاره‌سات ده‌بوو توانای ئه‌وه‌ی که‌ بارو دۆخ به‌ره‌و باشتر بڕوا به‌ڵام کرده‌وه‌ی هه‌ندێ کاربه‌ده‌ستی عه‌ره‌ب بوو به‌ هۆی شڵۆق‌بوون‌و ئه‌نجا ڕووخانی هاوکاری له‌ناو عه‌ره‌بدا ٠ یه‌که‌م تاوان که‌ به‌رامبه‌ر هاوکاری عه‌ره‌ب‌و بناغه‌ مێژوویی‌یه‌که‌ی کرابێ ڕاوه‌ستانی هه‌ندێ ڕژێمی عه‌ره‌به‌ به‌ شێوه‌یه‌کی راسته‌وخۆ له‌گه‌ڵ ئێراندا دژی عیراق ٠

ئێمه‌ لێره‌دا مه‌به‌ستمان ئه‌وه‌ نیه‌ ڕێگای بیرکردنه‌وه‌ ببڕین چونکه‌ هه‌موو ڕژێمێك مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه‌ دۆستایه‌تی خۆی له‌گه‌ڵ وڵاتاندا دیاری‌بکاو هه‌ڵسه‌نگاندنه‌ سیاسی‌و کۆمه‌ڵایه‌تی‌یه‌کانی خۆی دیاری‌بکاو ئه‌مه‌یش دژی بیروباوه‌ڕی هاوکاری ناو عه‌ره‌ب نیه‌ به‌ڵام کاتێ که‌ شه‌ڕ له‌ نێوان وڵاتێکی عه‌ره‌ب‌و وڵاتێکی بێگانه‌دا هه‌ڵگرسێ بار جیاوازه ٠ بنجه‌کانی هاوکاری له‌ناو عه‌ره‌بدا جۆره‌ ڕاوه‌ستانێکی تری ده‌وێ که‌ بڕێتی‌یه‌ له‌ هاوکاری له‌گه‌ڵ وڵاته‌ عه‌ره‌به‌که‌دا هه‌رچه‌نده‌ نه‌خێتکێتش به‌ هه‌له‌دا چووبێ ٠٠ مه‌به‌ستی هاوکاری له‌م کاته‌دا ئه‌وه‌یه‌ له‌سه‌ر خۆ هه‌وڵی چاك‌کردنی هه‌له‌که‌ بدرێ٠٠ خۆ ئه‌گه‌ر وڵاته‌ عه‌ره‌به‌که‌ له‌سه‌ر هه‌قبێ و ده‌ستدرێژی کرابێته‌سه‌ر ده‌بێ به‌

شۆڕشمان زیندوه‌و پیلان‌و نه‌خشه‌کانی دوژمنمان گۆڕ کرد ...

هه‌مو هێزێکه‌وه‌ له‌گه‌ڵیا ڕاوه‌ستین‌و له‌ هه‌موو بارودۆخێکدا ٠

ئێمه‌ ئه‌م قسه‌به‌مان پێش شه‌ڕمان کرد له‌گه‌ڵ ئێراندا ٠٠ له‌ ده‌وروبه‌ری کۆنگره‌ی تونسیشدا وئه‌مانه‌وه‌و له‌ هه‌شتی شوباتی ١٩٨٠یشدا بیروباوه‌ڕه‌کانیمان بڵاوکرده‌وه ٠٠ ئه‌مه‌مان وت له‌ کاتێکدا هه‌ستمان به‌ هێزمان ده‌کردو هه‌ستمان به‌وه‌ ده‌کرد که‌ ده‌توانین وڵاتمان له‌ ده‌ستدرێژی بپارێزین و له‌ مه‌یدانی شه‌ڕیشدا ئه‌مه‌مان ئیسبات‌کرد ٠ عیراق ئه‌و وڵاته‌ بێ‌هێزه‌ نیه‌ که‌ له‌ پێناوی ده‌ستکه‌وتی سیاسی ته‌سکدا ئه‌م بیروباوه‌ڕانه‌ بڵاوکاته‌وه‌ یا بیه‌وێ پارێزگاری‌یه‌کی تایبه‌تی له‌ خه‌ڵکه‌وه‌ ده‌ستکه‌وێ٠ عیراق ئیمانی به‌م بیروباوه‌ڕانه‌ هه‌به‌و به‌ڵگه‌بش بۆ جێ‌به‌جێ کردنیان پێشکه‌ش‌ده‌کاو ئاماده‌یی خۆیشی پیشان ده‌دا بۆ پێشکه‌کردنی چ قوربانی‌یه‌ك پێویست‌بێ له‌ پێناویا ٠ ئه‌مه‌ قسه‌ی عیراقی به‌هێزی توانایه‌ که‌ ده‌توانێ ئازایانه‌ خۆی بپارێزێ‌و ده‌رسی سه‌ختیش بدا به‌ ده‌ستدرێژی‌کاران ٠

ڕاوه‌ستان له‌گه‌ڵ وڵاتێکی بێگانه‌دا دژی وڵاتێکی عه‌ره‌ب هیچ حه‌رامێکی نه‌هێشت له‌ فه‌رهه‌نگی پێوه‌ندی ناوعه‌ره‌بدا و ده‌رگای خسته‌ سه‌رپشت بۆ هه‌موو جۆره‌ کرده‌وه‌یه‌کی به‌د له‌ ناوچه‌که‌دا و وای لێ هاتوه‌ هه‌موو ڕژێمێك ده‌توانێ چ هه‌ڵوێستێکی خراپ هه‌به‌ بیگرێ بێ‌نه‌وه‌ی چاوه‌ڕێی هیچ جۆره‌ سه‌رزه‌نشتێك‌بێ هه‌رچه‌نده‌ به‌ ده‌میش بێ ٠ دوای ئه‌مه‌ به‌شداری نه‌کردن له‌ کۆنگره‌ی لووتکه‌ی عه‌مماندا ٠٠ ئه‌م به‌شداری‌نه‌کردنه‌ که‌ بوو به‌ هۆی تێکدانی بناغه‌کانی هاوکاری عه‌ره‌بی ٠٠ ئه‌نجا ئه‌و سوپا کۆکردنه‌وه‌ بوو که‌ ڕژێمی سووریا له‌ سه‌ر سنووری ئه‌ردەن کردی‌و بوو به‌هۆی ئه‌وه‌ی باروودۆخی ناو عه‌ره‌ب زیاتر تێك‌بچێ و بشێوێ ٠

Institut kurde de Paris

بە بازووی پۆلاین هەموو ئەو هەوڵانە تێك دەشكێنین بیەوێ عیراق مەزن داگیر بكات ...

ئەم كردەوانە یەك لەدوای یەك كەلەكەیان كردو بارێكی سەیریان لەناوچەكەدا خوڵقاندو .. زایۆنی دوژمن هەستی بەوەكرد كە كات باشە بۆ ئەوەی نەخشە كۆنەكەی بۆ داگیركردنی لوبنان بهێنێتەدیو ئارەزووی خۆی بەسەریا داسەپێنێ و لە بەرگری فەلەستینی بداو ئاشتی زایۆنی بەسەر وڵاتانی ناوچەدا داسەپێنێ .

قەوارەی زایۆنی ئەم دەستدرێژیەی دواخست بۆ ئەوەی ئەنجامی ئەو شەڕە بزانێ كە هاوسوێندەكانی كاربەدەستانی تاران دژی عیراق هەڵیانگیرساندبوو .. زایۆنی دوژمن چاوەڕێی ئەوەیان دەكرد كە كاربەدەستانی تاران بتوانن عیراق بشكێنن و بیكەن بە چەند دەوڵەتێكی بچووكەوە و هەموو ناوچەكە بتەقێننەوە و بیكەن بە چەند دەوڵەتە وردیلەیەكی تایەفەچی وا كە خەریكی بەگژاچوونی یەكترین و لەژێر دەستەڵاتی ئەو و كاربەدەستانی تاران و هێزە تەماعكارە دەوڵەتییەكاندا بن . لە باری وادا قەوارەی زایۆنی هێرشەكەی بردەسەر عیراق و دای لە كرۆكە ئەتۆمییەكەی عیراق كە نیشانەیەكی ڕاپەڕینی عەرەب و سووربوونی عەرەب بوو لەسەر ئەوەی پێشكەوتووانە لە ژیانی ئادەمیزاددا بژی . بەڵام سەرنەكەوتنی پیلانی كاربەدەستانی تاران و بەرگری كردنی عیراق وای كرد لە زایۆنی دوژمن پەنا بەرێتە بەر ئەو شێوەیەی كە لە لوبنانەدا جێبەجێی كرد .. یانی شێوەی ئاشكرای ڕووت و ڕاستەوخۆ .. پاش ئەوەی زایۆنی دوژمن بەشێكی زۆری ئامانجەكانی لە لوبنان و لە دژی گەلی فەلەستینی عەرەبدا هێنایە دی هاوسوێندەكەی لە تاراندا دەستی كرد بە تازەكردنەوەی دەستدرێژی ـ یەكەی بۆ سەر عیراق و هەوڵی داگیركردنی خاكی .

ڕاگرتنی باری ئاڵۆزی عەرەب

برایان ..

نەگەل هەموو دۆخێكی نالەباردا .. كە دۆخی ئاڵۆزی ئیستای عەرەب بەشێكی بنەڕەتی یەتی و وەك وتیشمان كە ئەنجامی داڕووخانی بنەڕەتەكانی یەكێتی عەرەب هاتە كایەوە و ئێمەش وەك تێكۆشەران كە لە پلەی نەتەوایەتیدا باوەڕمان بە نەتەوەكەمان و بە دوارۆژ هەیە ئەو پرسیارەی كە ئەمڕۆ بەرەو ڕوومان ئەبێتەوە ئەوەیە چی بكەین .. یەكەم و بایەخدارترین چارەسەركردن بۆ بنیاتنانەوەی یەكێتی عەرەب .. تەنانەت ئەگەرچی هەندێ ڕژێمی عەرەب لەوە هاتنە دەرێ .. ئەوەیە كە هەرژمارەیەك لە ڕژێمی خاكی عەرەب ڕژێمەكەیان چەند لەیەكتر جیاوازبن بەتەواوی دەست بە بنەڕەتەكانی یەكێتی عەرەبەوە بەرامبەر بە هەموو مەترسییەك بگرن و دەستی تەواو بە ڕاپەڕاندنی پێویستە سیاسی و سووپای یەكانی یەوە لە مەیدانەكانی تردا بگرێ و یەمە ئەتوانێ ئەو واقیعەی ئیستای عەرەب بە واقعێكی باشتر بگۆڕێ و .. پێش هەموو شتی ئاڵۆزی ڕائەگیرێ و .. دوای ئەوە كار ئەكرێ بۆ بردنی هەڵوێست بەرەو باشترو ئێمە ئەو ڕۆژانەمان لەبیرە كە پێش كۆنگرەی بالای بەغدا كرا .. پێش ئەو كۆنگرە بالایە دۆخی عەرەب لە كەوتنابوو .. بەڵام لە كۆنگرەی بالای بەغدادا توانرا هەڵوێستێكی عەرەبی یەكگرتوو ببێ و ئەوەش یەكەم ڕەفتاری باش بوو بۆ بتەوكردنی هەڵوێستی عەرەب تا ماوەیەك .

ئەوەی كە ئێستا پێویستمان پێیەتی هەڵوێستێكە لەم بابەتە .. هەڵوێستێكی نەتەوەیی ئازایانە چەندە بكرێ و .. بۆ بناكردنی هەڵوێستی یەكگرتووی عەرەب ئەگەرچی بە شێوازێكی زۆر باڵاش نەبێ بەڵام ڕاستبێ .. بەم هەڵوێستە بەرەو ڕووی دەستدرێژی زایۆنی بینەوە كە ئەیكاتە سەر لوبنان و گەلی فەلەستین و .. بە هەڵوێستە بەرەوڕووی دەستدرێژی ئێران بینەوە كە ئەیكاتە سەر عیراق و نەتەوەی عەرەب .

ئێمە دۆخ بەهەل بەكارناهێنین بۆ ئەوەی مەسەلەی تایبەتیمان بهێنینە پێشێ .. عیراق كە جەنگاو بەرگری لە خۆی و لە لایەنی بنەڕەتی ئاسایشی و قازانجی نەتەوە بەدرێژایی ماوەی ڕابووردوو كرد .. هەر وەك وتمان و دووپاتمان كردەوە و پشت بەخوا توانامان درێژە بەو پەیڕەوو هەر بەو ئیمانەوە بدەین .. بەڵام بە دڵسۆزی یەوە باوەڕمان وایە ئەگەر نەتەوەی عەرەب پشت بە بنەڕەتەكانی هاوكاری نەبەستێ و لە هەموو بارێكدا جێبەجێی نەكات بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی هەموو مەترسیەك .. دۆخی عەرەب ڕاست نابێتەوە كە بەرامبەر هەموو ئەو مەترسیانە ڕاوەستێ كە بەرەو ڕووی نەتەوە ئەبێتەوە .

بێلایەنی .. پەیڕەوی بیروباوەڕە

لەم ڕۆژانەدا وڵاتەكەمان .. بەغدادی پایتەختمان خۆیان ئامادە ئەكەن بۆ میواندارێتی كۆنگرەی حەوتەمی بالای وڵاتانی بێلایەن .. بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن بەلای ئێمەوە ڕێڕەوێك نیە كە لە سیاسەتی دەرەوەماندا بەكاری بهێنین .. یاخود لە چوارچێوەی ئەو چوارچێوانەدا كە لە پلەی نیۆ دەوڵەتاندا لیژەی ئەجووڵێنەوە .. بێلایەنی بە لای ئێمەوە پەیڕەوێكی بیروباوەڕی چەسپاوەو وەك وڵاتێك بە سەربەستیمانەوەو لە پلەی نەتەوەیی دا بە بۆچوونی سەرفرازیمانەوە ئەبەسترێ .. هەروەها بە لایەن ئێمەوە پەیڕەوێكە لەگەڵ كاكڵی بۆچوونماندا لەپەیوەندی نیۆ دەوڵەتاندا بەبەك ئەگەن لەبەر ئەوە كاتێ كە ئێمە بە دڵسۆزی و بە چاكی بۆ بتەوكردنی بیروباوەڕو بزوتنەوەی بێلایەن كار ئەكەین و كاتێ قوربانی لە ڕێی میواندرێتی كۆنگرەی بالای حەوتەمدا ئەدەین .. ئەمە بۆ ڕووپاگەندەو دەستكەوتنی پلەیەكی جیاوازی نیۆ دەوڵەتان نیە بۆ ماوەیەك ..

چونكە عیراق پلەی جیاوازی خۆی لە نیۆ دەوڵەتاندا پێش ئەو ماوەیە بنیاتناوە .. عیراق دوای ئەوەی كە شۆڕش لە بیناكردنی ئەو پێویستیانەی عیراقی نوێدا كە لە سەرەتای ئەم وتەبەمدا باسم كرد سەركەوت لە نیۆ دەوڵەتاندا گەیشتە ئەو پلە ڕێزدارەو ئەم پلەیەشی بە بریاری بیروباوەڕی چەسپاوەوەو .. بە پەیوەندی كردنی دڵسۆزانەو هاوسەنگ لەگەڵ دەوڵەتانی جیهانو .. بەدەستی یارمەتی درێژكردنی پاكی بۆ هێزی ئازادیخوازو سەربەستیخوازو پێشكەوتنخواز گەیشتە ئەم شوێنەی نیۆ دەوڵەتان .

لەبەر ئەم هۆیانە عیراق گەیشتە ئەو شوێنەی كە لە نیۆ دەوڵەتاندا هەیە .. لەبەر ئەم هۆیانە شوێنی عیراق لەق نەبوو .. لەگەڵ ئەوەی كە لە جەنگدایەو لەگەڵ ئەو هەڕەشانەدا كە دەورەیان لێداوین و لەگەڵ هەموو ئەو نارەحەتییەی بەهۆی جەنگەوە بەرەوروومان بۆتەوە عیراق ناگۆڕێ .. لەبەر ئەم هۆیانە برایان وڵاتانی بێلان عیراقیان هەڵبژارد بۆ ئەوەی كە میواندارێتی كۆنگرەی بالای حەوتەمی بزوتنەوەكە بكات .

وڵاتانی بێلایەن لەبەر ئەوە عیراقیان هەڵنەبژارد چونكە دەوڵەتێكەو خواستی میواندارێتی كۆنگرەكەی پێشكەش كردووەو خەرجی كۆنگرەكە ئەخاتە ئەستۆی خۆی .. وڵاتانی بێلایەن بۆیە عیراقیان هەڵبژارد میواندارێتی كۆنگرەی حەوتەم بكات چونكە بەشی زۆری ئەو دەوڵەتانە سەرنجی ئەو گۆرانە جۆرەكییەی ڕێبازی بزوتنەوەكەو .. گیانی تازەو .. گیانی بێلایەن لە قۆناغی داهاتوودا بە شێوەیەكی ڕەسەنو دڵسۆزانە ئەداو سەرنجی ئەو كەسانەی ئەدا كە ئامادەن لە ڕێی بزوتنەوەكەدا قوربانی بدەن .

لەبەر ئەمە ئەی برایان .. كۆنگرەی حەوتەمی بزوتنەوەكە تووشی پیلانو مناوەرات ئەبێ .. بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە كە ئەم پیلانو مناوەراتە هەڵوێستمان لاواز ناكات بەڵكو بە پێچەوانەوە هێزێكی تریان پێ بەخشینو .. دووپاتی دەستپێوە گرتنی خێرخوازانی كردەوە بەو دەورەی كە عیراق لەبزوتنەوەكەدا هەیەتی .. بۆ پتەوكردنی بیروباوەڕەكانی بزوتنەوەكەو پاراستنی هێڵە ڕەسەنە سەربەخۆكەی .

پەرەپێدانی دۆخی سەركەوتنی كۆنگرەی بالای بەغدا

ئێمە بۆ ئەوەی هەموو دۆخێك بهێنینە كایەوە كە كۆنگرەكە سەربخات كاری تەواو ئەكەین و .. هەر وەك لە وتەكەمدا كە لە بیستی حوزەیراندا باسم كرد یەكی لەو هۆیە سەرەكیانەی كە وای لێ كردین بە تەواوی لە خاكی ئێراندا بكشێینەوە .. ئارەزوومان بوو بۆ پەرەپێدانی دۆخی گونجاوی سەركەوتنی كۆنگرەكە .. لەگەڵ ئەوەی كە بەچاكی ئەشمانزانی كە ئێرانی دوژمن دەستبەرداری دەستدرێژی و چنۆكی بەربڵاوی خۆی نابێ .. ئێمە بە حیكمەت و بە ڕووناكی بیروباوە بەرەنگاری هەموو پیلان و مناوەراتێك ڕائەوەستین كە ئەبانەوی كۆسپ لەڕێی بەستنی كۆنگرەكە یان تێكدانیدا دابنێین .. ئێمە لەم لایەنەوە تەنیا هەر لە ڕێی عیراقدا كار ناكەین .. بەڵكو كار بۆ بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەن ئەكەین .. لەڕێ بیروباوەركانیداو لەڕێی سەدان ملیۆن ئادەمیزاددا كە باوەڕیان بەو بیروباوەڕانە هەیەو سەر بەو بزوتنەوەیەن .. دەوری عیراق لە بزوتنەوەی وڵاتانی بێلایەندا .. نەو كاتەوە دەستپێناكات كە بریاریدا میوانخوازی كۆنگرەی حەوتەم بكاتو .. بەوەش كۆتایی نایەن كە ساڵی ١٩٨٥ دەوری سەركردایەتی كۆتایی هات .. دەورمان لە بزوتنەوەكەدا دەورێكی چەسپاوەو .. لەگەڵ ڕۆژگاردا ئەوەتاو بەهێز ئەبێتو پێش ئەكەوێ و فراوان ئەبێ و .. ئەوانەشی كە پیلان دژی كۆنگرەكە ئەكەن لەپێشكیانەوە كاربەدەستە گومان لێكراوەكانی تاران ئەبێ بزانن كە بەیداخی بیروباوەڕەكانی وڵاتانی بێلایەن و كلپەی درەوشەداری لەبەغدادا بەرز ئەبنەوە بۆ ئەوەی بۆ هەموو جیهانی دەربخەن ئەو تواناو دۆخانەی كەوا لە بزوتنەوەكە ئەكەن بۆ ڕاپەڕاندنی پێویستی بە مرۆڤانەكەی بە بەپرسیاریەكی تەواوەوە بەرامبەر كۆمەڵی نیۆ دەوڵەتان و مەسەلەی ئاشتی و سەربەستی لەوەوپێش زیاتر بن .. هاتنە كایەوەو ئەوانەشی كە پیلان دژی بزوتنەوەكەو بیروباوەڕەكانی ئەكەن لە نووچدان و زیان زیاتر هیچی تریان دەستناكەوێ .

بەم بۆنەیەوەمن بە ناوی سەركردایەتییەوە داوا لە هەموو هاووڵاتی و هەموو دەزگایەكی پەیوەندیدار ئەكەم كە گەرم و دڵسۆزانە تەقەلای تەواوكردنی ئامادەبوونی كۆنگرەكە بدەن و .. پایتەختە مەزن و جوان و كۆنی پرسەركەوتن و شارستانێتی بۆ میواندارێتی میوانە خۆشەویستەكانمان بە باشترین شێوە ئامادە بكەن .. لەڕووی پاك و خاوێنی و ڕێك و پێكی و گورج و گۆڵی و هەموو پێویستییەكی ترەوە كە بۆ میواندارێتی كۆنگرە كەپێویستن و .. بەتایبەتی تكا لە هاووڵاتییەكان ئەكەم كە هەر وەك پێویستی سەرشانیانە بەهاریكاری و بە دڵسۆزی و بە چاكی لەگەڵ دەزگا تایبەتیەكاندا كەوا بۆ كۆنگرەكە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو پێویستی و ڕێنیشاندانەوە بە هەموو وردیەك كار بكەن بۆ ئەوەی نەخشەی ئامادەكردنەكە بە پێی خواست بڕواتو .. من دڵنیام لەوەی كە هەموو هاووڵاتییەكی عیراق میوان پەزێرێكی چاك ئەبێ .. ئەمەش ڕەوشت و كرداری عیراقییەكان خۆیانە بۆ باوەش گرتنەوەیان .. بۆ ئەو كەسانەی دێنە بەغدای .. پایتەختی خۆشەویستمانەوە .

سڵاو بۆ ڕۆڵەكانی عیراقی مەزن

ئەی عیراقییە دلێرەكان

ئەی ڕۆڵە نەبەردەكانی هێزی چەكدار

لە جەژنەكەتاندا .. جەژنی عیراقی مەزن .. سڵاوتان لێ ئەكەم و ئێوە زیان بنیات ئەنێن و .. ڕەوتە سەركەوتووەكەتان بەرەو پێش ئەڕواو .. ئێوە بنیات ئەنێن و .. ئێوە پارێزگارن .. سڵاو لەوانە ئەكەم كە كارگەی پیشەسازی بنیات ئەنین و .. ئەوانەی بەكاری ئەخەن .. سڵاو لەوانە ئەكەم كە پڕۆژەی كشتوكاڵی و ئاودان پێك ئەهێنن و لەوانەش كە زەوی ئەكێڵن و .. سڵاو لەوانە ئەكەم كە خوێندنگەو ئامۆژگەكان دروست ئەكەن و .. لەوانەش كە زانین و زانیاریان بەسەردا ئەبارێنن .. سڵاو لەوانە ئەكەم كە پڕۆژەی خزمەتگوزاری لەپێناوی بەختیاری هاووڵاتیاندا پێك ئەهێنن و ئەوانەشی كە شەونخوونی بەدیار چاك كردنی كارەكەیەوە ئەكەنەوەو .. سڵاو لەوانە ئەكەم كە خەستاخانە دروست ئەكەن و لەوانەشی كە بۆ لەش ساغی هاووڵاتیان شەونخووتی ئەكەن و .. سڵاو لە ئافرەتانی ئازای عیراق ئەكەم ئەوانەی كە منداڵمان بۆ وەبەر ئەهێنن و .. دەستەی نوێمان پێشان ئەدەن و .. دان بەخۆدا گرتن و جۆش و هیوامان ئەكەنەوە بە بەرداو لەو ئافرەتانەش كە لە هەموو پەلێكی ژیاندا كارئەكەن و .. ئامادەیی خۆیان بۆ چەك هەڵگرتن لە پێناوی نیشتماندا دەرئەبزن .

سڵاو لەپیرە بەخشندەكان ئەكەم ئەوانەی كە سۆزیان و چاودێری و حیكمەتمان پێ ئەبەخشن و بۆ دەستەی نوێ بەنرخی كون و نموونە بەرزەكانمان ئەگێڕنەوە .

سڵاو لەو لاوانە ئەكەم كەدوارۆژ بە بڕواو .. بەهێزو .. بە شانازییەوە لەم ڕۆژانەدا دروست ئەكەن .. بەتایبەتی سڵاو لە ڕۆڵە خۆشەویستەكانمان قوتابیان ئەكەم ئەوانەی كە پر بە دڵ حەزیان ئەكرد چەك هەڵگرن و پێمان وتن لەسەر خوێندنی خۆتان بڕۆن تا پشووی هاوین دێتە پێشێ و ئەوكاتە تفەنگتان ئەدەینێ و ئەوەتان ئەمڕۆ لە سووپاگەكانی مەشق كردنو و لە شوێنی بەرپرسیاریەوە تفەنگەكانیان .. بە تواناوە .. بۆ بەرگری لە خاكی نیشتمانی پیرۆز لەگەڵ ڕۆڵەكانی هێزی چەكدارو . سووپادا بەرزئەكەنەوە .

سڵاو لەو قازیانە ئەكەم كە وشەی حەق ئەدركێنن و ڕایان بە پاكی بەرامبەر بێتاوانی و تاوانباری بە پێی بیروباوەڕەكانی شۆڕش و یاسا ڕاپەڕێنەرەكان دەرئەبڕن .

ئێوەش ئەی پیاوانی هێزە چەكدارەكان .. ئەی جەنگاوەرانی دلێری عیراق بەخوا جەنگی پیاوانی ئازا جەنگانو .. هەر وەك پیاوانی خاوەن بیروباوەر . بەرگریتان دوو ساڵ لە خاكو لە شەرەفتان كردوو نموونەی نایابتان پێشكەش بەم دەستەیەی ڕۆڵەكانی ئەتەوە لە توانای دان بەخۆداگرتن و پشوو خۆراگرتن و قوربانیدا كرد .. ئەوەتا ئەمڕۆ لەسەر خاكو سنووری عیراقی مەزندان و لە شوێنە نوێكانتانا دژی زەوتكارە چنۆكو داخ لە دڵانی وڵاتەكەتانو .. لە ئافرەتو منداڵانتانو .. لەخاكتانو لە ئاوتانو لە ئاسمانتانو .. لە عیزو كەرامەتتان بەرگری ئەكەن .

عیراقییەكان شمشێری بڕەن .

كاتێ كە لەدەرەوەی سنووری عیراقدا بەرگریتان لە عیراق ئەكرد بەڵایەكی چاكتان بەرپاكردوو دوژمنتان وا تەمێ كرد هەرگیز لەبیری نەچێتەوە .. لوتتان شكانو .. چەكەكانی جەنگیتان تێك و پێك شكانو .. ئەو نەخشانەیتان گۆڕ كرد كە دوژمنكاری دژی عیراق و نەتەوەی عەرەب بوون .. ئەم ڕۆش كاربەدەستانی ئێران چەند تەقەللایان دا سنووری عیراقی مەزن بشكێنن و بێنە ناوەوەو پێشێلی خاكە پاكەكەی بكەن .. وەك شێر هەڵمەتتان بردو .. شەڕێكی دلێرانە ئەكەن .. هێزەكانی دوژمن نەشكێنن و زەوتكارە چنۆكەكان لەشەڕێكدا ئەشێلن كە نایابترین شەری مێژووە .. دوژمن هێزی زۆری كۆكردەوە .. ماوەیەكی زۆر بوو بۆ زەوتكردن ئامادەی كردبوو .. بەڵام وڵامدانەوەتان دژی خێراو بە تواناو ڕێك و پێكو .. كۆتایی پێهێنانیان بوو .. بۆ ئەوان و بۆ هەموو جیهانتان دووپات كردەوە كە پشت بە خوا .. خاكی عیراق وەك ئاگرێك ئەمێنێتەوەو چنۆكە زەوتكارەكان ئەسووتێنێ و .. ئالای عیزەتو كەرامەتو سەربەستی لە هەموو سوچێكی وڵاتی دیجلەو فوراتدا بەرز ئەشەكێتەوە .

دوژمنی لیوان لەرقو خەیاڵی هیچوپووچ .. لەو كارە ئاسایشییە بەرپرسیاریەی كردمانن

بروانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

دەق و وتارە مێژوویەکەی سەرەکی قەرەمانی «یاشمادە»

شەهیدان هەمیشە لە وێژدا ئاماندە دەژین

سلاو لە دلسۆزیتان لە هەڵوێستی مەردانەتان لە سایەی شۆڕشداو لە سایەی وڵاتە بە هێزەکەتاندا

تۆقانو خۆی لە ناو تەنگەبەریەکی ترسناکا بینیو کەوتە ئەوەی هەرەشە لە خاکی عیراقو لە میللەتی عیراق بکات .. منیش بەناوی ئێوە بە کاربەدەستانی تاران ئەڵێم .. ئەفسەرو سەربازانی عیراق .. هێزەکانی وشکاییمانو .. ئاسمانیمانو .. دەریاییمانو .. جەنگاوەرانی سووپای میللیو .. پیرانی عیراقو .. پیاوانو ئافرەتانی عیراقو .. لاوانی عیراقو .. منداڵانی عیراق هەموویان ئەمڕۆ لەسەر سنوور وەك شمشێرێکی بڕە روەستاون .. هەر وەك رۆژانی نەمری رابووردوو کردیان هەموو ئەقەللایەکی دوژمنکاریو زەوتکردن نێك ئەشکێنن .

شەهیدەکان ئاڵای عیراقو شەرەفی عیراقیان بڵندکرد .

ئەیعیراقیە مەزنەکان ..

ئەی پاڵەوانە دلێرەکانی هێزە چەکدارە پاڵەوانەکەمان .

ئەگەر ئەوە نزخاندمان بێ بۆ هەڵوێستو کاری زبندووەکانی عیراق بۆ بەرگریان لە نیشتمانیانو بیروباوەریانو بۆ بنیاتنانی عیراقی نوێ نرخاندنێکە شایەنیانەو پرپەتی لە هەموو خواستێکی رێزی قووڵ .. ئەی ترخاندنی شەهیدە دلێرەکانمان کامەیە ؟

هەرچی بەکمان لە قسەو نرخاندن بەرامبەر بە شەهیدەکانمان وت شایەنیانن .. ئەوەی پێویستە لایەنێکی باشترە بۆ دەربرینو نرخاندنی ئەو نەبەردانەی کە لە بنەرەتدا چاکەی بڵندکردنی ئاڵای عیراقو پاراستنی خاکەکەیو .. ئاسایشی منداڵەکانیو ئافرەتەکانیو پیرۆزی کەلەپوورو بیروباوەڕی عیراقیان هەیە . شەهیدەکان .. ئەی عیراقیەکان .. لە وێژدانماندا .. لە مێشکماندا .. لە برونەکانماندا تە بادیان ئەکەینەوە پایەیەکی هەمیشەییان هەیە .. پایەیەکی رازاوەو .. پرشنگدارو ئەوەش بەسە بۆ شەهیدەکان کە میوانی خوای گەورەو بەرزنو .. لە بەهەشتەکەیدانو .. هەر ئەوانن بەجیاوازیەکی تایبەتی خاوەنی شەرەف بن لەمانەوەی ئاڵای عیراقدا بەبەرزیو شەکاوەیی .. بێ هەڵوێستی ئەوان ئاڵاو شەرەفو ئیستاو پاشەرۆژی عیراق خوا ئەوە نەکات تووشی تێکشکانی نەواو ئەهاتنو .. خێزانی شەهیدەکانیشمان ئەو شانازیو عیزەیان بەسە کە رۆڵەکانیان لای خوای ئاسمانو زەویداو لە حساباتی پایەی رووناکداو لە مێژووداو لە شەرەفو عیزدا پایەداربن .

ئێمە لەسەر فەرموودەکەی خوا کە ئەفەرموێ « ولا تحسبن الذين قتلوا في سبيل الله امواتا .. بل احياء عند ربهم يرزقون » .. صدق الله العظيم .. ئێمە شەهیدەکان بەزیندو لەناومانا باس ئەکەین . شەهیدەکان لە هەمومان کەرەمدار ترن .. رەحمەت لەوانەو لەعنەتی هەمیشەییو ئازاریش بۆ ئەوانەبە کە زەوتکاروچنوکنو ئەوانیان شەهید کرد ..

ئەی گەلی مەزن

لە قووڵایەوە سلاوتان لێئەکەمو سلاو لە هەڵوێستەکانتان لە دلسۆزیو کارو پاڵەوانیتینان ئەکەم .. ئەی رۆڵەکانی هێزە چەکدارە پاڵەوانەکان سلاوتان لێئەکەم .. لەژێر سایەی شۆڕشەکەتانداو .. لەژێر سایەی نیشتمانە بە هێزو خۆشەویستو گەشاوەکەتاندا جەژنێکی بەختیارتان بۆ ئەخوازمو بڕوام بەوە هەیە کە هەر رۆژێك بەسەرمانا تێپەڕێ لەهەموو شتێکدا لە رۆژی پێشووی لە هەموو مەیدانێکدا باشترەو ..

خۆشیو .. عیزو .. بەختیاریو .. دانبەخۆدا گرتنو .. حیکمەتو .. سەرکەوتنو .. ئواناتان ئەخوازمو بەخوا ئەی عیراقیە خۆشەویستەکان ئەوەی کە لە شەرەفو عیزدا هەتانە شایەنیانو .. خوا سەرتان بخاتو بتانپارێزێو .. لە تەقەللاتانا سەرتان بخاتو خواش گوێرایەڵو بەدەنگەوە هاتووەو ئیتر ئەی برایان سلاوو رەحمەتو بەرەکەتی خواتان لێبێ .

وێنەو جەنگ

ئاسمانی ئاگرینی بەغدا خەوی لە دوژمنانی هەڕاند

ئەم وێنانە ، کامێرای ئاژانسی دەنگوباسی عیراق، تۆماری کردوون ، وردوخاش بوونی ئەو فرۆکەیەی رژێمی ئێرانی دوژمن کە ویستی شاری بەغدا بۆردومان بکات ، بەڵام تۆپە تەیارە شکێنەکانمان ئاسمانی بەغدای لێکردە دۆزەخ .

وێنەکانی تر تانکو چەکی فورسی دوژمن بەتێك شکاوی ، لەو شەڕانەی لە ١٣ی ئەم مانگەوە لەکەرتی رۆژئاوایی بەسرە رووبان داو تیایاندا دوژمن تێك شکاندنی تێك شکا سەرکەوتنی هێزە دلێرەکانمان تۆماریکی تری خستە سەر میژووی مەردایەتیو ئازایەتی رۆڵەکانی عیراقی سەربەرز .



Institut Kurde de Paris

بەشی دووهەم

چەند وشەو زارا وەیەکی تازە دروست کراو لەتای تەرازووی رەخنەدا

مەتەدی مەلا کریم

١

لە وتاری پێشوومدا وتم کەوا لەمەولا لە هەندێ وشەو زاراوەی تازە دروستکراو ئەکۆڵمەوە کە ئێستا لە نووسینی کوردیدا بڵاوبوونەتەوەو ڕەخنەیان لێ ئەگرمو پێشنیهادی جێگری - بە بۆچوونی خۆم - باشتریان بۆ ئەکەمو باسی ئەکەم بۆچی ئەو جێگرانەم بە لاوە باشترە . وا لەم وتارەدا هەندێ لەو وشانە ئەخەمەڕوو و لێیان ئەکۆڵمەوەو چاوەڕوانی بەدەنگەوە هاتنی خەڵکو ڕادەربڕینی خوێندەوارانیشم .

١ - هاونیشتمانی :

لە ئەدەبی سیاسیو ڕۆژنامەنووسیدا زۆر جار بەرچاومان ئەکەوێ وشەی (هاونیشتمانی) بەرابەر بە وشەی (مواطن)ی عەرەبی بەکاردێ . ئەمە هەڵەیەو ئەبێ بڵێین (هاونیشتمان) ؛ چونکە مەبەست لە (مواطن)ی عەرەبی ئەوکەسەیە نیشتمانی ئەوو کابرای قسەکەر یەك وڵات بێ . لە کوردییشدا بۆ گەیاندنی مەعنای ئەوە کە دووکەس لە شتێکدا یەك بن ، هاتوون وشەی (هاو)یان خستووەتە سەر ئەو شتەو ئەم وشە لە دوو پارچە پێکهاتووەیان بۆ گەیاندنی ئەو مەبەستە بە کارهێناوە ، وەك (هاوڕێ) کە هاوڕێیت ئەوکەسەیە تۆو ئەو یەك ڕێگەی (مایەیی یا مەعنەوی) بگرنەبەر ، یا ئەوەندە لە یەك نزیك بن وەك یەك ڕێگەتان گرتبێتەبەر وابن ، یا وەك (هاودەنگ) کە هاودەنگت ئەوکەسەیە لەو مەسەلەیەدا کە باسی . لێئەکەن یەك بیروباوەڕتان ببێ ، یا (هاوزمان) کە هاوزمانت ئەوکەسەیە هەردوکتان بە یەك زمان قسە بکەن . هەر بەمبێیە دووکەسیش کە نیشتمانێکیان هەبێ (هاونیشتمان)ی یەکترین و، بە هەرکەس کە لە نیشتماندا لەگەڵی یەك بین ئەڵێین (هاونیشتمان)و ئەو (ی)یەی ئێستا گەلێ کەس ئەیخەنە سەر (هاونیشتمان)و ئەیکەن بە (هاونیشتمانی) بێجێیەو هیچ پێویست نییە .

ئەم وشەی (هاو) خستنە پاڵ وشەیەکی‌ترە ، هەروا بۆ گەیاندنی مەعنای نزیکیی دووکەسیش لەو شتەدا بەڕادەیەك کە دووشتەکە وەك یەك شت وابن - بەکارهێنراوە ، وەك (هاومال) کە بە دراوسێ ئەڵێن یا (هاڤلنگ) کە لە کرمانجیی سەروودا بە مەعنای (ژن خوشك) بەکارئەهێنرێ . بەکارهێنانی‌تریشی هەیە کە ئێرە جێگەی لێکدانەوەی نییە وەك لە (هاوتا)و (هاوجووت)و (هاوبەش)دا ..

٢ - نیشتمانی :

زۆر جار ئەبینین لەجیاتیی وشەی (وطنی)ی عەرەبی ، وشەی (نیشتمانی) بەکارئەهێنرێ . من ئەمەم بەلاوە هەڵەیە چونکە وەرگێڕانێکی حەرفی‌یە : (نیشتمان = وطن ، ی = ی) . ئەگەر وشەی (نیشتمانی) مەعنایەکی دروستی هەبێ ، ئەبێ (خەڵکی نیشتمان) بێ ؛ لەکاتێکا کە ئێمە مەبەستمان لە (وطنی) ئەو کەسە یا ئەو لایە یا ئەو هەڵوێستەیە دڵسۆز بێ بۆ نیشتمانو سوودی نیشتمانی لە بەرچاو گرتبێ . بۆ ئەم مەبەستەش لە کوردیدا (نیشتمان پەروەر) مان هەیە ئەگەر باسی کەسێك یان لایەك بکەین و (نیشتمان پەروەرانەمان هەیە ئەگەر لە هەڵوێست بدوین ، وەك چۆن (کورد پەروەر)و(ئایین پەروەر) ئەڵێین. ئەشتوانین لەجیاتیی(پەروەر)(پەرست)و لەجیاتیی (پەروەرانە) (پەرستانە) بڵێین وەك (ڕاستی پەرست)و بە مەجاز وەك (خواپەرست) . بەڵێ ئەگەر مەبەستمان لە (نیشتمانی) نیسبەتدان بێ بۆ نیشتمان وەك (پیشەسازیی نیشتمانی) بە مەعنای (الصناعه الوطنیه) ئەوە گلەیی تیا نییە .

٣ - بەروبووم :

ئەم وشەیە بە مەعنای (حاصلات) بەکارئەهێنرێ. ئەڵێن ، بەروبوومی فلانە شوێن گەنمو جۆیە .(بەر) ئەوە دیارەو بە مەعنای (ثمر)ی عەرەبی‌یە . بەڵام ئەی (بووم) لە چی‌یەوە هاتووە ؟ (بووم) لە کوردیدا بە مەعنای (خاك)و (وڵات)ە ، ئەڵێن: فلانەکەس خەڵکی ئەم خاکو بوومە نییە . فیعلی ڕابوردووی (بووم)یش هەیە کە لە چاوگی (بوون)دروستکراوەو ئەویش پێوەندی بەمشوێنەوە نییە . بۆیە (بەروبووم) هەڵەیەو ڕاستەکەی (بەروبوو)ەو (بوو)یش بە مەعنا (حاصل)ە .

٤ - ناوبانگ :

دیارە ئەبێ (ناوبانگ) لە دوو وشەی (ناو)و (بانگ) پێکهاتبێ ، بەڵام چۆن وا ئەم دوو وشەبە بوون بە یەك وشەو بە هەردوکیان مەعنای (شهره)یان وەرگرت ؟ من هیچ ڕێگایەك بۆ ئەمە شك‌نابەم‌و لامەوایە ڕاستەکەی (ناو و بانگ)ە کە عەطفی وشەی مورادیفە لەسەر وشەیەکی‌تری مورادیفو ، ئەوپەڕەکەی هەر ئەوەندە ئەتوانین بڵێین کە (ناووبانگ) تەنها بۆ ئاسانیی بەکارهێنان بووە بە (ناوبانگ)و ئەگەر وابێ باشتر وابە ڕاستی‌یەکەی بنووسین کە (ناوو بانگ)ە .

٥ - چاو پیا خشاندنێك بە فلانە کتێبدا :

ئەم ڕستەیەمان گەلێ جار لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەرچاو ئەکەوێ . من لامەوایە کە وتمان (پیا ...) ئەوە واتە (پێدا) یا (بە فلان شتدا) . کە پاشانیش وتمان (بە فلان کتێبدا) ، بەوە دووبارە کردنەوەیەکی ناپێویستمان کردووە. کەوانە ئەگەر ناوی چاو پیا خشێنراوەکەمان هێنا ، نابێ بڵێین (چاو پیا خشاندنێك) بەڵکو ئەبێ تەنها بڵێین (چاو خشاندنێك ..) . ئەگەر باسیش نەکرا یا پێشتر بە سەربەخۆ باس‌کرابوو و لە مەودای ئەم ڕستەیەدا نەبوو ، ئەوکاتە تەنها (چاو پیا خشاندنێك) ئەمێنێتەوەو ڕستەکە بەمجۆرەی لێ دی : چاو خشاندنێك بە ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆدا ، یا ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆو چاو پیا خشاندنێکیان .

٦ - لێکۆڵینەوەیەك لە دیوانی نالی :

ئەمیش هەروەك نموونەی پێشوو وایە . (لێ) دەوری (پیا)ی نموونەی پێشوو ئەبینێ . بۆیە ئەگەر بەتەنگەوە بین بێ‌هەڵە بنووسین ئەبێ بڵێین (کۆڵینەوەیەك لە دیوانی نالی) یا (دیوانی نالی‌و لێکۆڵینەوەیەکی).پەڵگەیەکی زەقی ڕاستیی ئەم قسەیەشم ئەوەیە کەس ناڵێ (فلان‌کەس لە دیوانی نالی لێئەکۆڵێتەوە) بەڵکو ئەڵێن (لە دیوانی نالی ئەکۆڵێتەوە) .

چەند دێڕێك لە بارەی چەنگەوە

شیعری : ناوات حسین

سەرەك

ئەی سوار چاك
ئەی خۆری عیراق
پێشکەوە ..
خاك‌و هاوڕێکانت تینوویانە
ورەیان بەرنەداوەو لە تبری دوژمن ناسڵەمێنەوە
پێش‌کەوە ..
ئەی کێوی سەربەرزی‌و نیشانەی بەختەوەری
پێش‌کەوە ..
بەرەو دنیای بێ‌کۆتایی
پێش‌کەوە ..
بە تۆو بە دوودەستی تۆوە
ئاڵای سەرکەوتن بەرزتر ئەبێتەوە

شەهید

ئەی مبدالیای سەربەرزی‌و خۆبەختکردن
شمشێرەکانمان هەڵکێشاوە
شانی قارەمانەکان ، وەك مناره بەرزە ..
ئاسۆگە ، مژدەی سەرکەوتن
ئەهێنێ ..
خوێنی شەهید ، پارێزی‌ی لە نیشتمان
ئەکات ..

عیراق

تۆ ئەی خاکی ژیارە نەمرەکان
هەزاران ساڵە
حیلەی ئەسپەکان کۆتی خۆیان نەشکاندوە ..
دوای هەزاران ساڵ
خۆڵەمێشی شەوگارەکان پەخش بوو
عیراقییەکان سواری ئەسپی ڕەسەنیان بوونەوە
نۆش ئەی شەوگاری تار
درز بدەو بڕوێرەوە
وا (صدام) هات‌و کاروانی خەبات
دەستی پێ‌کرد ..

چیرۆکی فۆلکلۆری

ئامادەکرنا :- فەیسەل عەبدوڵلا

- دهوك -

ریی ب تیکە کا کەڤری هەلچوو سێ پشکێن کەڤری ڕبن بەرێ خودا پێشیا خو کۆ شێرەکێ مێرین یێ لسەر کەڤری درێکا وی دا .. قورپێنەك کە تە دلێ ریڤی‌و رەنگ لێ زەربوو پێتی بوو ... ڕێك لبەر بەرزە بۆ ژ سەحمێت شێری دا .. ئاخ ئاخ ! ما من زانی یێ هۆیە هندە ب سەحمە ئەگەر من زانیبا ئەز نەد هاتم .. لێ چوو .. شێر کە نی‌و گوت : چۆیچك ب چۆیچکینیا خو ڤە لسەر ئا خا من ڤە نا فرت .. هەلنا بورت .. دێ پە را ژێ هەلکێشم .. تۆ ژ کیڤە د هێی‌ودێ کیڤە چی ؟ خر نیڤك ل کیڤەو سەیران گە ها من ل کیڤە .. !! دێ وە رە تۆ خۆ شی پاری .

ریڤی : ئەز چ بکەم خۆ دکە ڤری دا پا ڤێژم !! نەء کە ڤرێ بلندە .. دێ مرم .. ما را وەستای ئا خینکەك ژینێ پیا را هێلا !! .

شێر : ها مام ریڤی ئەو چ ئاخینك بو تە را هێلای ؟ بۆ من بێژە ... ریڤی : سە روکێ من ئەز برد یام د لێ من پرچا ، ها مێلا کێت من ژ پشتا من ڤە بوون .. ڕێك لبەر من بەرزە بوو ، ئەز نە شێم ل ڤێرە بۆ تە بێژم دێ کە ڤم .. پیپمەکێ خوبدە پا شی دا سەر کەڤم .. پاشی دێ بو تە بێژم !! ئا خینکا من گە لە کا خۆشە ها !!

شێر : دێ وەرە تو ژی کێ خۆشی ئەزێ برسیمە ..

ریڤی : دێ ئە ڤە ئەز هاتم بەلێ چ شا خا نە دانیە من !!

شێر : شا خێن چ .. من چ شاخ نینن دانمە تە .

ریڤی : چە وا ما تە شاخ نینن !!

شێر : نەء .. ئەز خودا نێ زەندو با سکاو جەرگێ پیلا ی مە ...

ریڤی : یا ژ من وە رە تە شاخێن هەی لەورا تۆ یێ زیرەکی‌و بۆ بە سەر دارێ مە .

شێر : دێ زوی ئا خینکا خۆ بۆ من بێژە .. ئێڤارە ، نێڤاری دبێ وە غە ڕن !!!

ریڤی : ئا خینکا من ، هزرا من‌و با ڤێن مە هات ، باڤێ من‌و تە دەستە برا یێت هەڤدو بوون .. پێکڤە دژ یان ، لێ چەند خاڵێ زوزا نا جهێ لەندو نیچیر ڤانا .. کۆێستان تۆ دبینی هەمی یێ رە حمە تی یێ باڤێ تە بوو ، ئەڤ کەڤرێ هندە بلند !!

سێگا ڤکا وان بوو ، لێ باڤێ تە گە لە ك ژ باڤێ من پتر خۆ د هاڤێت ها !! من گوت ئە مین کورێت باڤا ئەگینا خۆ ب جەر بینین ڕێکا وات نە مرینین ، کاتە ژی دا یە باڤێ خو ڤە ئان نەء !!

شێر : دێ کە رەمکە خۆ بە ری من پاڤێژە .. چ ب کە ڤری بمری‌و چ تە بخوم .. هەر مرتە ...

ریڤی : سەروکێ من ئەز ریڤی مەو تو شێر کە رەش، تۆ خۆ پا ڤێژە .. یا ژمن زێدەیە خۆ بە ری تە پا ڤێژم !!

شێر : کێما سێ بخو نا دا نیتن گە پەرا ستۆهێ خۆ گژ کرو چرو هەر کەڤری .. !! کە ڤرێ بلندە بنێ دویرە هەمی تە حتە دێ مرم ، مرن ژی چنە تێژکێن منێن پێزان‌و زا نا هێژ بچیکن .. د لە ندێدا .. دبرسینە بێ قوینە دێ مرن .. ئە گینا زڤری ڤە بۆجهێ خوو .

.. هەر زوی ریڤی گوت : ها مام شێر من ئەڤ هزرە ژ تە نە دکر .. دبارە تە نە دایە ب با ڤێ خو ڤە .. ر حا لبەر تە شرین بووی کا را وەستێ ئەز دێ خو ها ڤێژم تو نە وێری ..

کەر بێن شێرێ بێ فێل ڤەبوون وگە پەرا ستۆهێ خۆ گژ کرو زەندو باسك هەلدات عەرد هەلهژی ژ ترسێن شێری دا ... حنگەك لخو داو بجروت کاتی خۆ هاڤێت بنێ کەڤری هەر ژ هەوا ڤە گوت ئاخ بە شێما نی !!

(نە دگە هیە عەردی‌و نە ئە سما نی)

ریڤی یێ فێل رەنگێ خۆ داڤە .. چو هنداڤ کە ڤری .. چ وەختە ئێڤارە کا درە نگە دونیا تاری

بروانە ل : ١١

باسێك دەربارەی ژیانی « ئەنتۆن چیکۆف » و کورتە چیرۆك « بەلی ڕووەم »

نووسینی : سۆمەرست هۆرم
گۆڕینی : سعیدیحیی حطاط

لە وەرزەکانی بەهار خێزانی دەبردە لادێو تا نزیك پایز نەدەگەڕانەوە ، لە لادێدا هەرکە دەزاندرا پزیشکە ئیدی نەخۆش ڕوویان تێدەکردو یەك عانەشیان نەدەداو ناچار دەستی بە چیرۆك نووسین کردەوەو تێدا سەرکەوتو پارەیەکی باشیشی وەگیر کەوتو هەڵی بۆ هەڵکەوت ناوە ناوە هاتوچۆی پەترۆس بۆرگ بکاتو بە نێو ڕووسیادا بگەڕێ .

لە نامەیەکدا کە بۆ « لایکن »ی نووسیوە دەڵێ : « تۆ دەڵێی من چ لە پارە دەکەم .. من ژیانێکی پڕ لە ڕابواردن بە سەر نایەمو بە جلی نوێو بریقەدار پیاسە ناکەم ، قەرزار نیمو دڵداریم بە خۆڕایی دەست دەکەوێ .. ئینجا لەو سێ‌سەد روبلەی لە تۆو لە « سۆقیرین »م بۆهات تەینا چل ڕۆبل ماونەتەوەو دەبێ سبەینێ هەموویان خەرج بکەم .. خوا بۆخۆی دەزانێ پارەی من بۆ کوێ دەچێ » !

لە مۆسکودا خانوێکی نوێی بە کرێ‌گرتو ژوورێکی تایبەتی‌ی بۆ خۆ تەرخان کردو داوای هەندێ پارەی پێشینەی لە « لایکن » کردو لە ساڵی ١٨٨٦دا دووبارە تووشی خوین بەربوون بوو . دەبوایە وەکو هەموو سیل‌دارێك بە دوای ئاوو هەوای گەرمدا بچێتە ناوچەی « قەرەم » وەك ئەوانەی لە ئەوروپا دەچوونە ڕێقیرای فەرەنساو پرنەگاڵو پاشان وەك مێش‌و مەگەز هەڵدەوەران . لە ساڵی ١٨٨٩دا نیکۆلاسی برای - دەستی تیگارکیشانی هەبوو - بە نەخۆشی‌ی سیل مردو ئەو ڕووداوە کاری تێکرد .. کە ساڵی ١٨٩٢ هات لەو ڕوایەدا بوو کە ئیدی زستانێکی دیکەی مۆسکۆ هەڵناگرێ ، هەندێ دراوی قەرز کردو لە نزیك گرنادی « مالیخۆڤۆ »ی پەنجا میل دوور لە مۆسکۆ پارچە زەویەکی کڕیو دایك‌و باوك‌و خوشك‌و میکایلی برایی‌و ئۆمێك دەرزی‌و دەرمانی لەگەڵ خۆ برد . کە خەڵکی ئەو ناوە زانیبیان دکتۆرە ڕوویان تێکردو ئەویش چارەسەری دەکردن بێ ئەوەی هیچیان لێ‌وەربگرێ .

بەم جۆرە پێنج ساڵی خۆشی لە مالیخۆڤۆدا بە سەربردو هەر لەوێوە نایاب‌ترین چیرۆکی نووسی‌و لە هەر دیرێکدا چل کۆپیکی وەرگرت . پاشان مەشغوولی پێوەندی ناوخۆیی بوو و بە پارەی خۆی فوتابخانەی بۆ جوتیارانی مالیخۆڤۆ کردەوەو ڕێگاوبانی بۆ خۆش کرد .. ئەڵکساندەری برای بە ژن‌و منداڵەکانیەوە هاتنە لای‌و برادەرەکانی میوانداری‌یان دەکردو لای دەمانەوەو ئەگەرچی تێکەڵی کاروباری تایبەتی خۆی دەبوون ، بەڵام هەمیشە لەگەڵیان ڕووخۆش‌و بە خەندەبوو .

لەیەکێ لەپیاسەکانی نێو مۆسکۆی ئووشی خوێن بە ربوون بوو دەستبەجێ گوێزرایەوە نەخۆشخانەو پزیشکەکان ئاگاداریان کرد کە نەخۆشی سیل بەشی سەرووی قوڕگی گرتۆتەوەو دەبێ شێوازەی ژیانی بگۆڕێ ئەگەرچی ڕەفزی دەکرد باوەڕ بکات سیلداره . گەڕایەوە مالیخۆڤۆو پاشان چووە دەرەوەو لە « یالتا »ی قەردم بە یارمەتی « سۆقیرین »ی برادەری خانوێکی سازکردو وەکو جاران پارەی نەما .

نازانم چۆن پزیشکی بووە ؟ پێمەوایە لەگەڵ نەخۆشەکان مامەڵەی سەرپێی‌یو ڕووشکێن بووەو دوای دەرچوونی لە کۆلیج تەنیا ماوەی سێ مانگ کاری کردوە لە نەخۆشخانە . ڕەنگە ئەگەر شت ڕێگای خۆی بگرنبایە ، چیکۆف خزمەتگوزاری نەخۆشەکانی باشتر بۆ دەکرا .

چەند بەڵگەیەکەم بە دەستەوە هەیە گومان بکەم کە ئەو ڕاهێنانەی قوتابی پزیشکی‌ی دەیدرێتێ قازانجی نووسەری دەبێو بە هۆی ئەوە لە سروشتی‌ی مرۆڤ دەگات . نە « یالتا »دا ، هەرچەندەی بێزاری دەردەبڕی ، بەڵام تەندروستی‌ی چاکتر بوو . هێشتا دەرفەتم بۆ هەڵنەکەوتووە بڵێم : چیکۆف دووسێ چیرۆکی شانۆی نووسیوەو ئەگەرچی تێدا سەرکەوتوو نەبووە ، بەلام بە هۆی ئەو چیرۆکانە ناسیاوی لەگەڵ ئەکتەرێکی لاو پەیدا کردوە کە ئەوینی « ئۆلگاکنیبەر »ە . لە ساڵی ١٩٠١دا چیکۆف‌بەبێ‌رەزای خزم‌و کەسوکاری خۆی زەماوەندی کردو ڕێکەوتن کە دووبارە ئۆلگا بگەڕێتەوە شانۆ ئیدی تەنیا ئەکەر بچووبایە مۆسکۆ بانیش ئۆلگا بهاتبایە مالیخۆڤۆ ئەگینا چاویان بە یەکتر نەدەکەوت‌و وەك لە نێو ئەکتەرەکان دەگوترا - بۆ پشوودان - ! . وە ئەو نامانەی بۆ ئۆلگای ناردوون ماون‌و لە ڕاستیدا نامەی پڕ لە سۆزو هەست پەروەرن .

زۆری نەبرد چیکۆف نەخۆش کەوت‌و زۆریش دڵگیر بوو کە ئۆلگا منداڵی لەبەرچوو . لە سەر داوای ئۆلگا دەستی کردە نووسینی چیرۆکێکی سووکی کۆمیدیا .

لە نامەیەکدا دەڵێ : « ڕۆژی چوار دێڕ دەنووسم بەڵام دیسان زۆر ئازارم دەدەن » . شانۆگەری‌یەکەی تەواو کردو لە ساڵی ١٩٠٤دا لە مۆسکۆ دەرهێندراو بینا لە سەر ئامۆژگاری پزیشکی تایبەت ، مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵە بەرەو ئاوە کانزادەکانی « بادن‌ڤاینەر »ی نەڵەمابنا کەوتە ڕێ .. بەر لە ڕۆیشتنی لاوێکی ڕۆژنامە نووسی ڕووسی وتوویژێکی لەگەڵ چیکۆف کردو بڵاو کرایەوەو ئەم چەند دێڕانەی خوارەوەی لێ وەردەگرم :

« پیاوێکی لاوازی بچکۆلانەی ناوچەوان تەسکی کەم خوێن ، پاڵی داوەتەوە سەرینێکی سەر کەنەپە ، پاڵتۆیەکی ئەستووری دەبەردایەو بە پارچە قاڵی پێ‌یەکانی پۆشیوە .. چیکۆف ناناسرێتەوەو باوەڕ ناکەم مرۆڤ تا ئەم ڕادەیە بگۆڕێ ! دەستە باریکەکەی سپی وەك مۆمی بۆ درێژ کردمو لێم وورد بۆوەو گوتی - سبەینێ سەفەر دەکەم .. بۆیە دوور دەکەومەوە تاکو بمرم .. وشەیەکی بە هێزتریشی لە (تاکو بمرم) بە کارهێنا نامەوێ لێرەدا دووبارەی بکەمەوە . جارێکی دیکەش گوتی : بۆیە دوور دەکەومەوە تاکو بمرم .. لەجیاتی من خوا حافیزی لە برادەرەکانت بکەو بڵێ هەمیشە یادیان دەکەمو زۆربشیانم خۆش دەوێ ، ئیتر ناتانبینمەوە ، ئاواتە خۆازی خۆشی‌و سەرکەوتنتانم » .

لە « بادن ڤاینەر »دا خەریکی نەخشەدانانی سەفەری ئیتالیا بوو ، لەگەڵ ئۆلگا ڕۆژێکی تەواوی لە پیاسەی نێو باخو بیستاندا بردە سەرو تا نانیان بۆ ئامادە کرا باسی هاوینە هەوارێکی بۆ ئۆلگا دەگێڕایەوەو دەیگوت « ئەم هاوینە هەوارە پڕە لە سەرمایەدارو خاوەن بانك‌و لەش ساغ‌و لە ئەمریکاو ئینگیلترا بۆی دین .. ئێوارەیەك کە هەموویان گەڕانەوە ئوتێل ئاگادار کرانەوە خواردن نیە چونکە چێشت لێنەر ڕای کردوە » ! ئەوەندە بە تامو‌بۆی دەگێڕایەوە ئۆلگای هێنابوە پێکەنین .

شەو وەزعی تێك‌چوو ، ئۆلگا یەکسەر پزیشکی هێنا بەڵام سوودی نەبوو .. دواقسەی بە زمانی ئەڵەمانی دەیگوت : « دەمرم » .. ئەوکاتە تەمەنی جل‌و چوار ساڵ بوو .

ئەڵکساندەر لە دەفتەری یادنامەیدا ، دەربارەی چیکۆف دەدوێو دەڵێ : « پێمەوایە دڵێ بۆ کەس نەکردۆتەوەو لە هەمان‌کاتیشدا بایەخێکی گرنگی بە خەڵك داوە .. ڕەنگە هەستی بەوە نەکردبێ » .

ئەم قسەیەی ئەڵکساندەر زیاتر لەوەی من بەم کورتی‌یە دەیکێڕمەوە پەردە لە سەر ژیانی چیکۆف لادەبات .

بروانە ل : ١١

Institut Kurde de Paris

بەرەو کۆنگرەی بەرزی یەکگرتو

بێ لایەنی و پشتگیری جووڵانەوەی رزگاری بەخشی گەلان ...

بێ‌لایەنی و پشتگیری‌کردنی جووڵانەوەی رزگاریبەخشی گەلان

- ٢ -

کاروانی مرۆڤایەتی یەك‌کاروانە ، باقۆناغەکانیشی جیاجیابن .. کاروانێکە وێڵی سەربەرزی‌و ئاشتی‌و خۆشەویستی‌و ئیمانە .. جووڵانەوەی بێ‌لایەنیش، دەنگی راستی‌و عەقڵ‌و ئەزموون‌و ئازایەتی‌و بەرگەگرتن‌و خەباتی بێ‌وچانی گەلانە . هەر بۆیەشە ئەم جووڵانەوەیە لە رۆژی دامەزراندنی‌یەوە ، سیاسەتێکی سەربەخۆی گرتۆتە بەرو بەرژەوەندی گەلانی لەبەرچاو راگرتووەو ڕێز لە مرۆڤ ئەگرێت‌و هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك‌و تۆقاندن و پیلان‌و داگیرکردن‌و سووك‌سەیرکردنی گەلانی رەفز کردووەو **رووبەڕووی** هەموو جۆرە دەسدرێژی‌یەك‌و زەونکاری‌و جیاوازی رەگەزپەرستی ئەبێتەوە ، لەبێناوی بنیادنانی بنەمای ئەمن‌و ئاسایشێکی قایم‌و بتەو لەسەرانسەری جیهانا ..

هەر بۆیەشە لە هیچ کۆبوونەوەو کۆڕو کۆنگرەیەکی خۆبدا درێغی لەپشتگیری کردنی جووڵانەوەی رزگاری بەخشی‌گەلان‌و لەنوێنەرو رێکخراوی ئەو جووڵانەوانە نەکردووەو بەردەوام بەدەنگ‌و هاواری‌یەوە هاتووە ..

یەکێ لەو پشتگیری‌کردن‌و بەدەنگەوە هاتنە ، ئەو راسپاردەیە بوو کە نووسینگەی هاریکاری کردنی دەوڵەتە بێ‌لایەنەکان لە دوا کۆبوونەوەی خۆی لە هاوکاری‌یەوە دووپات کردەوە : کە جووڵانەوەی بێ‌لایەنی ئەمن‌و ئاسایشێکی قایم‌و بتەو لەسەرانسەری جیهانا ..

هەر بۆیەشە لە هیچ کۆبوونەوەو کۆڕو کۆنگرەیەکی خۆبدا درێغی لەپشتگیری کردنی جووڵانەوەی رزگاری بەخشی‌گەلان‌و لەنوێنەرو رێکخراوی ئەو جووڵانەوانە نەکردووەو بەردەوام بەدەنگ‌و هاواری‌یەوە هاتووە ..

یەکێ لەو پشتگیری‌کردن‌و بەدەنگەوە هاتنە ، ئەو راسپاردەیە بوو کە نووسینگەی هاریکاری کردنی دەوڵەتە بێ‌لایەنەکان لە دوا کۆبوونەوەی خۆی لە ٢٩-٢-١٩٧٩دا کردی ، دەربارەی وەرگرتنی بەرەی رزگاری بەخشی زیمبابۆی لە جووڵانەوەی بێ‌لایەن‌دا ، وەك ئەندامێك کە گشت جۆرە مافێك‌و ئیمتیازاتێکی هەبێت .. ئەم بریارەش بە پەسەندکردنی گشت ئەندامانی ئەو کۆبوونەوەو **وزاری‌یەی** کە بۆ ماوەی چوار رۆژ لە مۆزەمبیق گیرا هاتە دی ..

هەروا (٢٥) وەزیری دەرەوەی کە نووسینگەی هاریکاری پێك‌ئەهێنن ، ئەوەیان دووپات کردەوە : کە جووڵانەوەی بێ‌لایەنی کردن .. بەنیازی ئەوەی کە ئیش‌وکارەکانیان بەرك‌وپێکی بەربۆەبەرن‌و بەرهەمی چاك بدەنە دەستەوە لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری لەکوردستاندا .

*** ئاستی بودجەو جەنگی پیرۆز ...**

بەرێز « دزەیی »دەبارەی بودجەو جەنگ لەناوچەی کوردستاندا شتێکی بۆ گێڕاینەوەو وتی : -

جەنگی رەوامان لەگەڵ رژمی ئێرانی بەکرێگیراو کارێکی ئەوتۆی نەکردە سەر بودجەی ناوچەی کوردستان ، چونکە لە سەرانسەری عیراق دەزگاو کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکان بەردەوام‌بوون بە بەرهەم‌هێنان واتە نەك هەرتەنها کاری نەکردە سەر بودجەی ناوچەی کوردستان بەڵکو کاری نەکردە سەر عیراق بەگشتی ..

هەموو کارگەرانمان زیاتر لەجاران توانای خۆیان بەخشی تاکو عیراق هەر عیراقی دوێنێ‌بێ .. هەمیشە لەگەڵ بزوتنەوەی رزگاری‌بەخشی سەرانسەری جیهاندایەو بەهەموو شێوەیەکیش پشتگیری ئەکات ، نەخوازەڵلا دوای ئەوەی کە ئیمپریالیزمی دەستی لەکاروباری ئەو گەلانە وەرداو گەلێ کۆمەکێتیشی پێشکەشی رژێمە ئیمپریالی‌و کۆنەپەرستەکان کردوە ، جا چ لە ئاستی سیاسەتا بێت یا لە ئاستی ئابوری‌و سوپایی‌دا .. بەڵام هەرمایەپووچی بۆ مایەوە ، بەتایبەتی دوای ئەوەی پارسەنگی هێزەکان بۆ بەژەوەندی بەرەکانی رزگاری‌و بزوتنەوەو نیشتمانیەکان شکایەوەو گەلێ وڵاتیش لەژێر رکیفی ئیمپریالیزمی پورتوگالی دەرچوون دەستێکی پۆڵایینیان لە (ئەنگۆلاو مۆزەمبیق و گینیابیساو) لێ‌وەشاندو مەسەلەی سەربەخۆیی گەلانی باشووری ئەفریقیا بوو بە چارەنووسێکی حەتمی ... لەهەمان‌کاتیشا ئەوەشیان دوپات کردەوە کە بەهیچ کلۆجێك خەباتی گەلانی سەرانسەری جیهان لەیەك دابڕناکرێت ، هەرچەندەیش ئیمپریالیزمی ئەمەریکایی پیلان‌بگێڕێت‌و جۆرەها یارمەتی پێشکەشی ئەو رژێمە کۆنەپەرست‌و فاشست‌و رەگەزپەرستانە بدات ..!

کاروان - م

ئەمینداری گشتی ئابوری‌و دارایی

جەنگ کاری نەکردە سەر بودجەی وڵات

ئەمینداری گشتی ئابوری‌و دارایی لە کوردستاندا : -

*** جەنگ کاری نەکردە سەر بودجەی وڵات**

*** بۆ یەکەمین جار هونەرمەندانی کوردستان بەشداری لە دانانی بودجەی تیپەهونەری‌یەکانی ناوچەی کوردستان دەکەن ..**

ناظم دلبەند

نووسینگەی هەولێر

ئەمینداریتی گشتی ئابوری و دارایی لە ناوچەی کوردستاندا ، وەك هەموو دەزگاکانی تری ناوچەکە ، توانیویەتی دەوری سەرەکی خۆی ببینێ لە ئامادەکردن و جێبەجێ‌کردنی بودجەی ناوچەی کوردستان ..

لە سەردانێکماندا بۆ ئەمینداریتی ناوبراو چاومان کەوت بە بەرێز .. محمد حسن دزەیی ..

ئەمینداری گشتی تا لە دانانی بودجەی ئەمساڵ ئاگاداربین ..

*** کۆبوونەوەیەکی فراوان..**

بەرێزی وتی : لەو ماوەی دوایی‌دا بۆ دانانی بودجەی ئەمساڵ کۆبونەوەیەکی فراوانمان سازدا کە هەموو لایەنە پسپۆڕەکان بەشداری‌یان تێداکردبوو ، توانیمان بگەینە ئەنجامێکی چاك‌و دانانی بودجەیەکی لەبار بۆ ناوچەکە کە هەموو فەرمانگەکان بگرێتەوە ... ئینجا ئەم تەخمیناتە دەخەینە بەرچاوی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان تاکو رەزامەندی خۆیان لەسەر دەربڕن و بەرزی بکەینەوە بۆ وەزارەتی دارایی .

*** یارمەتی‌دانی تیپە هونەری‌یەکانی کوردستان ..**

بۆ یەکەمین جار نوێنەرانی تیپە هونەری‌یەکانی ناوچەی کوردستان بەشداری لەدانانی بودجەی ناوچەی کوردستان دەکەن .. بەرێز ئەمینداری گشتی لەم رووەوە قسەی بۆکردین‌و وتی : -

بەرای من پشتگیری کردنی هونەرمەندانی کورد ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکمانە ، چونکە ئەوان خاوەنی سەلیقەو بەهرەی پیرۆزن .. جا بۆ ئەم مەبەستە بەپێویستمان زانی کە نوێنەرانی ئەوانیش بەشداری لەم مەسەلەیە بکەن‌و بودجەی ئەوانیش دەستنیشان بکرێت .. بێ‌گومان ئەوشتە سەری‌گرت‌و پارەیەکی زۆرباشمان بۆتەرخان کردن .. بەنیازی ئەوەی کە ئیش‌وکارەکانیان بەرك‌وپێکی بەربۆەبەرن‌و بەرهەمی چاك بدەنە دەستەوە لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری لەکوردستاندا .

*** ئاستی بودجەو جەنگی پیرۆز ...**

بەرێز « دزەیی »دەبارەی بودجەو جەنگ لەناوچەی کوردستاندا شتێکی بۆ گێڕاینەوەو وتی : -

جەنگی رەوامان لەگەڵ رژمی ئێرانی بەکرێگیراو کارێکی ئەوتۆی نەکردە سەر بودجەی ناوچەی کوردستان ، چونکە لە سەرانسەری عیراق دەزگاو کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکان بەردەوام‌بوون بە بەرهەم‌هێنان واتە نەك هەرتەنها کاری نەکردە سەر بودجەی ناوچەی کوردستان بەڵکو کاری نەکردە سەر عیراق بەگشتی ..

هەموو کارگەرانمان زیاتر لەجاران توانای خۆیان بەخشی تاکو عیراق هەر عیراقی دوێنێ‌بێ ..

Institut Kurde de Paris

کرێکارانی هەولێر : تەقەللاو خۆبەختکردن لەجەنگی مێژوویی‌دا ...

نووسینگەی هەولێر

لە نەقابەی گشتی کرێکارانی هەولێر، لەم‌ماوەیەی دووایی‌دا چالاکی بەردەوامە بۆ پشتگیری کردن‌و بەشداری‌بوون لە جەنگی مێژوویی‌مان دژی رژێمی رەگەزپەرستی ئێران ... هەروەکو کاك حسین حسن فؤاد لێ‌پرسراوی بەشی رۆشنبیری ووتی :

نەقابەی کرێکارانی هەولێر کە نوێنەری کرێکارانە لە پارێزگاکەدا هەر لە سەرەتای جەنگی شەرەفمەندی بەردەوام بوە لە نواندنی دەیان جۆرچالاکی رۆشنبیری‌و راگەیاندن .. وە ئەمەش دیارترین ئەو چالاکی‌یانەیە کە لەم‌ماوەیەی دووایی‌دا نەقابە لە چوارچێوەی پارێزگاکە نواندوویەتی ..

١ - سەراپای کرێکاران لە پارێزگای هەولێرداو بەتایبەتی نەقابەی کرێکاران لە ٥٠٪ مووچەی مانگانەی خۆیان تەرخان کرد بۆ پشتگیری‌کردن لەو جەنگە پیروزەدا .

٢ - بەشداری کردنی نەقابە لە بۆنە نیشتمان‌و نەتەوەییەکانماندا بەسازکردنی ئاهەنگ‌و کردنەوەی پیشانگای تایبەتی .

٣ - سەردانی بەردەوام بۆ کەس‌وکارو خێزانی شەهیدو بریندارانو پێش‌کەش‌کردنی دیاری‌و خەڵات بۆ خێزانەکانیان .

٤ - بەستنی چەندان کۆری هوشیارکردنەوەی کریکاران بۆ روون‌کردنەوەی ئامانجەکانی شەری رەوامان دژی تاقمە ترسنۆکەکەی تاران ، ئەمش لە شوێنی کریکاران خۆیان ، لەوانەش کارگەی مافوری هەولێرو کارگەی چنین‌و کارگەی جگەرەو بەرێوەبەرایەتی گواستنەوەی هاوولاتیان‌و بۆ کرێکارانی چاپەمەنی .

٥ - نەقابەی میکانیك لە کۆرێکی تایبەتی‌دا لە هەولێر ، ئەوەیان راگەیاند کە بەشداری تەواوی جەنگ‌دەکەن بە ئیش‌کردنیان بە خۆڕایی بۆ چاك‌کردنەوەی کەل‌وپەلەپەك کەوتوەکان .

٦ - دابەش‌کردنی چەندان گۆڤارو رۆژنامە لە کارگەکاندا، جگە لەبەشداری کردنی نووسینگەی رۆشنبیری لە دەرکردنی گۆڤاری هۆشیاری کریکاران .

٧ - بەشداری‌کردنمان لە جەنگی رەواماندا لە رێی خۆبەختکردنەوە ، کە چەندان کرێکارو سەرۆکانی بەشی نەقابەکان ئامادەبوونی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە دەربری‌و چونە بەرەکانی جەنگ .

* ئەی چالاکی تازە ؟

- گەلێ چالاکی تازەمان ئامادەکردووە کە پێش‌کەشیان بکەین کە بریتی‌یە لە بەستنی کۆری رۆشنبیری کریکاران‌و ئاهەنگی فراوان‌و سازدانی پیشانگای هونەری .

لە لێدوانێکی یارمەتی‌دەری پارێزگاری هەولێر بۆ رۆژنامەی « هاوکاری »

چەندان پرۆژەی ئاوەدانی جێ‌بەجێ دەکرێ

شێرزاد عبدالرحمن
نووسینگەی هەولێر

پارێزگای هەولێر لەو روانگەیەوە کە پایتەختی ئۆتۆنۆمی‌یە ، سەرکردایەتی شۆرش بابەختێکی تایبەتی پێداوەو رۆژ بە رۆژ هەنگاوی نوێ دەنێ بۆ چەندان رووی گۆڕا نکاری‌و بنیاتنان ، تەنانەت لە هەمولاوە ئەم هەنگاوە هەستی پێدەکرێ‌و لەم چەند ساڵانەدا بە تەواوی بۆزاوەتەودو باوەشی بۆ گەورەترین هەنگاوی پێشکەوتن گرتۆتەوە .

سەرباری ئەو جەنگە مێژوویی‌یەی کە وڵاتەکەمان بۆ بەرگری کردن لە خاك‌و ئاومان دەیگێڕێ . هێشتا دەستەی ئاوەدان کردنەودو بنیاتنان لە کاردایەو بزووتنەوەی شارستانی لە بەرەو پێشکەوتن‌و گۆڕان‌دایە بۆ پاشەرۆژێکی رووناکتر .

لە بەرێوەبەرایەتی نارخۆیی‌دا لە پارێزگای هەولێر ، وە لەم چەند مانگانەی دووایی‌دا گەلێ پرۆژەی نوێ لە جێ‌بەجێ کردندایە .. بەرێز مامۆستا عەبداللە حسن خفاف یارمەتی‌دەری پارێزگاری هەولێر لەوەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەی « هاوکاری »دا ووتی :

٢ - ئامادەیی مامۆستایان لە گوندی گولەك بە ١٠ هەزار دینار .

٤ - خانووی دادوەری لە هەولێر بە ٢٥ هەزار دینار .

٥ - قوتابخانەیەکی نوێ بە ناوی - میثاق - بە ٤٤ هەزار دینار .

٦ - هۆڵێکی فراوانی قوتابیان بە ٤٩ هەزار دینار.

٧ - قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە گوندی تەتران بە ٣٠ هەزار دینار .

٨- شوورەیەکی مەڵبەندی تەندروستی لە کۆرێ بە ٤ هەزار دینار .

٩ - قوتابخانەیەکی ناوەندی لە گەرەکی یاسا دانەران بە ١٦٠ هەزار دینار .

١٠- خانووی مامۆستایان لە شێخەلاس بە ١٠ هەزار دینار .

١١- خانووی مامۆستایان لە پیرە بەرازە بە ١٠ هەزار دینار .

١٢- چەند خانوویەك بۆ کارگێڕانی میری لە دیگەلە بە ٧١ هەزار دینار

١٣ - مەڵبەندی لاوانی دیبەگە بە ١٧٣ هەزار دینار.

١٤ - قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە شێتنە بە ١٦ هەزار دینار .

١٥ - قوتابخانەیەکی ناوەندی بە ١٨ هەزار دینار .

١٦ - بنیای پولیس لە هەولێر بە ١٤٥ هەزار دینار .

١٧ - قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە حەریر بە ٣٠ هەزار دینار .

١٨ - قوتابخانەیەکی سەرەتایی بە ١٧ هەزار دینار .

١٩ - قوتابخانەیەکی هوزەیدان لە شەقلاوە بە ٢٦ هەزار دینار .

٢٠ - باخچەیەکی منالان لە کۆیە بە ٦٣ هەزار دینار.



لە پیشانگای کتێب و هونەری تەشکیلیدا

تۆماریك لە :

فیستیڤالی هونەر و ڕۆشنبیری کوردی یەوە

بە شداری کردنی ڕۆشنبیرانی کورد ئاوڕدانەوەیەکی دلسۆزانە بوو بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیریمان

بە سەدان ئەدیب و شاعیر و هونەرمەند لە فیستیڤالەکەدا بە شداریان کرد ..

ناظم دڵبەند
لە کۆری فیستیڤاڵەوە
لە هەولێر

*** دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا وەك ئەرکێکی پێرۆزی سەرشانی ، سەرەڕای ئاشنا بوونەوەی هەمیشەیی بە خەڵکی کوردستان لە هەموو هەفتەیەکو مانگێکدا بە پەخش کردنی ڕۆژنامەیەکی تەمەن درێژ خایەنو دوو گۆڤاری هەردەم لە بەر دڵانو بەشداری کاریگەرانەی لە زیندوو کردنەوەو هێنانە**

بەرهەمو یەکاڵا کردنەوەی ئەدەبو ڕۆشنبیری کوردی لە تۆبی ئەو کتێبە بەنرخانەی کە بە بەردەوامی لە دەزگاکە چاپ دەکرێتو بڵاو دەکرێتەوەو خەڵکی ئەم وولاتە پەنجەی ڕێزو ستایشی بۆ دەکێشنو لە نامێزی خۆشەویستانەی خۆی گۆشی دەکات ، ئەمجاریان وەك ساڵانی بەر لە ئێستا جارێکی تریش هەمان دەزگاو هەمان ڕۆژنامە نووس و کارگەرو هونەرمەندە چاو نەترسەکانو ئەدیبە ئازیزەکان دیاری خۆیان ئاراستەی ئەم خەڵكو خوایە کرد .

* لە پارێزگای هەولێر مەڵبەندی ئۆتۆنۆمی کوردستان دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە چوارچێوەی ئاهەنگەکانی حەفدەی گەلاوێژی مەزن لە ڕۆژانی ١٢ تا ١٨ ی ئەم مانگە قەشەنگترین فیستیڤاڵی هونەرو ڕۆشنبیری سازدا کە هونەرمەندانو ئەدیبانی کوردستان بە تێکڕایی بەر شداریان کرد ..

*** پێشانگای چاپەمەنی کوردی**

لە سەعات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی ١٢-٧-٩٨٢و لەژێر چاودێری بەڕێز مامۆستا محمد امین محمد احمد ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری ولاوانی ناوچەی کوردستان پێشانگایەکی تایبەت بە چاپەمەنی کوردی کرابەوە .. کە زیاتر لە (٧٠٠) کتێبکی کوردی بەخۆوە گرتبوو ..

لە کاتی ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگاکە بەڕێزان احسان هیبة مفتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانو سعاد تاهەبانی ئەمینداری گشتی شارەوانیو هاوبنە هەوارەکانی ناوچەی کوردستانو هەردوو جێگری ئەمینداری ڕۆشنبیریو لاوانو شارەوانی هاوبنە هەوارەکانو عبدالستار طاهر شریف سکرتێری لیژنەی مەرکەزی پارتی شۆڕشگێری کوردستانو نوێنەری ئەنجومەنی پێشمەرگەو جەماوەرێکی زۆر لە هونەرمەندانو ئەدیبو ڕۆشنبیرانی کورد ئامادەبوون ..

ئەدیبی ناسراوی کورد محمود زامدار کە یەکێك بوو لە ڕێکخەرەکانی ئەم پێشانگایە لە لێدوانێکی کورتدا قسەی بۆ کردینو وتی : -

هەر کردنەوەی پێشانگاکە ئەنجامێکی پێرۆزی بە دواوەیە ... سەرەڕای ماندوو بوونێکی زۆر توانیمان ئەمجارەیان پێشانگاکە زۆر بە ڕێك و پێکی بێت .. بۆیە کە بینیت دابەشی چەند بەشێکی گرنگ کرابوو لەمانە قۆناغی ڕۆژنامە نووسی کوردی لە (کوردستان)ەوە تا « هاوکاری » ئەمڕۆ ..

لە هەمووی مەزنتر پێشاندانی یەکەم کتێبی کوردی کە (دیوانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی) بوو تا دەگاتە دوا کتێبی چاپکراوی کوردی کە کتێبەکەی (عەمەرێ جەلالی) بوو ...

چوار ڕۆژی خایاند ، ئەوەی نوێ زۆر بە گەرمی بەوە پێشوازیان لەو پێشانگایە کرد ، بووە شوێنی گەلێك گفتووگۆی بەچێژو رادەربڕینی پێرۆز ..

*** هونەری تەشکیلی ..**

هەر لە بارگەی کۆچەرێتی ئەمجارەی فیستیڤاڵدا ، کەژاوەی بوکێنی هونەرمەندانی نیگارکێش لە کوردستاندا جوانترین بابەتو ڕازاوەترین ڕەنگو بۆیە بوو بە میوانی ئەم شارە ئازیزەی کە قەڵا دێربینەکەی بۆتە پێشوازی چی یەکی هەمیشە دڵفراوان ... دەستو پەنجەی پێرۆزی ئەم هونەرمەندانە بوو بە عەشقی پڕ لە ئەڤینی خەجو سیامەندو مەمو زینو محمدو سێوێو ئینجا مەهابادی چاوگەش..

لەسەر تایتلی بەشداربوان پێشانگای تەشکیلی کوردی ئەم ناوانەمان بەرچاوە کەوت:

١ - کوێستان جمال علی
لە سلێمانی

٢ - حسین عبدالله طه
لە هەولێر

٣ - فیصل عثمان
لە هەولێر

٤- دلڤین حسن شەنگاری
لە هەولێر

٥ - سەردار مصطفی
سنجاوی لە هەولێر

٦ - فارس سعدی
لە هەولێر

٧ - ادیب فائق احمد
لە سلێمانی

٨ - علی کریم امین
لە سلێمانی

٩ - فائق نوری
لە سلێمانی

١٠ - عمر رسول
لە سلێمانی

١١ - عدنان حسین ردێن
لە دهۆك

١٢- نەهرۆ محمودشوقی
لە سلێمانی

١٣ - جلال رۆوف محمد
لە فلورنسای ئیتالیا

١٤ - حکمت هندی
لە سلێمانی

١٥ - ناصر توفیق
لە سلێمانی

١٦-ئازا حسیب قەرەداغی
لە سلێمانی

١٧- اسماعیل محمدعزام
لە دهۆك

١٨ - لقمان میرزا رشید
لە سلێمانی

١٩ - حمە سعید باپیر
لە سلێمانی

٢٠ - فەرهاد حمەمین
لە سلێمانی

٢١- دارامحمد - لەهەولێر

٢٢ - عثمان قادراحمد
لە سلێمانی

٢٣ - گوهدارصلاح - لە دهۆك

بچکۆلە ترین هونەرمەند لەو پێشانگایە « کوێستان جمال » بوو ، بەڵام لەگەڵ ئەو ئەمەنەشیا توانیووی نوانای خۆی بخاتە کارو بەشداری بکات لەم پێشانگا گەورەیەی هونەرمەندانی کورد ...

بەتێکڕایی تابلۆکان ئەوێنیان جێهێشت لە دەروونی ئەم خەلکەو چەپڵەی بافەرین بۆ ئەم هونەرمەندە ئیسك سوکانە لێدراو ماچی خۆشەویستانەیان ئاراستە کرا ..

● شیعریش دندارێکی ڕاستەقینەیە ...

ئێوارەیەك لەو گەرمای هاوینەو ڕێکەوتی ١١-٧-١٩٨٢ ، لەژێر چاودێری بەڕێز ئیحسان هیبەالله مفتی سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان بەوەکالەت ، چەپکێك لە هۆنراوەو کۆمەڵێك لە کوریژکەو شاعیرە گەورەکانی کورد خزانە ناو سینگەو بەرۆکی دەزگیرانی شیعر لە هەولێردا لەو شارەی کە دڵداری شاعیرو صافی هێرانی وەڵامێ خۆیان دەدابەوە دەنگو سەدایی هەیبەت سوڵتانو باواجیو حاجی **قادر** لێی دەچریکاندو دەیوت :-

ووتم بە بەختی خەواڵو وەرە توبی خوا هەر لەگەڵ دەنگدانەوەی ئەم هاوارە شیرینەی حاجی قادری کۆیی، شاعیرە دڵ ناسکەکانی ئەمڕۆمان لەبەردەمی میکرۆفۆندا ، شیعریان ووت.

باسی ئەڤینو عەشقو وولاتو نێوەیان کرد .. محمد صالح دیلانو مەدهۆشو حسیب قەرەداغیو عبدالله عباسو صدح شوانو ناظم دلبەندو سکەنان عبدالحکیمو عمان شەیداو فریا جاف و ئەژی گۆرانو حسن عەوالانیو مکرم رشید ئاڵەبانیو دکتور شۆو ڕۆستەم باجەلانو عەریب ڕۆوفو حمە علی ووریاو خالد حسین دۆسکیو عدنان یونس بنیو حکمت محمد سعیدو جمیل حاجی کریمو ڕمضان عیسیو شکری سلیمانو شکری اسماعیلو شیخ محمدی باڵەکو محمد عبدالله احمدو نجیب صالح محمدو سەربەست زەندیو سید جلال بەرزنجی ... ئەمانە بوون چەپڵەی خەڵکی ناو هۆڵەکەیان دەقۆستەوەو ماچی گەرمیان دەبەخشیە ئەم ڕۆژگارە ...

● گۆرانیو مۆسیقای کوردی ...

هەر لە کەلی نامێدیو دهۆکی ڕەنگینو وولاتی پاشای گەورەی ڕەواندوزو شارە خنجیلانەی حاجی قادری کۆیی و هەولێری خاوەن گەلێك سەربردەو شتی پێرۆز ، هونەرمەندانی دەنگخۆشو مۆسیقا ژەن ئەم هەوارەبان ڕازاندبۆوە ، سەدای لۆرکێو ئایشۆکێو ئەلەزەو دەنگو ئاوازی « ئەنیا عارەب عوسمانو جەلال سەعیدو فیانو سوزان » ببوون بە پارچەیەك زەناو دەرژانە ناو گوڵشەنی ئەو ڕۆژە پاکەی کە ئەمانەی بە دیداری خۆشەویستی یەکتر شادکردبوو . . .

« دڵشاد»ی هونەرمەند بەنجەی ببوو بە پەرستگایەك هەموو کەمانەکان کڕنۆشیان بۆ دەبرد ، هەتاوی نەورۆز ببوو تاڵی قژی کەمانجەکەی و

Institut Kurde de Paris

تۆماریک لە فیستیڤالی هونەری و رۆشنبیری کوردیدەوە

گەورەترین پیشانگای کتێبی کوردن ..

دەریان هونەرمەندو تابلۆی ڕەنگینی هونەری جوان

شیعرو .. خۆشەویستی و ژیان

ئاوازی بە شورەی کوردی وەدەنگی بە شورەی هونەرمەندی

گوتنی مونا صبری

● دابەش‌کردنی ژمارەی زۆر لە کتێبی کوردی ٠٠ ٠

لە نێو گەڕی ئەو چالاکی‌یانە ، دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ٠٠ (٧٠٠٠) هەزار دانەی لە ووتەکانی سەرۆکی فەرماندە هەڤاڵ «صدام حسین»ی دابەش کردە سەر ڕۆشنبیران‌و جەماوەرانی بەشدار بوو ، سەرەڕای دابەش‌کردنی (٥٠٠) دانە لە چاپکراوەکانی هەردوو گۆڤاری «بەیان‌و ڕۆشنبیری»و کتێبی «عەمەرێ جەلالی »٠٠

سەربردەو ئەوینی مەم‌و زین‌و عەشقی پڕ لە زراڤی خەجنی بۆ سیامەندی دەگێڕایەوە ، کوڕە نوڕی کۆیەو ڕەوانەوزێ هەرخۆیان بۆ خۆیان دروست‌کەری ئەم ڕەشبەلەکە کوردەواری‌یانە بوون ، کەتیکەڵ‌بە پێکەنین‌و حەنین‌و چۆڕاوگەی گانیاوەکانی جوندیان‌و هۆزەمەرقوچانی دەبوونەوە ٠٠٠

شەوگارێک بوو کە دەیکردە ڕۆژی ١٧-١٨-١٩٨٢ ٠ ٠ ئەم تیپانە پەیتا پەیتا چاوەگەشەکانیان لە دونیای پڕ لە عەشقی گۆرانی‌و هەڵدەهێنا ٠٠٠٠

● تیپی مۆسیقای کەمانی « خانزاد»ی سەر بە یەکێتی کشتی ئافرەتانی عیراق لفی هەولێر ٠

١ - سرودی ئەوزاو/ئاوازو دابەش‌کردنی جان تۆماس گوتنی سۆزان‌و فیان بە یارمەتی کۆرس ٠

٢ - کچە کوردی جەنگاوەر ئاوازو دابەش‌کردنی جان تۆماس ٠
گوتنی فیان فایق

٣ - لورکێ
شیعرو ئاوازی فۆلکلۆر
دابەش کردنی جان تۆماس
گوتنی کۆرس

● تیپی باواجی کۆیە

١ - باوەمیری
کۆرس

٢ - گەشتێك
صلاح محمد

٣ - چنارۆك
کۆرس
شیعرو ئاوازی فۆلکلۆر
ئامادەکردنی زاهید محمد

● تیپی پاشای گەورە لە رواندوز

١ - دەلالێ
کۆرس

٢ - لێ‌دینێ
کۆرس

٣ - مەندانە
احمد محمد شریف

٤ - ئەمان دەردم چارەگە
- احمد محمد شریف

٥ - بەدارێم وەکەن
- کۆرس

ئەم گۆرانی‌یە بە چێژانە هەمووی لە ئامادە کردن‌و دابەش کردنی هونەرمەندی لێ‌هاتوومان زرار محمد مصطفی بوو ٠٠٠

● بۆ ڕۆژی دووەم تیپی (خانزاد)ی کچان ٠٠٠

گ - ئایشۆکێ دەلالێ
فیان فایق

٢ - ئەلەززە
فیان فایق

٣ - خانەمیری
سۆزان فایق
شیعرو ئاوازی فۆلکلۆری
دابەش کردنی ووریا احمد

٤ - پەشێمانی -
سۆزان‌و فیان فایق
شیعری گۆران
ئامادەو دابەش‌کردن‌و ئاوازی ووریا احمد

● لە وولاتی گۆران‌و احمد مختار جاف‌و نایەب‌ەك ٠٠٠ لە هەلەبجەی سلێمانی شارە پیرۆزەکەی حوێن‌و بەفرو عەشق دەنگی زابەلەی قەناری جافان‌و خوڕەی گانیاوەکانی « بەمۆ » بە دیداری خۆشەویستانەی «سەفین»ی حوێن شیرین شاد بووەو سەربردەو مێژووی عەشقبازانەی « وەلی دێوانە »ی بۆ ڕەعیەتی ئەم هەوارە دەگێڕایەوە ، ئاوێکی خۆشنوودی ڕەنگی ئەم گۆرانی‌یە هەورامی‌یانە ئەو ناوەی هێنایە هەژین‌و لەپای تیپێکی میللی ٠٠ محمد عەبدولی هونەرمەند بە دەنگە پڕ لە سۆزەکەیەوە گەشتەکەی هەورامانی « گۆران »ی ئەمری دەگێڕایەوە تا درەنگی شەو ، دەنگی باڵەبانێ‌و ساز‌و سەنتوری کوردەواری‌یانە ئەچریایە گوێ‌و دانبشتوانیش لەگەلیا دەتوانەوەو هەلدەپەڕین ٠٠٠

● تیپی هونەری هەولێر

١ - ئەگەر ڕۆژێ نەبتینم
- ئەنیا عارەب عوسمان ٠

٢ - ئەگەر تۆ نەلی
- جەلال سەعید ٠

٣ - ئەرێ هۆ لەیلی
- نیزام سەعید ٠

شیعرو ئاوازی فۆلکلۆری
ئامادە کردنی ووریا احمد

● تیپی مۆسیقای دهۆك

١ - گەیێن گەرا جەنگا
شیعری محسن قوچان
ئاوازو دابەش‌کردنی
دلشاد محمد سعید
گوتنی کۆرس

٢ - لێلێ وەسۆ
شیعرو ئاوازی فۆلکلۆری
ئامادەو دابەش‌کردنی
دلشاد محمد سعید
گوتنی مونا صبری

٣ - پارچە مۆسیقای «کۆچەر»
ئاوازو دابەش‌کردنی
دلشاد محمد سعید
شیعرو ئاوازی فۆلکلۆری

٤ - نێرگز
ئامادەو دابەش‌کردنی
دلشاد محمد سعید
گوتنی نەجات عبدالمسیح

٥ - گۆلوکێ
شیعرو ئاوازی فۆلکلۆری
ئامادەو دابەش‌کردنی
دلشاد محمد سعید

● میوانانی فیستیڤال ٠٠٠

کاتی بانگ کردن بۆ هەموو ئەدیب‌و ڕۆشنبیران لە کوردستان‌و لە بەغدا ئاردرابو لە لایەن دەزگای ئاوبراو هەندێك لەمانە بە ئەرکێکی گرانیان زانی بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی‌و هونەری کوردی وا بکەن ، بەڵام ئەم مامۆستاو ئەدیبە ئاسراوانەی کە ئاویان دەهێنین هەر لە یەکەم ڕۆژی فیستیڤالەکەوە بەو پەڕی خۆشحاڵی‌یەوە بەشداری‌یان کرد ٠٠

● دوا ووتە ٠٠٠

دوورە پەرێزی ئەدیب‌و هونەرمەندەکانمان ئەوە ناگەیەنێ کە خرمەت بەبەخشنە میلەتی کورد بە دوورکەوتنەوەیان لە کۆڕی ئەدەب‌و هونەری وەك ئەم جۆرە میهرەجانانە ٠٠٠

ئەمە نە هەڵوێستیشمە ئەگەر هەندێك لەمانە بە هەڵوێستی دەزانن ٠٠٠ چونکە دەبێ ئەو ڕاستی‌یە باش بزانرێ کە هونەرو ڕۆشنبیری کوردی ئەمڕو زیاتر پێویستی بەوە هەیە کە هەوڵی بۆ بدرێ‌و پێش‌بخرێت ، بۆ ناساندنی زیاتری ئەم کەلەپورە پیرۆزەی کورد٠٠٠ ئەوەی ئەمڕۆش ئەوەی دوێنێ نیە ، زۆر بە زوویی چاك‌و خراپ لێك دەکاتەوە٠٠ کپ‌بوونی ئەمانە ئەنها دەبێتە هۆی لاوازی‌و بەرەو دواوە چوونی ئەدەب‌و هونەری کوردی وانە ئەمە کەی « هەڵوێستە » ٠٠ بە پێچەوانەوە هەڵوێستێکی سلبیانەبە بەرامبەر بە گەلی کوردو ڕۆشنبیری کوردی ٠٠٠

Institut kurde de Paris

رووداوەکان بەوێنە

لە بەیروتەوە بۆ سەرە داگیرکاران

رووبەرووی چاوەڕێی یەک چارەنووسی ڕەش

هەفتەکان بەخێرایی تێدەپەڕن و شۆپ بارانو بۆردوومانی ژاپۆنی کینە لەدل ناکو بێت زیاد دەبێت ناکو وێرانکاری زیاتر بخوڵقێنێ و ژمارەیەکی زۆرتری دانیشتوانی بێتاوان بکوژێت . لەگەل ئەوەشدا هێزە داگیرکەرەکانی ژاپۆنی جگە لەشکستی و سەر لێشێواو زیانی زۆری بێ کۆتایی ، هیچی تری دەستگیر نابێت .

پاش ئەوەی هێزەکانی ئابلۆقەدانی سەربازی خۆی بۆبەیروتی ڕۆژئاوا تەواو کردو کەوتە بەردەم رووبەڕووبوونەوەی راستەو - خۆی هێزە خۆقایم کەرەکانی فەلەستینییەوە کەبەچاکی و بەهێزیەوە لەناو پایتەختو دەوروبەریدا خۆیان قایم کردبوو ، بارودۆخێکی سەربازی نوێ هاتە کایەوە کەژاپۆنیەکان بەووردی حسابیان بۆ نەکردبوو ، هەروەك ئەوە عادەتیانەو خۆیان بۆخۆیانی هەلدەبەستن کەناچاری بەجێهێنانی گەلێك گۆڕانکاری و ئالوگۆڕی کتوپڕی کردن لەو پلانەی کەئامادەو نەخشە کێشرابوو بۆ ئەم داگیرکردنە لەلایەنەکانی سەربازی و رامیاری و دەروونییەوە .

چیکۆف - پاشماوە
- ٢ -

چیکوف زۆر بە سووکو ئاسانی چیرۆکەکانی خۆی نووسیوەو زۆربەیان کۆمیدی بوون . دەیگوت : وەك بلبل بخوێنێ وا دەنووسم ! . واتا هیچ خۆی ماندوو نەکردوە بایەخی نەداوەتە چیرۆکەکان تەنیا دووای یەکەم چوونە پەترۆس بۆرگ نەبێ ، کە وەك نووسەرێکی لێهاتووی سەیر دەکرا ، ئەوکاتە بریاری‌دا هونەرەکەی پوخت بکات .

ڕۆژێکسیان ، برادەرێکی دەیبینێ چیرۆکێکی تۆلستۆی رووتووس دەکا . پرسیاری هۆیەکەی لێدەکات ، چیکوف وەلامی دەداتەوە : دووبارە دەینووسمەوە ! برادەرەکەی لای سەیربوو بەوپەری سەربەستی دەستکاری بەرهەمی مامۆستا بکرێ .. ئەم کارەی چیکۆفیش هەر بۆ فێر بوونو ڕاهێنانی شێوەی نووسەرانی تر بووەو وا بزانم ئەو مەوڵو تەقەلایە داویەتی بێسوود نەبوونە ، چونکە دارشتنە گونجاوەکەی چیرۆکی - جوتیارەکان - لە دارشتنی - مەدام بۆڤاری -ی فلوبێر کەمتر نیە . ئێمەی کە بە زمانی خۆمان شتی وەرگێڕدراو دەخوێنینەوە ، دەبێ ئەوە بڵێینی کە لە ووردترین گۆڕینکاریدا تامو هەستی نووسەر گوم دەبێ .

چیکۆف لە چیرۆکەکانیدا بایەخی بە (تەکنیك) داوەو داوای دەکرد وشەی زیاد نەخرێتە ناو چیرۆك « دەبێ شتی زیاد ڕەش بکرێتەوە .. ئەگەر لە بەشی یەکەمدا بڵێی تفەنگێك بە دیواردا هەڵواسراوە ، پێویستە لە بەشی دووەم یا سێیەم ئەو تفەنگە بتەقێ » .

قسەکانی بەجێیەو خۆی توانیویەتی باسی شەوێکی هاوین بکات بە دوو وشە .. ئەمەیان توانایەکی بێ هاوتایە . لە نامەیەکیدا دەڵێ « دەریا پێدەکەنێ .. ڕەنگە بەختەوربیت بەم پێکەنینە .. بەڵام شتێکی پووچو بێمەعنایە ، چونکە دەریا نە پێدەکەنێو نە دەگری ، دەریا دەقیژێنێو دەدرەوشێتەوە .. بزانە تۆلستۆی دەڵێچی : « خۆر هەڵدێو ئاوا دەبێ .. باڵندە دەخوێنێ » نە کەس پێدەکەنێو نە کەسیش دەگری .. ئەم ساکاریەیە شتە سەرەکییەکەیە » .

قسەیەکی راستە ، بەڵام ئێمە سروشتمان لە کۆنەوە شبهاندیتە مرۆڤو چیکۆف خۆیشی ئەمەی بە کارهێناوە . ئەوەتا لە چیرۆکی - زۆرانبازی -دا دەڵێ : « ئەستێرەیەك درەوشایەوەو چاوێکی نوقاند » . من بەربەرچی ئەم قسەیەی نادەمەوە چونکە - لە راستیدا - پێمخۆشە . سەختترین کاری چیکۆفرەشکردنەوەی سەرەتاو کۆتایی چیرۆك بوو . برادەرەکانی رایان وابوو ، دەستدووسەکانی بەرلەوەی تێکیان بشێلێ بدزرێن : ئەگینا بەم نەزمە دەینووسێ : « هەردووکیان حجێل بوونو یەکتریان خۆش گەرەكبووو زەماوەندیان کردو بەختەوەر نەبوون لە ژیاندا » . کە ئەمەیان لە چیکۆف دەگەیاند دەیگوت : « لە راستیشدا هەروایە . » ! .

چیکۆف « مۆبۆسێە »ی کردبووە نموونەو ئەگەر خۆی ئەمەی نەدرکاندبایە باوەڕم نەدەکرد . لە بەرئەوەی شێوازو ئامانجی هەر یەکیان جیاوازە . مۆبۆسێە ئامادە بووە فیداکاری بە مەعقوول بدات لە پێناو بەدەست هێنانی مەبەست .. پێمواییە چیکۆف لە دراما لای‌داوەو چارەسەری باروزرووفی کەسانی ژیان سادەو ئاسایی کردوە . لە نامەیەکدا دەڵێ : « خەڵك ناچنە تاوەری باکوورو لە بەفری چیاو شاخ خلیسکێ ناکەن ، بەڵکو دەچنە نووسینگەو لەگەل ژینان شەڕ دەکەنو شۆربا فڕ دەکەن » .

من لەگەل ئەمەدانینم ، چونکە ئەگەر لە بەفری شاخو چیاش نەخلیسکین خۆ دەڕۆنە تاوەری باکوورو تووشی رووداى ترسناكو پڕ لە ئازارتریش دەبن ، بۆ باسیان نەکرێ ؟ باوەڕ ناکەم چیکۆف بەم شێوەیە بۆ مەسەلەکە چووبێ : بۆ ئەوەی چیرۆك هەبێ ، پێویستە پارەی خەرجی ڕۆژانەی نووسینگە « نشربة » بدزنو شۆربا فڕ بکەنو بەرتیل وەربگرن ، یانیش دارکاری ژینان بکەن .

هەرچەندەی چیکۆف ماوەیەکی یەجگار کورت پزیشکی کردوە بەڵام ئەم پیشەیەی خەڵکێکی زۆری پێناساندووە لە جوتیارو بازرگانو کرێکاری کارگەو خاوەن بەرژەوەندیو فەرمانبەری بچووكو ئاغاو دەرەبەگ کە دەورێکی وێرانکاریان دەگێرا لە ژیانی گەلدا بە تایبەتی دوای رزگار کردنی کوێلەی زەویو وا دیارە هیچ جۆرە پێوەندیی لەگەل چینی دەولەمەندو ئەرۆستکراتی نەبووەو تەنیا لە یەك چیرۆکدا باسی ژیانی ئەم چینەی تیایە . کەچی زۆر بە مزەوانی باسی کرێکاری کارگەی کردووە کە ڕۆژی دوازدە سەعات ئارەق دەڕژن لە پێناو گیرفانی خاوەن کارگە . باسی چەپەڵی دەرەبەگو بێشەرەفیی بازرگانەکانی کردووە ، هەروەها تەمەڵیو ستیو کوێرەوەری جوتیارانی برسیو کەمکرێو تەویلەی پڕ لە مشكو زینەواله .

ماویەتی

سەرەکی فەرمانده - پاشماوە

لە راوەستانی عەرەبییەك لە پاڵ بێکانەدا لە کاتێکدا کە بێخانە شالاو بۆ عەرەبییەك دێنێ .

هەروەها بەرێزی ستایشی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبو فەرەنساو نێوان عێراقو فەرەنسای کردو باسی شادومانی عێراقی کرد لە پەرەسەندنی هەڵوێستە ئێجابیەکانی فەرەنسادا سەبارەت بە مەسەلە عەرەبیەکان بە تایبەتی داگیر کردنی لوبنان لە لایەن زایۆنیەوەو جەنگی نێوان عێراقو ئێران ، وە هەوڵدانی عێراقیشی دووپات کردەوە بۆ پەرەپێدانو فراوانکردنی ئەو هاوکاریەی کە لە نێوان عێراقو فەرەنسادایەو زیاتر چەسپاندنی ئەو بڕوایەی کە لە نێوان هەردوو لادایە .

هەروەها سەرەکی بەرێز لە وەلامی پرسیارەکانی ڕۆژنامە - نووسی فەرەنساییدا باسی باردۆخی پتەوی وولاتەکەمانی کرد لە لایەنی رامیاریو ئابووریو سەربازیو مەعنەویەوەو هەروەها راستیەکانی جەنگی نێوان عێراقو ئێرانو باری عەرەبی بە شێوەیەکی گشتیو ڕۆڵی عێراق لە بزووتنەوەی بێلایەنیداو میواندارێتی کردنی کۆنگرەی بالای حەوتەمی وولاتانی بزووتنەوەکە کە لە ئەیلولی داهاتوودا دەبەسترێ بەو شێوەیەی کە کاری بزووتنەوەکە زیاتر چەسپاو بکات لە چوارچێوەی دەولەتانو پەیوەندییەکانی دەولەتاندا .

ئەم چاوپێکەوتنەدا بەڕێز خالد عبدالمنعم رشید سەرەکی دیوانی سەرەکایەتی کۆماری ، ڕازکری گشتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە وەکالەتو بەرێز بەریزەبەری گشتی فەرمانگەی ڕۆژنامەنووسیو راگەیاندن لە سەرەکایەتی دیوانی سەرەکایەتی کۆماری ، ئامادە بوون .

جیهان باسی - پاشماوە

کە عیراقیەکان مەردانە بەرووی ئەو چوار پەلامارەدا وەستان کە لە ١٣ ئەموزەوە هێزەکانی ئێران کردیانە سەر کەرتی بەسرە .

دەربارەی ژیان لە شاری بەسرە ئاژانەکان دانیان بەوەدا ناوە کە ژیان ئاسایەو لەگەل ئەو شەڕە گەرمەی لەو ناوچەیە هەبوو هەموو پێداویستەکانی ژیان بە ئاسانی دەست خەڵك دەکەوێتو کاروبار لە هەموو پرۆژەو لایەنەکانی تری ژیان زۆر ئاسایی دەروات .

ئاژانسی دەنگو باسی خەلیج راپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوە دەڵێ شەری ئەم دواییەی ڕۆژهەلاتی بەسرە ئەوەی سەلماند کە هێزەکانی سوپای عیراق هێشتا بەهێزو مەردو خۆراگرتون .

باری لوبنان - پاشماوە

بە پێچەوانەی ئامانجە ناپەسەندەکانیەوە نەیتوانیوە لە تواناو هێزی خۆراگرتنی بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان کەم بکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێزەکانی ڕوو بە رووی بە گژاچوونی توند دەبێتو ڕۆژ بە ڕۆژ زیانی گەورەی لێدەدرێو بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینو بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان دەست لە ناو دەست مەردانە لەو هێزانە دەدەنو زیانی سەرومالی گەورەی پێدەگەیەنن .

بە تایبەتی لە خوارووی لوبناندا هێزە هاوبەشەکانی بزوتنەوەی بەرگری لوبنانو فەلەستین دەستی مەردانە لە هێزەکانی زایونی دەوشێنن بە جۆرێ کە ئەو هێزانە چاوەڕێی نەبوون .

رووداوەکان - پاشماوە

*** پاریس**

دەربارەی ئەو هەواڵەی رواڵەی ئاوو هەوای هوڵندە بڵاوی کردەوە کە فەرەنسا تانی کردنەوەی ئەتۆمی لە دورگەی موروا کردوە حکومەتی فەرەنسا بێدەنگەو هیچ قسەی نەکردوە .

*** قاهیرە :**

سەرەکی میسر خسنی مبارك نامەیەکی بە کمال حسن وەزیری دەرەوەی میسر دا ناردەوە بۆ ڕێکانی بەعدا بە بەرپرسی بەعدا بە ئەمریکا کە پەیوەندی بە باری ناوچەکەوە هەیە .

بەگژاچوونی - پاشماوە

لە بەیاننامەیەکیشدا کە لە مەکتەبی پاسداره‌کانی خومەینی یەوە دەرچووەو رادیوی تاران رای‌گەیاند ئەڵێ گوایە جوار وەکیلی هیزە بەربەرەکانی کارەکانی ئێران دوزراونەتەوەو ٤٨ کەس گیراونو دەستیان بەسەرچەکێکی زۆردا گرتوە.

چیرۆکی فۆلکلۆری -پاشماوە

بوو .. بۆ برقێنا ستێرا وەق وەقا بە قا .. دوڵو نە هاڵا ڕەنگێ خو گۆڕی ڕەشی بوون .. نیزە نیزا .. قبرە قێرا نا لێنا شێرێ بریندا رێ بێ فێلە لبنێ کە ڤری ما یە بێ خودان ..

هە رێ دبێژیت ئەز چووم تێژ کان ببن پێزان

دوژ منێ بابێ نایتە دوستێ کو ران .

ریڤی (کەنیو گوت) : با شە ئە ڤێ جا رێ ژی ئەز ژ مر نێ دەر چووم هە تا دبیت چەرخێ ئێشکێت وی یێت پێزان .. خودێ کە ریمە ئە گەر هەر دێ مرنا مە بدەستێن وان بیت چنکی با ڤو باپیر هەر دوو مەیێت کو شتین ، ئو لبنێ کە ڤری ز ڤریو چوو وە هنداپ کە لە خێ شێرێ بێ فێل دەستو پێت لێ شکە ستین هە ما نیزە نیزە کا ژێ دهێت .. دە ست ب گرا نا شێری کر ژ کور یێفە بوو سە ری پێچە وا نی جیها نێ .. پە شێما نی .. پە شێما نی ...

رژێمی شەڕ خوازی -پاشماوە

عێراقییەکان بەتایبەتی کورد کردووە کە بووسینو شیعرو هونەرەکانیان ڕەنگدانەوەی ستەمکاریو بێمێشکی کاربەدەستانی ئێران بن .

جا ئەگەر هاتوو ئەم شتانە باری ئابووری ناوخۆی ئێرانو خەباتی سیاسیو چەکدارانەی گەلانی ئێرانو ئەو شەڕەی کەوا لەگەل عێراقدا دەیکاتو زیاتر ماڵوێرانیو سەرگەردانیو دەربەدەریو برسێتی بۆ گەلانی ئێران دەهێنێتە بیشەوە وردبکەینەوە ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو رژێمە رەگەزپەرستە بە هیچ جۆرێك گەلانی ئێرانی لەگەلدا نییەو رژێمێکە لەسەر کوشتنو بڕینو لەسێدارەدانو برسی‌کردنی گەلانی ئێران خۆی ڕاگرتووەو بەم جۆرە نامێنێتەوەو ئەو گەلانەی کە توانیان بەخوێنی پاکی خۆیان رژێمی (شا) بڕوخێنن ئەم رژێمەش لەناودەبەنو مافی ڕەوای خۆیان وەردەگرن .

سەرکەوتنە مەزنەکانی - پاشماوە

بەدیل گرتنی ژمارەیەکی زۆرو چەکو تەقەمەنی ساغ دەستیبەسەرا گیرا .

ئاسمانی بەغدا سەربەرزە

هەر لەم ماوەیەدا دوژمنی چەپەل شێنانە ویستی بەختی بۆگەنی تانی بکاتەوە، دوو فرۆکەی نارده ئاسمانی بەغدا بۆ بۆردومان کردنی بەڵام هەر بە گەیشتنی بۆ سنووری بەغدا بەگوللەی تەیارە شکێنەکانمان یەکەمیان وردوخاش کراو دووەم ترسنۆکانە رای‌کرد .

جەژنانەی خومەینی بۆ گەلانی ئێران

لە یەکەم ڕۆژی جەژنی رەمەزانی پیرۆزدا ئەو جەژنانەکەی بۆ گەلانی ئێران پەردەی ئیسلامدا شاردۆتەوە ئەوەبوو بە دەیان هەزاری خەلەفاوی خۆی لەژێر فڕێدانە دۆزەخی شەڕو ناردنی بۆ پەلامارەدانی سنووری ڕۆژهەلاتی بەسرە، ئەمجارەش سنگی عیراقی پۆلاین سەری شکاندنو ئەوەی تیاچوو تیاچوو ، ئەوەی توانی رای‌کردو ئەوەی گیرا بەدیل گیرا ، لەماوەی ئەم دووهەفتەیەدا ، سەربازە دلێرەکانی سوپای عیراقی سەربەرز سەلماندیانو بۆ هەموو دنیایان روونکردەوە، عیراقی سەربەرز دەتوانێ دەرسێ بدات بە دوژمن کە هەرگیزاو هەرگیز لە بیری نەچێتو عیراقی لوتکە چۆك دانادات .

Institut Kurde de Paris

له یادی ٣٠ تەموزی پڕۆژدا

شۆڕشی گەل

شۆڕشی ١٧ – ٣٠ تەموزی نەمر کە لەساڵی ١٩٦٨دا بەرابەری حزبی بەعسی عەرەبی شۆشیالست بەرپاکراو نەخشەکێشو راپەرینەری بەرابەری سەرکردەی گەل صدام حسین بوو ، بۆ ئەوە بەرپا کرا کە عیراق هەستێتەوە سەرپێو ڕێگای سەربەرزی میژوویی بگرێتە بەر . بێگومان ئەم ولاتە ئازیزەی ئێمە لە دەمێکەوە جێگای چاو تێبرینی دوژمنانی چاو برسی بووە ، بۆیە زۆر جار نەیانهێشتوە هەستێتەوە سەرپێی، هەتا ئەگەر هەوڵیش درابێ زۆری پێنەچووە لە کەلەبەرێکەوە خۆیان پیا کردۆتەوەو رەنجو تەقەللای گەلیان بەفیڕۆداوە . هەتا کە شۆڕشی ١٧ی تەموزی مەزن بەرپا کرا ویستیان لە ڕێگای چەند بەکرێ گیراوێکی وەك نایفەوە گەمارۆی شۆڕش بدەنو نەیەڵن عیراق هەستێتەوە بەڵام بەژیریو لێهاتووی ئەو سەرکردەیەی ئەمجارە لە ناو گەلدا هاتو بۆ سەربەرزی گەل رابەری گرتە دەست بە لێهاتوویی‌و مەردانەو پشت بەگەل لە ٣٠ تەموزدا نیشانەکانی خراپەکاریو خەونەکانی دوژمنانی سەربەرزی عیراقی لە گۆڕناو عیراق هەستایەوە بۆ ئەوەی ئەمجارە کاروانی هەر بەرەو لوتکە بروات . ئەوە ١٤ ساڵ بەسەر تەمەنی ئەم شۆڕشە مەزنەدا رادەبوڕێ، ساڵ رادەبوڕێ ، ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر رەگی بەهێزو پتەو لە زەوی عیراقی بەئرخدا دادەکوتێو تبشکی بەهەموو لایەکدا برشنگ دەداتەوە ، ئەمجارەیان رابەرێك عیراق بەربوە دەبات کە لەبەردەم چاو برسیەتی هیچ دوژمنێکیا نەهێشتەوە، سەرکەوتنە میژوویەکانیشمان بەڵگەی ئەم راستیەنو کاروان تا دێ گەورە دەبێتو عیراق تادێ مەزنتر دەبێو بۆ پێشەوە .

هاوکاری

لە قیستقاڵی هونەرو ڕۆشنبیری کوردیدا

ڕێزگرتنی هونەرمەندو ڕۆشنبیرانی قیستقاڵ کە

لە دوا ڕۆژی قیستقاڵەکەدا ، چەند ئاهەنگێکی خنجیلانە سازکرا ، بۆ بەخشینی دباریو پاداشتی لیژنەی باڵای سەربەرشتی قیستیقاڵەکە بەو ڕۆشنبیرو هونەرمەندو نیپانەی بەشداریان کرد بوو . لەو ئاهەنگانەدا بەرێز مامۆستا مصلح مصطفی جەلالی بەریوەبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیریو بلاو کردنەوەی کوردی سەرەکی لیژنەی باڵای قیستیقاڵەکە لە وتەکانیا سوپاسو ڕێزی پیشاندا بەرامبەر بە دەنگەوە هاتنی دڵسۆزانەی ئەو ڕۆشنبیرو هونەرمەندانە کە دەوریکی پیرۆزیان گێڕا لە سەرکەوتنی قیستقاڵەکەداو ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەم بەدەنگەوە هاتنەیان شادمانی کردینو هانمان دەدات کە لەمەودوا هەنگاوی بەکارتر بنێین لەنواندنی چالاکی تری فراوانی بەم جۆرەی کە دەبنە هوی پتەکەوتنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریو هونەری گەلەکەمان دیسان مامۆستا جەلالی ئەوەی ڕوونکردەوە کە لەسایەی بایەخدانی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشداو ئەو گورانکاریە گەورانەی لەوڵاتەکەماندا بەرابەری سەرەکی فەرماندە صدام حسین ڕوو دەدەن ئاسۆیەکی فراوان لەبەردەم ئیستاو پاشەڕۆژی ڕۆشنبیریو هونەری گەلەکەماندا کراوەنەوە کە ئێوە دەتوانن سوودی بەراستی لێببینن لەسەر ڕێگای بەهیزکردنی یەکیتی نیشتمانیمان .

لەو ئاهەنگانەدا ، دیاری بەنرخ پێشکەش بەتێکرای ئەو ڕۆشنبیرو هونەرمەندو تیپانە کرا کە بەشداری قیستقاڵە کەیان کردبوو . ئەم لایێ کردنەوە بەنرخەش جێگای رەزامەندیو سوپاسی هەموو لایەکبوو ، ئەدیبو ڕۆشنبیرو هونەرمەندەکان ، ئەوەیان دووپات کردەوە کە هەمیشە ئامادەن بەشداری چالاکیەکانی دەزگای ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی بکەنو لەو ڕێگایەوە بەشداری لەخزمەتی ڕۆشنبیری گەلی کوردو عیراقدا بەر فراوانتر بکەن .

بە دەنگەوە هاتنی ڕۆشنبیرو هونەرمەندانە هانمان دەدات چالاکی گەورەتر بنوێنین

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرەکی فەرماندە

ڕۆشنبیرو هونەرمەندانی گەلی کورد دەستی ڕێزلە بەتەنگەوە هاتنی سەرکردایەتی شۆڕش دەنێن بەرامبەر گەلی کوردمان

ڕۆشنبیرو هونەرمەندانی ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی دەستی ڕێزیان ناوە لەو بریارانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە دەبنە هوی پەرەپێدانی ناوچەکەو بە گوڕکردنی کاروانی شۆڕشو یەکگرتنی زیاتری جەماوەر .

لەو بروسکەیەدا کە لە کۆتایی قیستقاڵی هونەریو ڕۆشنبیری کوردیدا ئاراستەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌یان کردوە ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە وشەی کوردی هەمیشە دڵسۆزی بیرو باوەری شۆڕش دەبێتو بەرگری لە دەستکەوتە گەورەکانی دەکات .

ئەمەش دەقی بروسکەکەیە: بە ناوی ڕۆشنبیرو هونەرمەندو شاعیرە کوردەکانەوە لە ناوچەی کوردستان کە لە هوڵی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر لە چوارچێوەی قیستقاڵی هونەریو ڕۆشنبیری کوردیدا کۆبونەوەو دەزگای ڕۆشنبیریو بلاو کردنەوەی کوردی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن سازی کردوە سلاو لە پاڵەوانی سوپای ئازامانو خۆراگرتنی گەلی پاڵەوانمان دەکەین لە ژیر ئالای شەکاوەتاندا بۆ پێشل کردنی دوژمنی ناپەسەند لە تاقمەکەی خومەینی تاوانبارو بۆ بەرگری لە خاکی ئازیزی عیراق .

سەرەکی بەرێز وشەی کوردی دڵسۆز هەمیشە بەرگری کار دەبێ لە دەستکەوتەکانی کاروانی گەلی سەرکەوتومانو یەکیتی نیشتمانی عیراقو دەربری ویژدانی نیشتمانی کوردەبێو چەك دەبێ بەرووی چاو برسیەتی بێگانەوپیلانەکانی هیزە شەرخوازەکان کە دژی یەکیتی گەلی عیراقو شۆڕشە مەزنەکەیو سەرکردایەتی مەزنتان سازی دەکەن .

سلاوو ڕێزمان بۆ هەڵویستە مرۆڤابەتیە پیرۆزەکانتانو بریارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ پەرەپیدانی ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستان بێگومانین رەوتی کاروانی شۆڕشی ١٧ – ٣٠ تەموزی پیرۆزو یەکگرتنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، بۆ بینا کاری عیراقی مەزن پتەو دەکات .

سلاوو ڕێز لە گیانی شەهیدان کە بە خوینی گەشیان قوربانیاندا بۆ بەرگری لە عیراق لە قادسیەی دووەمو شۆڕشە رابەرەکەیدا .

مصلح مصطفی جەلالی
سەرەکی لیژنەی باڵای قیستقاڵ

لەمەڵبەندی سەربەرشتی زانستی

بەهرەی زانستی دەگەشێتەوە

نووسینگەی هەولێر

دامەزراندنی مەڵبەندێکی وەك مەڵبەندی سەربەرشتی کردنی زانستی لە شاری هەولێردا ، خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی نوێو دەستپێشخەریەکی گەورەیە بۆ پێگەیاندنی چەندان بەهرەی زانستی لە هەمو بەشەکانی زانیاری. ئێواران ئەم مەڵبەندە خنجیلانە دەبێتە هۆلێکی فراوانی زانستو قوتابیو لاوان هەریەکە لە لای خۆیەوە دەیەوێ بگاتە ئەنجامێکو بەمەش چەندان لاوی بەهرەمەند بۆ پاشەڕۆژ پێدەگەیەنرێن ..

بەم شێوەیە قسەمان لەگەڵ بەرێوەبەری مەڵبەندەکە خاتوو «ناسکە محمد» دەستپێ کردو زیاتر ووتی :

هەموو تافی کردنەوەیەکی تازە ماوەیەکی چاکی دەوێ بۆئەوەی زیاتر سەربگرێت ، هەروەکو تەمەنی ئەم مەڵبەندە ؛ هەرچەندە کورتە ؛ بەڵام لە ماوەیەکی کورتی تەمەنی خۆیدا گەلێك هەنگاوی نوێی ناوەو باوەشی خۆی بۆ هەموو داهێنانێکی لاوان کردۆتەوە کە لە هەموولاوە رووی تێدەکەن .

* لە بەشەکانی ئەم مەڵبەندە جی فێری قوتابیان دەکرێت ؟

– لە بەشەکانی کمباو فیزیاو زانیاری ژیانو جیۆلۆجیو وێنەگرتنو کارەباو میکانیك‌و ئەلەکترۆن هەریەکە مامۆستای تایبەتی هەیەو چەندان بڕوانامەیان لەم بەشانەدا هەیەو قوتابی بە ئارەزووی خۆی دەتوانێ یەکێك لەم بەشانە هەڵبژێرێو لەبەر ڕۆشنایی تاقی کردنەوەو باسو لێکۆڵینەوەی تایبەتیو بەئارەزووی خۆی پسپۆڕی لەوبەشەدا بەدا بکات ..

دبارترین چالاکی ئەم دووایی‌یەی مەڵبەندەکەتان چیە ؟

* لەچوارچێوەی جموجۆڵە دبارەکانمان لەم ڕۆژانەدا پیشانگایەکی فراوانمان ئامادەکردووە کە قوتابیان لەهەموو ئەو بەشانەدا بەداهێنانی خۆیان بەشداری دەکەنو بەرهەمی زانستی خۆیان پیشان دەدەن ، هەروەها چەندان بەرهەمی نوێی زانستیمان نارده مەڵبەندی گشتی کە دەستکردی خۆمان‌بو ، ئەمەو ئۆردوگایەکی زانستیمان زانستیمان لەگەڵ لەگەڵ مەڵبەندەکانی تری ناوچەی چەندان قوتابی بەهرەدار بەشداربون .

* ئایا ئێوە هیچ بەهرەیەکی داهێنانتان دۆزیوەتەوە ؟

– دەبان بەهرەو توانامان دۆزیوەتەوەو لە لای خۆمان خەڵاتی هاندانمان بێبەخشیون بۆ ئەوەی بەردەوامبن لە نواندنی چالاکی خۆیانو ڕێی پاشەڕۆژی ڕووناکیان لەبەردەمدا بکەینەوە .

Institut Kurde de Paris

هاوکاری

دەزگای ڕۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی
بەغداد / شەقامی الخلفاء / مەیدانی خەلانی

تەلەفون ٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت

دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی

بەڕێوەبەری گشتی وسەرنووسەر

مصلح مصطفی جەلالی

● پێنج شەممە ٥/٨/١٩٨٢ ژمارە ٦٤٨ ●
● الخميس ٥/٨/١٩٨٢ العدد ٦٤٨ ●

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

٨ لاپەڕە ٥٠ فلسە

● جەماوەری کوردستان پیرۆزبایی دەکەن ل٢ ٠
● ئەدەبی رۆشنبیری شیعر چیرۆك لێکۆڵینەوە ل٣و٦ ٠
● هونەرمەندان لە قیستقانی هونەرو رۆشنبیری کوردی ل٨ ٠

سلاوی سەرەکی فەرماندە بۆجەماوەری ناوچەی کوردستان

سەرەك صدام حسین : تەقەللای بەردەوام دەدەین بۆپێکەوتنی عیراق لەهەموولایەنێکی زانستی یەوە

بەڕێز سەرەك صدام حسین دووپاتی کردەوە کە عێراق بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵی راپەڕینی هەموو بوارە زانستی یەکانی داوەی ئێستاش زۆر بە ئاگاداری یەوە بەردەوامە بۆ بەکارهێنانی نوێترین داهێنراوی تەکنیکی کە دەتوانێ یارمەتی پێگەیاندنی کۆمەڵگاکەمان بداتو لە ئاستی هێزو توانا شەوە پشتیوانی گەلان بکات ٠

هەروەها سەرەکی بەرێز لە نامەکەیدا کە بۆ هاوبەشانی کۆنگرەی جیهانی دژ بە بۆمبای نەتۆمی و هیدرۆجینی لە توکیو کە لە دانیشتنی پێڕێیاندا خوێندراوەتەوە دەڵێ : کە قەوارەی زایۆنیزم و بەئاگاداری و یارمەتی دەستو دایەرەی ئیمپریالیزم هەوڵی پەکخستنی هەوڵەکانی نەتەوەی عەرەبی لەم بوارەدا داوە ئەمەش لەو روانگەیەوەیە کە ئەم پێشکەوتنە بەرەو رزگاربوونی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم رامان دەکێشێت ٠

هەروەها وتویەتی هەر لەبەر ئەم هۆیەش بو کە قەوارەی زایۆنیزم لە رۆژی حەوتی حوزیرانی سالی ١٩٨١دا هەڵسا بەدەستدرێژی کردنە سەر دامودەزگا ئەتۆمیەکانمان کە بە مەبەستی ئاشتی خوازانەو بوون بە خاوەن ئەلقەکانی زنجیرەی پێشەکەوتنی تەکنیکی لەسەر رێگای بیناکاری شارستانیمان بنیاتنراوە ٠

بەرێز طە محیی الدین معروف نەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی جێبری سەرەك کۆمارو سلاوی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشو لەسەرویانەوە بەرێز سەرەك صدام حسینی گەیاند بە جەماوەری ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆمی ٠

بەرێز طە محیی الدین معروف لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا کە پێری ئێوارە لە بارەگای ئەنجومەنی راپەراندن بەسترا ئەوەی دووپات کردەوە کە بەرێز سەرەك صدام حسین بایەخێکی گەورە دەدات بەوەی لە ناوچەکەدا رووەدەدات بەلایەنی بەرەو پێشەوە بردنی بەردەوامی ٠

هەروەها وتی ئەو دەستکەوتە گەورانەی لەناوچەکەدا بەدیهاتوون لەوانە تاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمی و ئەو پێشکەوتنە ئیستا بەخۆیەوە دەبینێ بەهۆی ئەو پشتیوانیە بەردەوامەوەیە

بڕوانە ل : ٧

لە یادی چواردەمین ساڵی شۆڕشی تەموزدا

مصلح جەلالی

لە گەرمەی کاری دڵسۆزانەو وەدەستهێنانی دەسکەوتی مەزنو سەرکەوتنە گەورەکانماندا بەسەر رژێمی ئێرانی یە چنۆك و بێمێشکەکانداو لە جەرگەی خۆڕاگرنو دەسەڵاتو توانامانداو پشت بەو بڕوا مەزنەی کە بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست هەمانە بەوپەڕی سەربەرزیو گەشەسەندویی و خۆش گوزەرانیو برایەتیو بەکێتی یەوە میللەتی عێراق بەکوردو عەرەبو کەمایەتی یەکانی ترەوە یادی چواردەیەمین ساڵی شۆڕشی سی تەموزیان کردەوە ئەو جەژنەی کە ئاواتی هەموو عێراقی یەکی لە هەمو ڕوویەکەوە هێنایەدی ٠

شۆڕشی ١٧ـی تەموز کە ساڵی ١٩٦٨ بەسەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست سەرکەوت بەپێی ئەو بیروباوەڕەی کە هەیبوو وە هەیەتی بۆ وەدیهێنانی ئاوات و خواستەکانی میللەتی عێراق و لێدانی ئەو هێزە بێگانەو کۆنەپەرستانەی ناوخۆ کە بەسەر رەنجی میللەتی عێراقەوە ئەژیانو خێروبێری وڵاتەکەیان ئەبردە دەرێو میللەتیان ئەچەوسانەوە ٠

لەبەرئەوە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٧ـی تەموز وەك کۆنەپەرستانی لە ناوخۆدا ئۆقان ، قازانجو تاڵانی دەوڵەتە ئیمپریالیزمە تایبەتی خستە مەترسی یەوە ٠٠ لەبەرئەوە هەر لەسەرەتای سەرکەوتنی یەوە ویستیان لەناوی ببەن ٠

بەڵام سەرکردایەتی حزبو شۆڕش لەگەڵ ئەوەدا کە بە راپەراندنی ئاواتەکانی میللەتی عێراقەوە لەهەموو بوارێکدا خەریك بوو وریایانەش ئەیانڕوانی یە هەموو ئەو لایەنانەی کە دەستیان لەگەڵ یەك تێکەڵاو کردبوو تاوەکو شۆڕشە تازەکەمان شۆڕشی ١٧ـی تەموز لەناوبەرن و میللەتو وڵاتەکەمان بیەنەوە دۆخی دواکەوتنو برسێتیو نەزانینو چەوساندنەوە ٠ سەرکردایەتی حزبو شۆڕش بۆ پتەوکردنی ئەو پایانەی شۆڕشی ١٧ـی تەموز کە داکوترابوونو بۆ لەناوبردنی هەموو هەڕەشەیەك کەمۆزۆر کە مەترسی بۆ پێشکەوتنو سەربەستیو بەختیاریو ئاوەدانی میللەتو وڵاتی عێراق هەبوو بەدەستێکی پۆڵاین لەو لایەنانەی دا کە دەستیان لەناو دەستی یەکتر بۆ لەناوبردنی ئەو شۆڕشە تازەیە شۆڕشی ١٧ـی تەموزی نەمر نابوو ٠

بەم جۆرە شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموز کە تەواو کەری توانای یەکترین بەو خزمەتە مەزنەی کە حزبو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە لە ناوخۆدا بەرامبەر بە میللەتی عیراقو بە وڵاتی عیراقو لە سیاسەتی دەرەوەدا بەرانبەر بە گەلانی ئازادیخوازو گەلی فەلەستینی کردیان چ لە ناو خۆو چ لە پلەی ناو وڵاتانی بێلایەندا کە حەوتەمین کۆنگرەی لە مانگی ئەیلولی داهاتوودا لە بەغدا ئەگیری ٠٠ توانیان گەورەترین هێزی پیشکەوتنخوازی دڵسوز لە دەوری خۆیات کۆبکەنەوەو یەك بە دوای یەکدا پیلانەکانی خۆ فرۆشی ناوخۆو مەبەستی وڵاتانی داگیرکار لە ناو ببەن ٠

ئەمڕۆش گەلی کوردمان کە لەگەڵ برای عەرەبیدا یادی چواردەهەمین ساڵی سەرکەوتنی شۆڕشی سی تەموز ئەکەنەوە هەموو ئەو دەسکەوتە مەزنانەی کە لە هەموو بواریکدا وەدەی هیناوە یە تایبەتی وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی لە بەرچاوە بۆیە لە یەکەم رۆژی سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەوە لە دەوری سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و سەرەکی فەرماندەی تێکوشەر صدام حسین کۆبوەتەوەو بەوپەری توانا و قوربانیەوە ئەپارێزی ٠

مینلەتی عیراق زۆر چاك لەوە گەیشت کە چون زایونی و ئیمپریالی ئەمەریکای دوژمن دەیانەوێ گەلی فەلەستین دلێر لە ناوبەرنو لە

بڕوانە ل : ٧

ڕێکەوتنی تەواو لە سەر پشتیوانی کۆنگرەی بەرزی بەغدا

هەموو دامودەزگاکانی وڵاتە بێلایەنەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەرئەوە ڕێکەوتوون کە دەبێ هەموو پێداویستێکی سەرکەوتنی حەونەم کۆنگرەی بەرزی سەرەك دەوڵەت یان حکومەتە بێلایەنەکان کە مافکی داهاتوو لە بەعدا دەبەسترێ زامن بکرێ ٠

پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە نیودەلهی لە سەرچاوەیەکی لێپرسراوی هندیەوە رای گەیاندوە کە هەستێکی ناوکۆیی لە نێوان ئەندامانی بزوتنەوەی بێلایەندا لە رێکخراوی دەوڵەتان هەیە کە پەلامارەکانی ئێران بۆ سەر عیراق بە تەواوی پێشیل کرانو باری عەسکەری ئەهوەنەو هیچ برسێ لە بەستنی کونگرەکە نیە لە شەشی مانگی داهاتوودا ٠

سەرچاوەکە ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە هیندستان سوورە لە سەر خۆ بەستنەوە بە جێبەجێ کردنی ئەو بریارەی لە هافانا ساڵی ١٩٧٩ دراو پەیامنێرەکە دەڵی لە ناوەراستی ئەم مانگەدا کونگرەی وەزیرانی دەرەوەی بزوتنەوەکە دەبەسترێ بۆ باسکردنی کاروباری کونگرەی بەرز ٠

هێزە دلێرەکانمان دەستی مەردانە لە دوژمن دەوەشێنن

هێزە دلێرەکانمان ، بەردەوامن لە ئاراستەکردنی لێدانی توند بەسەر هێزەهەڵاتووەکانی رژێمی خومەینی شەڕخوازو رەگەزپەرستدا ٠

ئەوە بوو لە ماوەی ١٣ تەموزەوە هەتا ٣٠ تەموز ئەو هێزە دوژمنانە پێنج کەرەت پەلاماری سنووری وڵاتە خۆشەویستە ـ کەیان داین لە کەرتی رۆژهەڵاتی بەسرەوەو هەر پێنج جارە کە هێزەکانی دوژمن کە دەیویست پێتە خاکمانەوە بە شکاوی سەرشۆڕی راودەنرا دوای ئەوەی بە هەزران کوژراو بریندار لە مەیدانی شەڕ لە دوای خۆی بەجێ دەهێشت ٠

ئەوە بوو قسەکەرێکی رەسمی عەسکەری لە دوای تێك شکاندنی دوا پەلاماری هێزەکانی دوژمن لە ٣٠ی تەموزدا لە کەرتی بەسرا تێکڕا زیانەکانی دوژمنی بەم جۆرە دیاری کرد : ٢٧٤٨٣ کوژراوو ـ خستنەخوارەوەی پێنج فرۆکەو لە ناوبردنی ٣٠١ دەبابەو ١٠٢ مودەرەعو ١٥٩

بڕوانە ل : ٧

باری ئاڵۆزاوی ناوخۆی ئێران

● مەهدوی کنی لە بەرپرسیاری رادەکات ٠
● رژێمی خومەینی بەردەوامە لە کوشتنو برینی خەڵکی ئێران ٠

باری ناوخۆی ئێران تادی بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچێتو حوکمڕاکانی رژێمی خومەینی سەریان لێشێواوەو بە گژ یەکدا دەچنو هەندێکیان حەریکی راگردنو ئیستقالە کردنن ٠

رۆژنامەی ـ کیهان ـ بڵاوی کردەوە کە مەهدی کنی سەرەکی سەرکردایەتی مەرکەزی لیژنە شۆڕشگێڕەکانی ئێران داوای کردوە کە دەستی لە کاروباری بکێشتەوەو واز لە هەموو بەرپرسیاریەك

بڕوانە ل : ٧

بەردەوامی باری شێواوی لوبنان

بیروت ـ ٢ ـ رویتر ٠ اف ب٠ ئاوەناتاوێ تۆپباران لە نێوان هێزە گەمارۆدەرەکانی زایۆنیو هێزە هاوبەشەکانی فەلەستینیو لوبنانیدا سەر لەبەیانی رۆژی یەکی ئەم مانگە هەبوو ئەمە دوای دوازدە سەعات کۆتایی هاتنی نۆیەم وەستاندنی ئەقە پاش درندەترین هێرش کە بیروت بەخۆیەوە بینیوە ٠

سەرچاوە ئاسایشی یە لوبنانی یەکان وتیان چوارده سەعاتی بێوچان کە سەرو مڕ لە ئاسمانو لەسەرزەوی و لەدەریاوە زایۆنی یەکان بۆردوومانیان کرد بەلایەنی کەمەوە (٧٠) کەس کوژرا٠٠

بڕوانە ل : ٧

وێنەگری رۆژنامەکانی جیهان لای کەرتی ئێران

ژمارەیەکی زۆر رۆژنامە نووسی جیهانیو وێنەگرەکانیان ، چونەتە کەرتی رۆژهەڵاتی بەسرەو گەیشتونەتە لایەنی هێزەکانی ئێرانو بە کامێراکانیان تێك شکاندنی هێزەکانی ئێرانیان تۆمار کردوە کە چۆن مەیدان لاشەی سەربازەکانیانو پارچەی تێك شکاوی تانك و چەکە قورسەکانیان داپۆشیوەو خۆیان هەڵاتوون ٠

پەیامنێری لۆمۆندی فەرەنسی لە بەرەی جەنگەوە نوسیویەتی :

ئێرانیەکان رووبەرووی تێکشکاندنێکی گەورە بوون

رۆژنامەی لۆمۆندی ئێوارانی فەرەنسایی کە لە پاریس دەردەچێ دوپاتی کردوەتەوە کە ئێرانیەکان دوای ئەوەی هێرشەکەیان لە لایەن هێزەکانی عێراقی یەوە شکێنراوە زیانێکی گەورەیان لێ کەوتوە ٠

نێردراوی رۆژنامەکەش وتویەتی لە یەکێك لە بەرەکانی جەنگدا لاشەی ئێرانیەکان بە درێژای (٣ـ٤) کیلۆمەتر کەوتوون ٠

هەروەها دوپاتی کردوەتەوە کە لە یەکێك لە سەنگەرەکانی پێشەوەدا نزیکەی (٥٠٠) کوژاروی ئێرانی دیوەو وتویەتیشی کە لەوێدا (٣) سەنگەری بەرگری کردنی عێراقی هەن کە دەتوانن هەموو چەشنە هێرشێکی ئێرانی بگێڕنەوە ٠ ٠٠ هەروەها وتویەتی کە ژمارەیەك لە زرێپۆشی سۆفیاتی

بڕوانە ل : ٧

رووداوەکانی رۆژانی رابوردوو

● **تونس**

شاذلی قلیبی ئەمینداری گشتی جامعەی عەرەبی نامەیەکی لە ژاك شیراك سەرەکی حزبی کۆمەڵەی گەلی فەرەنساوە پێیشتوە کە پەیوەندی بە بارو دۆخی ئیستای ناوچەکەوەیە ،

● **نیویورك**

خاتوو ئاندیرا گاندی سەرەك وەزیرانی هیندستان هیرشی بردۆتە سەر ئەو

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

بریارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەسوودی قوتابیان

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریارێکی دەرکردووە بە پێی ئەو بریارە ڕێگەی قوتابیانی خوێندنگەو ئامۆژگەو کۆلیجەکانی دا ئەوانەی کە بەهۆی بەشداری کردنیان لەبەرەکانی جەنگدادژی دەستدرێژی ئێران لە دوا تاقی کردنەوەکانیاندا کەوتوون لە خوێندن بەردەوام بن و ئەوسانەشی کە تیایدا کەوتوون بەسالی کەوتن لەتاقی کردنەوەکانیاندا دانەنرێ و ئەمەش دەقی بریارەکەیە :

پشت بە ئەحکامەکانی برگەی (١) بەندی چل و دووی دەستوری کاتی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی ٢٨-٧-١٩٨٢ کردی ئەمەی خوارەوەی بریاردا ٠

١ - ڕێگە بەو قوتابیانەی کە لەخوێندنگەو ئامۆژگەر کۆلیجەکاندا لەسەر قسەی لایەنی تایبەت بەشداریان لە بەرەکانی جەنگدا دژی ئێرانی دوژمن کردووەو بە هۆی ئەم بەشداری کردنەیان لە دوا تاقی کردنەوەکانیاندا کەوتوون لەسەر خوێندنی بڕۆن و ئەو ساڵەیان بەساڵی کەوتن لەدوا تاقی کردنەوەکا- نیاندا دانەنرێ ٠

٢ - وەزیرەکانی پەیوەندیان بەم کارەوە هەیە ڕابەڕاندنی ئەم بریارەیان لە ئەستۆدایە ٠

صدام حسین
سەرەکی ئەنجوومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش

بانگ کردنی لە دایکبوانی ١٩٤٦

بەریوەبەرایەتی تەجنیدی گشتی بانگی سەربازانی ئیحتیاتی لەدایکبوانی ساڵی ١٩٤٦و ئەوانەی لەگەڵیاندا ڕەوانەکراون و لەدایکبوانی ترکە ساڵی ١٩٦٥ی ڕەوانەکراون لە ماوەی ٢٦ی تەموزەوە تا ٢٦ی ئابی بۆ ئەوەی فەحص بکرێن بچن سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن ٠

بەریوەبەرایەتی تەجنیدی گشتی

بەریوەبەرایەتی تەجنیدی گشتی بانگی سەربازانی ئیحتیاتی لەدایکبوانی ساڵی ١٩٤٦و ئەوانەی لەگەڵیاندا ڕەوانەکراون بەم بۆنەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد ئەمە دەقەکەیەتی : بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ٠

پشت بە ئەحکامەکانی برگەی (١) بەندی ٦٦ی یاسای جرمەی سەربازی ژمارە (٦٩)ی ساڵی ١٩٦٩ و کۆپراو بۆ ئەوەی ئەم سەربازە ئیحتیاتانەی فحص بکرێن لەخوارەوە باس کراون بریارمان دا کە لە ڕۆژی ٢٦ی تەموزەوە تا ٢٦ی ئابی ١٩٨٢ بچن سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن ٠

یەکەم : لەدایکبوانی ١٩٤٦و ئەوانەش کە لە ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵیاندا ڕەوانەکراون ٠

دووەم - لەدایکبوانی ساڵی ١٩٤٦ لەوانەی کە بەدەلیان داوە ٠

سێیەم - ئەوانەی کە ساڵی ١٩٦٥ بۆ خزمەتی ئیلزامی ڕەوانەکرابوون و لەدایکبوانی ساڵی ١٩٣٨و تا ساڵی ١٩٤٦ لەوانەی لەبەر بەدەل دان لە خزمەت دەرچوون تکا لەو سەربازە ئیحتیاتانە ئەکەین کە ئەو بەیاننامەیەی سەرەوە ئەیانگرێتەوە لەکاتی خۆیاندا ئامادەبن و ئەوەشی کە ئەم لایەنە ئەیانگرێتەوە چاودێری ئەوە بکەن ٠

بەریوەبەرایەتی تەجنیدی گشتی

خومەینی بەرەو نەمان دەچێ

دامودەزگای ڕاگەیاندنی ڕژێم ٠٠ لە ئێران ٠٠ خۆی بە دەمی خۆی چەند جارێك هاواری لێهەستاو ڕایگەیاند کەوا چەند جارێك توانیویانە خومەینی لە کوشتن ڕزگار بکەن ٠٠٠ بەڵام ئەوانەی لەم جارەی دواییدا ویستیان بیکوژن ، نەناسراو نەبوون ٠٠ یەکێك لەوانە وەزیری دەرەوەی پێشوو (قطب زادە) بوو ٠٠ هەر لەم بگرەوبەردەیەدا ٠٠ خومەینی واهاتووە بە مێشکیا کە جێگرێك بۆخۆی و لە دوای خۆی بدۆزێتەوە ٠٠ ئەوەتا فتوای داوە لیژنەیەك پێك بهێنرێت لە (٧٠) ئەندام بۆ دۆزینەوەی جێگر ٠٠٠

ئەم ئالوگۆڕو بارودۆخەی ئێستای ئێران وای لە خەڵکی ئێران کردووە کە بیر لە قۆناغێکی تر بکەنەوە ٠ ئەویش قۆناغی دوای خومەینی یە ٠٠٠ ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی گەلێك ئاژاوە ٠٠٠ لەو ئاژاوانە ، بەرپابوونی ناکۆکی لە نێوان دەستەیەك ئیمامدا ، چونکە هەریەکەی خۆی بە موستەحەق دەزانێت کە ئێران بەڕێوەببات !!! کەواتە ئێستاکە ئێرانیەکان، چاوەڕێی مردنی خومەینی دەکەن ٠٠ هەرچی عەمامە بەسەرەکانیشە خەون بەوەوە دەبینن ببنە جێگری خومەینی ٠

سەبارەت بە جەنگی عێراق و ئێرانیش ، ئەوە خومەینی و تاقمەکەی هەرگیز نایانەوێ شەڕەکە ڕاوەستێت و ، باش دەزانن کەوا سەرکەوتنیان مەحاڵە و هیچ کات ناتوانن بەڕەنگاری سوپای عێراقی دلێر ببنەوە ٠٠

ئەوە خۆ باری ئابووری ئێرانیش هەرباسی. ناکرێت ٠٠٠ زۆر کزو لاواز بووە ٠٠ هەژاری و برسێتی بە جۆرێکی ئاشکرا سەری هەڵداوەو پەرەی سەندووە ٠٠ هەروەك خەڵکی ئێران خۆیان دەڵێن « تاکو ئێستا ئێران بە بارو دۆخێکی وەهادا نەڕۆیشتووە » ٠٠

گەر ئەمە بارودۆخی ئێستای خومەینی بێت ٠٠٠ دەبێ پاش نەمانی خۆی و تاقمەکەی چۆن بێت ؟؟ !

● **فؤاد حسین احمد** ●

لە بروسکەیەکدا بوسەرەکی فەرماندە صدام حسین جەماوەری هەولێر ئامادەیی بو کۆشش و خەبات دووپات دەکاتەوە

جەماوەری پارێزگای هەولێر . مەلبەندی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان بەنێنیان بۆ سەرەکی فەرماندە بەڕێز صدام حسین تازەکردەوە کە وەك سەربازی دلسۆزو بەوەفای بیرو باوەڕو ئامانجەکانی حزبو شۆڕشی بمێننەوە ، وەدووپاتی ئامادەبوونی هەمیشەیی کردەوە بۆ هەوڵدانو بەخشش ، لەپێناوی بەرگری کردندا لەخاکی نیشتمانو یەکێتی زەویی یەکەیو گەلەکەی ٠

لە بروسکەنامەیەکدا کە ئاراستەی سەرەکی بەڕێزیان کرد لەکۆتایی ئەوەو کۆبوونەوە فراوانەی کە ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو بەستیان ، ستایشی ئەوەو سەرکەوتنە مەزنانەیان کرد کە سوپای دلێرمان بەسەر دوژمنی ئێرانیدا بەدەستی دەهێنن لە کەرتی حواروو ، ڕۆژهەڵاتی بصرە ٠٠ ئەمەش دەقی بروسکەکەیە :

پیاوانی ئاییینو ئەنجوومەنەکانی گەلو ڕێکخراوە جەماوەریەکان لە شاری هەولێردا لە دلەوە پیرۆزبایی گەرمتان ئاراستە دەکەن بۆ ئەو دەستکەوتە مەزنەو سەرکەوتە مەزنەی کە هێزە چەکدارەکانمانو هەموو ڕۆڵەکانی گەلی عێراقمان بەهەموو بەرەو ئەنەوەکانیەوە بەدەستیان هێناوەو بەردەوام بەدەستی دەهێنن بەسەر دوژمنی ئێرانیدا کە شەیتان سواری سەری بووەو وازی لە هەموو پێودانێکێکی پیرۆز هێناوەو ئەو دوژمنەی کە پاڵەوانە نەبەزەکانت توانی ڕووی ڕاستیان دەرخاو هەرچی دەزگای ئەو زورنا لێدانەی کە بۆ سەرکەوتنێکی ساختە لێیان دەدا تێك بشکێنێ ، لە ڕۆژهەڵاتی بصرەو جەنگەکانی تریشدا ٠

ئەی سەرەکی پایەدار ، ئەو سەرکەوتنە نوێیانەی کە قارەمانانی قادسیەی تۆ پاش زیاتر لەدوو ساڵ بەدەستی دەهێنن لەبەر پەرچدانەوەی پاڵەوانانەی ئەو دەستەو تاقمە کومڕابووەی کە لە قەمو تاران خراوە ، هەموویان دووپاتکردنەوەیەکی گەورەن بۆ مەزنێتی سەرکردایەتیە - گەتو بەلەمەیەکی ئاشکران بۆ توانای عێراقییەکان لەبەردەوام بوونیانیا بۆ قوربانیدان بەهەمان ئەوکیانەوەی کە دەستمان کرد بەجەنك لە ڕۆژانی سەرەتایداو بەرگریمان لە ماف و دەسەلاتو کەرامەتو سەربەرزی نیشتمانیمان کرد ٠٠ جەماوەری پارێزگای هەولێریش ، مەلبەندی ئۆتۆنۆمی ئەمە بەهەڵدەزانێت بۆئەوەی بەلێن تازەبکاتەوە کە هەمیشەو هەتاهەتایە سەربازی دلسۆزبین بۆ شۆڕشەکەمان و سەرکردایەتیە بێوێنەکەمان ، هەروەها دووپاتی دەکەینەوە کە ڕۆڵەکانی ناوچەی کوردستان هەروەك بەلێنی پێداون هەمیشە لەسەرپێو ئامادەن بۆ بەجێهێنانی بانگەوازی ئەرکی نیشتمانی لەبەرگری کردندا لەخاکی عێراقی شیرینمان ، وە لە دەوری سەرکردایەتیە بێوێنەکەمان کۆ بوونەوەو ئامادەی هەموو قوربانیەکن بە هەرشتێکی بەرخۆگران لەپێناوی یەکێتی خاکی نیشتمانو قووڵکردنەوەی گیانی عێراقیەت کە بڕوای بەهەموو ئەو پێودانگانە هەیێت کە لە باوو باپیرانما - نەوە بۆمان جێماوەو هەموو ئەوو پێودانگە نوێیانەش کە قادسیەی صدام هێنانیە کایەوە ، هەروەها وەکو کێوی بەرز بەرپەرچی هەموو ئەو دوژمنو کینە لەدڵانەی کە ئامانجیانە زەفەر بەرن بە شۆرشەکەمانو دەستکەوتە پێشکەوتنخوازەکانیو ئەو یەکێتیە نیشتمانیەی کە قسەی پووچی ڕەگەزپەرستانو شعوبیەکانو زاڵبوون بەسەر شۆڕشە مەزنەکەماندا و ڕاوەستانیان لەپاڵ دوژمنی ئێرانیدا و یارمەتیدانی بەچەکو پارە ٠ داوای وەستانی کرد بە پتەویو باوەڕو هێزەوە لەڕووی هەموو دوژمنانی چاوبرسیداو ، تێکۆشان بەڕاستیو دلسۆزی لەپێناوی پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانیو سوودوە گرتن لەو هەلانەی کە شۆڕش بۆ جەماوەری کوردستانی خولقاندوونو لەو بڕیارانەدا کە ئەوانەش لێیبووردنی گشتی لە ڕاکردووانو دوواکەوتوان لە خزمەتی سەربازی ، لەڕۆڵەکانی ناوچەکە ٠٠٠ هەروەها تێکۆشانی یەك دەستی لە بنیاتنانی عێراقی سەربەستو گەشاوەدا ٠٠٠ لە کۆڕەکەدا بەڕێزان جمال حاجی شریف سەرەکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستانو احسان هیبەالله جێگری سەرەکی ئەنجوومەنی یاسادانانو ئەمینە گشتی یەکانی بەریوەبەرایەتی یەکانی ناوچەی کوردستانو پارێزگاری هەولێر بەوەکالەتو هاوڕێیان ڕازگری نهێنیو ئەندامانی لقی هەولێری حزبو پیاوانی بەڕێزی ئاییینو جەماوەری هاوولاتیان نامادەبوون ٠

هەروەها هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی قوتریو ڕازگری نهێنی مەکتەبی ڕێکخراوی باکووری حزب کۆبوونەوە - یەکی فراوانی بۆ میلاکی حزبی پیشکەوتوو لەپارێزگاکەدا بەستو تیایدا باسی بیروڕا دەربارەی ڕێکخراوە حزبی یەکانی پارێزگاکەو دەوری میلاکی حزبی لە پتەوکردنی بەرەی ناوخۆدا کرد ، لەبواری بەستنی کۆڕ بۆ هاوولاتیانو هۆشیارکردنەوەیان لەلایەنەکانی ئەو شاڵاوو هێرشە ناپاکەی کە ئێستاکە وولاتەکەمان ڕووبەڕووی دەبێتەوە .

جەماوەری ناوچەی کوردستان ستایشی سەرکەوتنە مەزنەکانمان دەکات

پارێزگاکانی ناوچەی کوردستان هەتاکو بێت چالاکیو کۆبوونەوەی جەماوەری بەخۆیەوە دەبینێ، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بارودوخی ئێستای خەباتکردنو لایەنەکانی ئەو بڕیارانەی کە سەرەکی فەرماندە ڕایگەیاند لەبواری چاوپێکەوتنیدا لەئەن بەڕێزان پیاوانی ئاییینی لەناوچەی کوردستاندا ٠

هەر لەم بوارەوە ، جەماوەری هەردوو قەزای ڕانیەو قەڵادزە لەپارێزگای سلێمانیدا ستایشی سەرکردایەتی ئازاو بێوێنەی سەرەکی فەرماندە صدام حسینو سەرکەوتنەکانی هێزە دلێرەکانمان دژی داگیرکەران و تەماعکاران ، کرد ٠

لە بروسکەنامەیەکدا کە ئاراستەی سەرەکی بەرێزیان کرد لە کۆتایی کۆڕێکی فراواندا کە بۆ جەماوەری هەردوو قەزاکە سازکرابوو، ستایشی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان کرد ، کەتیایدا بەردانی گیراوەکانو لێبووردن لە ڕاکردووەکان لە هاوولاتیەکانی ناوچەکەو ئەوانەی چەکیان دژی دەوڵەت هەڵگرتبوو ، ڕاگەیەندرابوو ٠

هەروەها جەماوەری هەردوو قەزاکە دووپاتیان کردەوە کە لەسەر بەڵێنی خۆیان بنو سەربازی بەوەفا بن بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشو بەرگری کردن لەخاکی نیشتمانی شیرین ، دژی هەموو داگیرکەرێك ٠

هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ، ڕازگری نهێنی مەکتەبی ڕێکخراوی باکوورو بەرێز پارێزگاری سلێمانیو هاوڕێ ڕازگری نهێنی سەرکردایەتی لقی سلێمانی حزبو بەرێزان لێپرسراوانی ئیداریو هاوڕێ حزبیەکانی هەردوو قەزاکەو ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیو ئەنجوومەنی باسادانانی ناوچەی کوردستان ، ئامادەی ئەم کۆڕە بوون ٠

هاوڕێ سعدی مهدی صالح ووتەبەکی خوێندەوەو تیایدا سڵاوی سەرکردایەتی حزبو شۆڕشو سەرەکی فەرمانده صدام حسینی گەیاندە جەماوەری هەردوو قەزاکە ٠

هەروەها باسی ئەو دەستکەوتە مەزنانەی کرد کە شۆڕش بەدی هێناوە بۆ جەماوەری گەل لە وولاتداو ووتی : ئەم دەستکەوتانە وای لە دامودەزگاکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم کرد کە پێیان ناخۆش بێتو ئەوە بوو بە هەموو هۆیەك هەوڵیاندا کەوا تەگەرە بخەنە ڕێی کاروان لەڕێگەی پیلانگێڕیو بەکارهێنانی بەکرێگیراوەکانی لەناوچەکەدا ٠

نیشارەتی بەوەشدا کە کە دوژمنکارێتی ئێران یەکێك لەو بازنە دیارانە پێك دەهێنێ لە پیلانەکانی دامودەزگاکانی ئیمپریالیزمو زایۆنیزم دژی وولاتەکەمانو شۆڕشەکەمان، بەڵام شۆڕشو پتەوی عێراقییە ئازاکانو هێزە دلێرەکانمان بەسەر کردایەتی سەرەکی فەرمانده صدام حسین هەموو خەونەکانی پیلانگێڕانو داگیرکەرانی پووچ کردەوەو تاڵاوی شکاندنی بە دوژمنی ئێرانی چەشت ٠٠٠ هەروەها هاوڕێ ڕازگری نهێنی مەکتەبی سەروو باسی ناوەڕۆکی ئەو بڕیارانەی کرد کە سەرەکی فەرمانده صدام حسین لەبواری چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ پیاوانی ئاییینی ناوچەکەدا ڕای گەیاند، وە دووپاتی ئەوەی کردەوە کە ئەم بڕیارانە تەعبیری شۆڕشو هێزیو خۆشەویستی گەورەو شانازی گەورەی سەرکردایەتی حزبو شۆڕش کرد بۆ گەلی کوردمان ٠

لەپاش ئەوە ئیمامو خطیبی مزگەوتی گەورەی وباسی ئەو بایەخو چاودێریە گەورەیەی کرد ڕانیە ووتەیەکی خوێندەوە

بڕوانە ل : ٧

هێرشی ئەمدوایەی زایۆنی بوسەر لوبنان بۆکام مەبەستە ؟

سەرفراز

گومان لەوەدا نیە کە زیندووکردنەوەی مەسەلەی جیاوازی ئاینو تیرەگەرێتیو مێژوتۆیی لە لوبنانداو لەهەموو وڵاتێکدا بۆ مەبەستی یەکێتیو برایەتیو نیشتمانیو سەربەخۆیی و بەختیاری نیە ٠٠ بگرە ٠ ٠ هێنانە پێشەوەی گەلێ گیروگرفتە کە وڵات وێرانو میللەت تووشی دەردیسەری و بێدەرتانی ئەکات ٠ ٠ باشە سەرکردەو دانەری ئەمجۆرە نەخشانە کێن ؟ ٠ ئەگەر بڵێین دلسۆزانی گەلە ڕاستناکەین چونکە دلسۆزانی گەل ئەمچەندە بەرەکیو ئەم کارەساتە نالەبارەیان ناوێ ٠٠ خۆ ئەگەر بشڵێین کۆنەپەرستانو خوێنمژانی گەلی لوبنانو بە تەنیانو ئەمکارە ئەکەن ئەویشیان ڕاستناکەین چونکە ئەمانە ئەگەر هێزو توانایەك نەبێت لەناو خۆداو لەدەرەوە پشتیان بگرو کارەکەیان بۆ هەڵسوڕێنن ئەو ئیشەیان پێناکرێ ٠٠ کەواتە کارەکە گەڕایەوە بۆ کوێو کێ ڕایەڕێنێ ؟ ٠

ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ئەوسیاسەتەی کە لە سەرەتاوە بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیەتیو هەیبووە هەر وەك خۆی ماوەتەوەو هیچی لێ نەگۆڕراوە ٠ ٠ جا ئەبێ ئەمسیاسەتە چی بێ ؟ ٠ بەڵای ئەمەریکاوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنێکە بەرامبەر کیشوەری ئەفەریقاو ئەوروپاو ئاسیاله ڕووی سووپایەوە جێی بایەخە ٠٠ هەروەها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوتی هەیە ٠٠ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نزیکترین خاڵە بۆ بنکەکانی ئەمەریکا لە ئەوروپادا بۆ گەیشتن بە هندستانو ڕۆژهەڵاتی خوارووی ئاسیاو ئەفەریقا ٠ جا ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاست

ئەوەندە بایەخی هەبێت ئەمەریکا واتە کارگێڕانی قازانجی سەرمایەداران دەست لەناوچەیەکی وا بایەخدارو گرنگ لەبەرخاتری چاوی جوانی لوبنان ٠٠ هەڵئەگرن ؟ یاخود کاتێ کە بیەوێ جێ بنکەکانی خۆیو شوێنە ستراتیژیەکانی بەهێزبکات گوێ ئەداتە ئەوەی گەلی فەلەستین دەربەدەربنو پەرەوازەبن ؟ دیارە ٠٠ نا ٠٠ کەواتە دەروەست کردنی ئاژاوەی لوبنان پەیوەندی بەگەلێ شتەوە هەیە ئەویش کە بریتیە لە مەسەلەی فەلەستینو بزوتنەوەی ئازادیخوازی ئەوروپاو ئاسیاو ئەفەریقاوە کە ئەمانەش هەموو پەیوەندیان بە بەستنی پەیمانی (کامپ دیفید)ەوە هەیە ، واتە مەسەلەی لوبنان بۆ قازانجی پاراستنی ئەودەسکەوتانەیە کە سەرمایەدارانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستیان ئەکەوێو ئەم کارەش لە وڵاتێکی وەکو لوبناندا کی پێی هەڵئەستێ دیارە ئەوانەی کە دوژمنی مەسەلەی نەتەوەیی و پێشکەوتنخوازی ناوچەکەن و کێش ڕای نەپەڕێنی ئەو سەرگەرمە بالق نەبوو نەزانانە کە هەرزەنو لەبنەڕەتی مەسەلەکە نەگەیشتوون ٠

هێرشی زایۆنیەکان لە ڕۆژی ٦-٦-١٩٨٢دا بۆ سەر (رأس النافوره)و بەرەوشاری(صور) ئەوخێوەتانەی کە ئەوخێوەتانەی کە فەلەستینیەکان هەیانە نزیك (بصو رشیدیەو بورج) لە باکۆرداو کەوتوونەتە سەردەریای سپی ناوەڕاستو ئەو هێرشەی کە لەناوەڕاستەوە لەسەر پردی (قلعەو خردلی) بەرەو قەڵای ستراتیژی (شەفیق)و ناوچەی (نبطیە)ی دەوروبەری قەلای ناوبراو کردوویانەو ٠٠ ئەو هێرشەی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ناوچەی (طیبە)و (عرقوبو شیعاو حاجیب) هێنراوە چۆن بووە ؟ ٠٠ جاری خۆیان مەبەستیان وابووە بگەنە (بقاع)و دەوروبەری بیروت ٠٠ باشە چۆن هاتوون ؟ لەمریگایەیاندا میلیشیای (سعد حدادی) خۆفرۆشی لێبووە کەڕێگەیان نیشانداونو هێزی سووپایی دەوڵەتانی لێبووە کە خۆیان تێنەگەیاندووونو دووروەپەڕێز وەستاون ٠

هێرشی ئەمجارەی زایۆنیش وەك هێرشەکانی کۆنی نیە کە ئەیکردنە سەر (دێرياسینو قبیەو فرندلو حولا) ، ئەوەو هێرشەیە کە یەکسەر ئەبرێتە سەر دڵی لوبنان - سەر بیروتو بەدەیان فرۆکە بۆردوومان ئەکەن ٠٠ بڵێی ئەمە بەشێك نەبێ لەو نەخشەیەی کە لە (کامپ دیڤید) کێشرا ؟٠

زۆرچاك ئەبێ ئەوە ببرانین ٠٠ کە گەورەترین دوژمنی ئەمەریکاو زایۆنی ئەو گەلەیە کە لە خاكو وڵاتی خۆی دەرکراوە ٠ ٠ گەلێکیش کەوا دەرکراوو دەربەدەر توانیبێتی چەك هەڵگرێو بەرگری لە خاکی داگیرکراوی بکات لامڕایە ئەمە قسەی ناوێو ئەو گەلە وەك گەلی فەلەستینی هەزار ئەوەندە چەرمەسەری بدرێ ئەژیو نامرێ ٠

ئەم گەلە باشترین پەنای خواروی لوبنان بوو ٠٠ ئایا ئیمپریالیزم دەربەستی گەلی فەلەستینی دێت ٠ ٠ دیارە نەخێر کەوابوو مەبەست لەم هێرشەدا سووپای دلێری فەلەستینی تێکشکاندیتیو لەناوبردنی ڕێکخراوە سیاسیی یە ئازادی خوازەکەیەتیو ٠ ٠ بەڵام گەلی لوبنان دەست لە دەستی برا فەلەستینی- یەکانیاندا توانیان بەرگری تەواو لە خۆیان بکەنو بەوپەڕی تواناوە وەڵامی دەستدرێژی یەکە بدەنەوەو لوتی دوژمن بشکێنن ٠

Institut kurde de Paris

بەشی سێیەم

چەند وشەیەکی تازە دروست کراو...

لە تای تەرازووی ڕەخنەدا

محمدی مەلا کریم

٧ ـ پێشنیار ، یا پێش‌نیاز :

لەجیاتیی وشەی (اقتراح)ی عەرەبی ، زۆرکەس وشەی (پێشنیار) یا (پێش‌نیاز) بەکارئەهێنێ . دیارە (پێشنیار) لە (پێش)و (نیار)و (پێش نیاز)یش لە (پێش)و (نیاز) پێکهاتووە . بەڵام ئەگەر هەموومان مەعنای (پێش)مان زانیو وتیشمان (نیاز)یش دیارە بە مەعنای (قصد)و (مەبەست)ە ، ئەی ئەبێ (نیار)یش و لەکوێوە هاتبێ ؟ من بەش‌بەحالی خۆم مەعنای (نیار) نازانم و نایشچێتە عەقلم لە (دانان)و (دانراو)ەوە هاتبێ بە مەعنای (حراوە بەردەم) چونکە دروست کردنی وشەی (نیار) لە یەکێ لەم دووشەیە بەر هیچ ڕێو شوێنێکی زمانەوانی ناکەوێ . لەوەش مەروا حاڵی نابم کە چۆن ئەبێ یەکخستنی (پێش)و (نیاز) مەعنای (اقتراح) بگەیەنێ ، چونکە ئەگەر بشڵێین (پێش‌نیاز) بە مەعنای (قیل القصد)ە ، ئەوەهەر مەعنای (اقتراح) ناگەیەنێ کە خستنە بەرچاوی ڕایەکە بە مەبەستی لێکۆڵینەوەیو دەرخستنی چاکەو خراپەیو چێ‌بەجێ کردنی ئەگەر بە باش زانراو بەپێچەوانەشەوە . بۆیە دیارە ڕاستەکەی (پێش‌نیهاد)ەو ئەوانەی ئەم ڕاستی‌یەیان نەزانیوە لە خۆیانەوە دەسکاری‌یان کردووەو هەریەکە بە دەردێکی بردووەو شتێکی بەسەرهێناوە . (پێش‌نیهاد)یش واتە (ئەوەی خراوەتە بەردەم)و (پێش)واتە (بەردەم)و (نیهاد)یش نیسمی مەفعوولە بە مەعنای (دانراو)و لە چاوگی (نهادن)ەوە هاتووەو ، ئەبێ ئەم هەڵەیە دوایی پێ‌بێنین و لەمەولا هەربنووسین (پێشنیهاد)و ئەگەر هەر بشمانەوێ وشەکە ١٠٠٪ کوردی بێ ئەبێ بڵێین (پێشنراو) .

٨ ـ سەلماندن :

(سەلماندن)و ئەوشتانەی‌تر کە لەم چاوگە دروست ئەکرێن ئێستا بەمەعنای (ئیسپات‌کردن) بەکاردێن . بەڵام ئەمە مەڵەیەکی زەقو ئاشکرایە . وشەکە لە بنەڕەتا لە (تسلیم)ی عەرەبی‌یەوە هاتووە . بنەڕەتی بەکارهێنانیشی ئەگەڕێتەوە بۆ ناو مەلاو فەقێکانی جارانی کوردستان کە بەتایبەتی لە مەنتیق‌و بەحث‌و موناظەرەدا زۆر جار (وان سلمنا)و (ولو سلمنا)و (وعلی فرض التسلیم)٠٠و شتی‌وایان بەکارئەهێناو بە کوردی ئەیانوت (ئەگەر سەلماندمان) یا (ئەگەر بیسەلێنین) بە مەعنای (ئەگەر قەناعەتمان کرد)و (مل‌کەچ بووین)و (وتمان بەڵێ ڕاستە وایە)و (لە قسەی خۆمان گەڕاینەوە)و (خۆمان دا بەدەستەوە)و (قسەی ئەولامان پەسەند کرد) . . لای ئەو لایەنەی کە ئەو ڕایستە کارێک بکا ئەمڵا فەناعەت بە قسەی بکاو مل‌کەچ ببێ بۆی ئەیوت (پێت ئەسەلێنم) یا (پێم سەلماند) واتە کارێک ئەکەم تەسلیم ببی ، یا کارێکم کرد تەسلیم بوو . ئەمەیە بەکارهێنانی ڕاستی ئەم زاراوەیەو ئەمەی ئێستا بۆ مەعنای (ئیسپات‌کردن) ئەڵێن (سەلماندن) هەڵەیەو مەعنای ڕاستی (سەلماندن) ئەوەیە دان بە ڕاستیی قسەی بەرانبەرەکەتا بنێی ، ئەگەر کارێک بکەی قسەکەی خۆت بچەسپێو ئەو متمانەی پێ بکاو (سەلماندن) کاری خۆتە لە خۆتداو ، ئەوەی بە یەکێکی کەی ئەکەی (پێ‌سەلماندن)ە .

٩ ـ وانە :

دەمێ ساڵە وشەی (وانە) بەمەعنای (دەرس) کەوتووەتە ناو کتێبەکانی قوتابخانەوە . ڕاستەکەی (وانە) لە دیالێکتی هەورامی‌یەوە هێنراوەو لەو دیالێکتەدا فیعلی فەرمانە بە مەعنای (بخوێنە)و (درس)یش مەصدەرە یا بە مەعنای ئیسمی مەفعوولی (مدروس)ەو ، ئەگەر بمانەوێ لەم چاوگە هەورامی‌یە (درس)ی بە مەعنای (خوێندن) دروست بکەین ، ئەبێ بڵێین (وانای)ـو ئەگەر بشمانەوێ بە مەعنای (خوێنراو) دروستی بکەین ئەبێ بڵێین (وانیا)و لە هەموو حاڵێکا (وانە)هەڵەیەو ، هەر (دەرز)ە بە کوردی کراوەکە کە سەدان ساڵە لە حوجرەو مزگەوتو قوتابخانەکانی کوردستانا بەکاردێ ، سەد جار لەم (وانا) بەهەڵە بەکارهێنراوە چاکترە .

١٠ ـ یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق :

ئێستا زۆر جار لە ڕۆژنامەکانا ئەم نیمچە ڕستەیە بە مەعنای (الاتحاد العام لنساء العراق) بەرچاو ئەکەوێ . هەروا (یەکێتی گشتی ئەقابەکانی کرێکاران)و (یەکێتی گشتی کۆمەڵانی جووتیاران)و گەلێ ناوی کەی لەم بابەتەش هەر بەرچاو ئەکەوێ . ئەم وەرگێڕانە ڕاست نییە ، چونکە لە کوردیدا (گشتی) بێ‌بنەڕەت دروست‌کراوەو ئێستاش باوەڕ ناکەم کەس هەبێ بتوانێ جیاوازیی نێوان (گشت)و (گشتی)مان بۆ ڕوون‌بکاتەوە . لێرەدا ئەمەوێ بڵێم لە وەرگێڕانی ناوێکا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی‌کە ، ئەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە مەبەست لە ناوەکە لە زمانە ئەسڵی‌یەکەدا گەیاندنی چەمەعنایەکە ، لە ڕستە کوردی‌یەکەشدا هەر گەیاندنی ئەو مەعنایەمان بۆیو ، لەوە زیاتر پێویست نییەو بەراوردی وشە بە وشەی پێ‌ناوێ . ئاشکراشە مەبەست لە (الاتحاد العام لنساء العراق) ئەو یەکێتی‌یە هەموو ئافرەتانی عێراق ئەگرێتەوە ، با لەڕاستییشدا هەموویانی نەگرتبێتەوە ، کەواتە ئەبێ لە کوردیدا بڵێین (یەکێتیی گشت ، یا هەموو ، ئافرەتانی عێراق)و لە بەکارهێنانی ئەم (گشتی)یە هەڵەیە خۆمان ڕزگار بکەین .

● کمال یاسین ڕێکانی ●

حەیران مهانی

جسری مێسلی پالدا قەپانی
کاروان هاتو ماحەیران کانی

● × ●

حۆزیل بۆ یاخوزیی
ئەز خاتێنەك بامە سەر کەلا ئامێدیی
ئەر جلشۆوا کتانێبامە
ئامان شۆوا قابێلیی

● × ●

حۆزیل بۆ یاخوزیی
ئەز خاتێنەك بامە بەرئاشی
ئەز جلشۆوا بەرگێزێبامە
ئامان شۆوا نێسکو ماشی
دەراڕی بیمۆ دەراڕی باسکە
بی فێداتینو خەزالۆ ئاسکە
هەکە ئەز یاتە بم خوش مالی دنی خلاسکە

● × ●

بەژنا بلند بیمۆ بنی خۆکی
تەڕی سوری ڕی زریۆکی
خۆزی مرادا مزو کچکا دەلال
حاسل بیا سەر مەزاری مەدرەسۆکی

جیرۆك لە ئەدەبی جەنگەوە ..

لە مزگەوتدا

نیوەڕۆ داهات .. ئەمەیەکەمین ڕۆژە کە نیوەڕۆ داوێت ، لە کاتێکدا کە هێزە سەرکەوتووەکانمان چوونەتە نێو قەسری‌شیرین)ەوە .. زمارەیەکی سەربازو ئەفسەر ، بەرەومزگەوتە گەورەکەی شارکەوتبوونە ڕێ بۆ ئەوەی نوێژی نیوەڕۆ بکەن .

ئەوە مزگەوتەکەیە لەدوورە دیارە .. هەنگاوەکان‌تیژ دەنران ، بۆ ئەوەی زوو بگەنە جێ .. سەربازو ئەفسەرەکان نزیك‌بوونەوەو، حەریك‌بوون بەرەو دەرگای سەرەکی دەڕۆیشتن ، بۆئەوەی لێوەی بچنە ژوورێ .. بەڵام لە ناکاودا مووشەك وەکوو باران بەسەرسەربازەکانماندا داباری . . هەموو خێرا بەدەمدا خۆیان بەزەویدا دا .. سەربازێك بریندار بوو ، یەکێکی دیکە بریندار بوو .. ئەفسەرەکە سەری بەرزکردەوە . . لەوێوە .. لە سەربانی مزگەوتەکەوە تەقی‌دەکرێت بەوردی تەماشای کرد . . سەربازێکی گومڕای فارسەکان خۆی مات‌دابوو ، مووشەك هاوێژەکەی بەدەستەوەبوو . ئەفسەرەکەدەستی بۆ دەمانچەکەی خۆی برد .. دەیتوانی هەڵی بکێشێتو بەکولەیەك‌ئەو گومڕایە لەناوببات . . بەڵام نا ! ئەوە ناکرێت ! نابێت ئەو لەڕێدەرچووەبکوژرێت ، چونکە خۆی لەیەکێك لە ماڵەکانی خواداحەشارداوە .

ئەفسەرەکە تەماشای چواردەوری خۆی کرد . . « محەمەد عەباس » چاووشی دیت لە تەنیشتیەوەڕاوەستابوو . . پێ‌ی‌ووت :لەوێدایە !

پەنجەی بۆ کابرای‌ڕەگەزپەرست ڕاکێشا . . چاووشەکە ووتی :

ـ گەورەم ڕێگەم دەدەیت‌بیهێنمە ئێرە ؟

ئەفسەرەکە سەرنجی‌ڕووی چاووشەکەی‌دا .. سوور‌بوون لە هەموو بەشێکی ڕوومەتی‌دا دیاربوو . . ئەفسەرەکە ووتی :

ـ بڕۆ .. خوایکەم‌سەرکەوتووبیت .. بەڵام‌ووریابە !

« محەمەد » وەڵامی‌دایەوە : سوپاس گەورەم !

بەسەرجووڵانەوە سەڵاوی‌لێ‌کرد .. نەیتوانی جگەئەوە شتی دی بکات‌و .. بەسکە خشکێ ڕۆیشت ، تا گەیشتە دەرگای‌مزگەوتەکە .. ئەنجا بە تەنیشتی دیوارەکەدا ڕێی‌کردو ، بە جووڵانەوەیەکی‌بەجەرگانە ، « محەمەد عەباس»ی چاووش‌چووە نێو گڕنووشگەکەوە .. پێڵاوەکانی داکەندو ، چەکەکەی لەسەرزەوی دانا .. ئەنجا بەدوای ئەو دەرگایەداگەڕا کە بەرەو سەرەوەی مزگەوتەکە دەچێت .. ئەنەوەتا .. بەڵام داخراوە .. ئەگەر دەستی لێ‌بدات ، لەوانەیە ستەمگەرەکە پێ‌ی‌بزانێت . . بەووردی‌سەرنجی‌داو سەیری شوێنەکەی کرد . . پەنجەرەیەکی کراوەی دیت‌دەچووە سەر پێپلەکانەکە .. پاش ماوەیەك ، پێ‌یەکانی‌چاووشەکە دڕیان بە پایەی‌پێپلەکانەکە دەداو .. ئازایانە چاووشەکە ، وەك چۆن‌هەڵۆیەك خۆی بەسەرکەوتشکێکی ترساودا دەدا، بەو جۆرە خۆی گەیاندەفارسەکەوە بەدەستێکی‌داوێنی گرتو ، بەو دەستەکەیشی مووشەك‌هاوێژەکەی‌و گوللەکانی‌گرتو ، ئەنجا بە پێپلەکانەکاندا هاتە خوارێ .. دەرگاکەی کردەوە .. کە لە ناوەوە داخرابوو .. گورج خۆی گەیاندەفارسەکەوە .. سڵاوی کردو .. ووتی :

ـ گەورەم فەرموو .. ئەوەدەستگیر کراوەکەیە .

ئەفسەرەکە دەستی‌درێژکردو ، بەگەرمی دەستی چاووشە ئازاکەی گوشی .

مکرم رشید تاڵەبانی
کردوویەتی بە کوردی

دوو وینە لە ڕۆژانی تاوان

١ ـ ئێران

هەموو شتێ لە وڵاتی فارسەکاندا ، بووە بەتاوان
گۆرانی تاوانە
شیعر تاوانە
ڕۆژنامە تاوانە
کوشتن‌و بڕینی کچۆڵەو منداڵان بووە دەستووری گەلان .
درووێنەی برسێتی‌و تینووێتی ئەکەن
خوایان جێ‌هێشت‌و کرنۆشیان
بۆ (مەناحیم بیگن) برد ..

٢ ـ جادووباز

ئەی شای مێرەر بەسەری نووچدان
ئەی ئەوەی وێنە گڵاوەکانی خۆت
حستە نێو قورنانی پیرۆزەوە
ئەی دزو جادووباز
پیرۆزت بێ ، تەزبیحی سەرشۆڕی
پیرۆزت بێ ، سەرینی شووەرەیێ .. !

س.ع

لەچالاکیەکانی یەکێتی نووسەران

لقی د هۆك

ژ کورانکەهێت ئێکەتی یا نفیسەفانێت کورد ل تایێ دهوکێ روژا ئەینی ـ ٢٥ ـ ٦ ـ ١٩٨٢ . . . دەم ژمێر شەشێ ئێفاری جارەکادی ئاگرێ کوچکێ ئێکێ‌تی‌یێ رەشی بوو وناهی و گەرم و گەشا تی‌یا خو دا گوهدارێن چفاتا کورانکەهێ ... ئو ئەف کورانکەهە کورانکەهەکا رەخنەی بوو .. کو ماموستایێ چیروك نفیس و هێژا ـ ئەنوەر مەهەمەد تاهر ـ ی ڕێفە دبر ئانکو .. دگێرا ل سەر کوما چیروکێت خیشکا چیروك نفیس و یا هێژا ـ ئەهلام مەنسوورێ ـ گرت ... ئانکو داشکەستن دیارکر د چیروکێت وێ دا کو ئەف کوما چیروکا خێشکا چیروك نفیس کر بوو پەرتووك کە خو ل هەژدە چیروکێت ... جوان و پر تام ـ واقعی ـ دابوو . ...

و هاتبوو بەلاف‌کرن ل بازاری و کەتبوو ل بەر .. . دەستێت ڕەوشەنبیر و خانەفانێت کورد . . . کۆ بنافێ (پرد) بوو ...

کو ب چاف دێری‌با ـ دەزگەها ڕەوشەنبیری و .. بلاڤکرنا کوردی ـ چاپ کربوو .. کو ل سالا ... ـ ١٩٨٠ ـ ئەفجا ماموستایێ ـ ئەنوەر ـ ی ... شروڤەکرن ....

ـ ٣ ـ و د. یماهی یێ براەدەرێ هوزانڤانێ ـ خەلیل دهوکی ـ ژی گوتی . . . چیروکێت ـ ئەهلاهێ ـ دوبارەکرنا ژیارا وێ یە ڕەنگ د دەت ل چیروکێت وێ ... پشتی ڤان هەمی براەدەرێن هێژا پرسیار .. ژ ماموستایێ ـ ئەنوەر ـ کرین . . . پاشی . . . ماموستایێ خو دکەنە مومەکا هەلکری ل ڕێ یا . . نفیسینا چیروکا کوردی‌دا هێژا ـ ئەنوەر مەهەد ـ بەرسفا پرسیارێت وان وان هەمی یا دا ... براەیێن. خانەفان و ڕەوشەنبیرێت کورد ئەف کورانکەهە دوو دەم ژمێرا کێشا .. . و بەری کورانکەهە ب . . . دیماهی بێت ... ماموستایی جقاتا کورانکەهێ .. . ئاگادار کر کو کورانکەهەك دیهێتە گێران ـ شەعبان محمد ـ دێ گریت ـ .....

نووسینگەی دهوك

Institut Kurde de Paris

تیشکی لیزەر و مەترسی بۆچاو



محمد امین هەورامانی

خانم ، ئاگات لەو نیشکە بەفسووناویە بێ ، کە توانای لابردنی پەلەو چرچولۆچی دەمو چاو ڕووەکی هەیە ! !

لەم دواییەدا ، دەنگو باسی خۆرجوانکردن ، بە هۆی نیشکی لیزەرەوە زۆر بلاو بوویەوەو شۆرەیی سەند ، بەلام بە داخەوە ، بەری دوارۆژی ئەم جۆرە چارەسەرکردنە دنیایی نابەخشێ ، ئەگەر هاتو بە دەستی ناشیو نەکردە کرا .

تاقیکردنەوەی ئەم دواییە وا دەریخست ، کە ئەو ئافرەتانەی چارەسەری پەلەو بیرۆو چرچو لۆچی دەمو چاوی خۆیان لە ژێر دەستی ناشیو نەزان لە سالۆنی خۆجوانکردندا دەکەن ، لەوانەیە تووشی سامدوتی ببن !!

چارەسەر کردن ، بە هۆی تیشکی لیزەرەوە لە یانە تەندروستیە بەناوبانگەکانو ئەو سالۆنە خۆجوانکردنە پاکو تەمیزانەو ئەو سالۆنانەی سەرناشین کە کەوتوونەتە سەر شەقامە گەورەکانی لەندەنەوە ، بەردەوامە .

بەکارهێنانی تیشکی لیزەر بۆ لابردنی پەلەو بیرۆو چرچو لۆچی دەمو چاو شوێنی تیکچوونی دیدەی ڕوومەتو لەش بۆ ئەوەیە : کە پەنا نەبرێتە بەر عەمەلییات .

مەترسی لیزەر

وەکیلی چارەسەر کەرەکان بە جیهاری لیزەر ، دەستیان کردووە ، فروشتنی جیهازی لیزەر هەندێ هەمیشە لابان شت دەکرێن ، بۆ ئەوەی لەمالەوە بتوانن خۆیان بە دەستی خۆیان چاری خۆیان بکەن ، ئەمەش ، بێگومان دەبێتە هۆی بەر باکردنی مەترسییەکی گەورە ، ئەویش وەك سووتاندنو هەلقرچاندنی بێست ، چونکە ناشارەزای ڕێڕەوی ئەم جۆرە چارەسەرکردنەن؟

ئەوەی کە جێمای داخە، هیچ جۆرە ڕاوێژێکی نووسراو بەسەر ئەو جیهازانەوە نییە کە ڕێنمایی ئەو کەسە بکا کە دەیەوێ بەکاری بهێنێ !!

سەرەڕای ئەوەش ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم جۆرە نامێرانە بەکار بهێنرێو ئەخۆش چاوێلکەی نایبەتی لەچاو بکا ، ئەو وەختە ئەخۆش تووشی زیان نابێ !

سوودی چارەسەر کردن

لەگەل ئەبوونی هیچ جۆرە بەلگەیەکی وەهادا کە پالیشت بێ بۆ ئەو جۆرە پاگانتانەی کە دەلێن ، چارەی خۆجوانکردن بە تیشکی لیزەر ، زیان بە ئەخۆش دەگەیەنێ ، بە کردەوەش سەرکەوتنی چارەسەرکردن بە لیزەر لە هەندێ حالاتی ئەخۆشی چاو ، کە وەك شیر پەنجەو زامی دیکەی هەلهاتووی چاو ، چەسپا !!

ڕای پزیشکان

دوکتۆر جۆن مارشال ، مامۆستای کولیجی پزیشکی چاو لە زانستگای لەندەن دەڵێ ، زۆر لایەنگری زۆرتر بەکار هێنانی تیشکی لیزەرە بۆ ئەهێشتنی هەندێ پەلەی ناشیرینو بیرۆی ڕوومەتو لەش ، بە پێی ئەزموونی خۆیشی ئەتیجەی ئەم چارەسەرکردنەش سەرکەوتنی مسۆگەر نییە ، یاخود هیچ ئەبێ جێگیر نییەو زیانیشی بۆ چاو هەیە !

دکتۆر جۆن ، دەترسێ ، ئەو ئافرەتانەی کە بۆ ئەهێشتنی پڕچو لۆچی ڕوومەتو ئێوچاوانیان بە هالاو داوا بە دەم چاری وەعاوە دەچن ، پونکە ئەوانەیە لە پاشەڕۆژدا چاویان تووشی زیان ببێ!!

کوێر بوون

دوکتۆر جۆن دەڵێ ، لەسەر ـ ڕۆیشتنی یەکارهێنانەوەی تیشکی لیزەر بۆ ئەو جۆرە چارەکردنە لەوانەیە ، ڕۆشنایی چاو نەهێڵێ ، ئەگەر هاتو ڕۆژێ لە ڕۆژان، بەکێ یەکسەر ئەماشای تیشکی لیزەر بکا ، ئەو وەختە ئەو کەسە ، بەکسەر ساموت دەبێ ، یا لەئەر وانەبێ، هیچ نەبێ توانای جیاکردنەوەو ناسینی ڕەنگەکانی نامێنێ ، بە نایبەتی ئەوانەی کە لەم گۆشەیەدا خەریکن ئیش دەکەن . هەروەها تیشکی لیزەری سەرووی بەنەوشەیی ، کە ژنان بۆ بۆرکردنی پێشتی لەشیان بەکاری دەهێنن دەبێتە هۆی زیاندانی پەردەی بنیای گلارەی چاو ، لە دواییشا ، بە چارەکردنی بۆ ماوەیێ چاك دەبێتەوە .

لیزەر چییە !!

داخوم لیزەر چی بێ ! بە نایبەتی لەم دواییەدا زۆر باس دەکرێ !! هەندێ لە ئافرەتانیش بۆ لابردنی نەهێشتنی پەلەو تیکچوون هەندێ جێگای لەش بە دوایەکی تەمسووناوی سەرسوڕهێنەری دەزانن !!

ئەو نامێرە ، خۆی کە تیشکی لیزەری لێ دێتە دەرەوە وەك قەلەمێکی ئەستوورو گەوزەی نووسین وایە ، واش دەردەکەوێ ، کە نە زیانبەخشەو نە ئێشو ئازاری کاتیش ساز دەدا .

هەندێ لەو ئافرەتانە ، پاش چارە کردنی خۆیان بەو تیشکە سکالای پەیدا بوونی پەلەو هەلقرچاندنی پێست دەکەن ، بۆیە بە پێویست دەزانرێ کە ئافرەت پاش بەکارهێنانی لیزەر بۆ ئەم جۆرە چارەیە یەکسەر ، بە بەر ، تیشکی خۆزردا نامۆشۆرەوت نەکات .

بەهای چارەسەرکردن

بەهای چارەسەرکردن بە تیشکی لیزەر بۆ (١٢) جار لە یەکێ لە سالۆنە گەورەکانی خۆجواتکردن ، لە ناوچەی (وێستئەند) نزیکەی (٢٢٠) جونەیی دەکات ، سەپریش ئەوەیە ناوەکەی مانگی ئەیوولی داهاتوو سەرپاکی هەرچی ئۆرە هەیە گیراوە .

ناگاداری خۆت بە !

ئەوەی کە بۆ دواجار دەمەوی بە گوێتا بچرپێم ئەی خانم ، هەرگیز پەلەی خۆ چارەکردن بە تیشکی لیزەر مەکە ، ناوەکو دڵنیا نەبی لەوەی کە زۆر پێویستیت پێیەتی، باشتریش وایە مشوور بە دوکتۆری پێست بکرێ بۆ ئەوەی ڕوو بە ڕووی چارەسەرێکی مسۆگەرت بکا . شایەنی باسە دەبێ بە وردیی و دڵنیایی ئاگات لەوەبێ کە تۆ بە ڕاستی موحتاجی ئەو جۆرە چارەسەرەیت ، جگە لەوەی کە زۆر پێویستیشە ڕێگەیەکی ڕاستو ڕەوان لەم ڕووەوە بگرێتەبەر بۆ ئەوەی نە زیان بە لەشتو بەهەر ئەندامێکی ترت بگات.

لە کۆتاییشا ڕاستترین ڕێگا ئەوەیە کە ئەم جۆرە چارەسەرە لە ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی دوکتۆردا بکرێ!

کورتە لیکۆلینەوەیەك دەربارەی چەکی ئەتۆم

ئامادەکردنی
لطیف مەنمەت

ئێستا لەجیهاندا نزیکەی ـ ٤٠٠٠٠ ـ چل هەزار بۆمبای ئۆتۆمی هەیەو وزەی تەقینەوەی سەرجەمی ئەو بۆمبا ئۆتۆمییانە ئەوەندەی وزەی ملیۆنێك لەو بۆمبایە دەبێ کەلەهیرۆشیمادا تەقێنرایەوە ... واتە هەریەکێك لەئێمە لەسەر زەوی‌دا زیاتر لە ـ ٣ ـ سێ ملیۆن تەن لەمادەی کوشندەی ـ تی ئی ٠ تی ـ بەردەکەوێ ...

دەبێ ئەوەش بزانین ئەو مووشەکە کیشوەربڕە ئۆتۆمیانەی کەلەزەوی‌یەوە دەهاوێژرێن لەماوەی ـ ٣٠ ـ حولەکدا دەکەنە جێگای دیاری‌کراو ... بەلام ئەو مووشەکانەی کە لەپاپۆڕەکانەوە دەهاوێژرێن ... بەماوەیەکی کەمتر دەگەن ... بەم پێیە لەکاتی هاویشتنی مووشەکی ئۆتۆمی‌دا دانیشتوانی ناوچەکە بواری ئەوەیان نابێ لەمالدەرچن و خۆیان دەربازکەن ...

شایانی باسە ئەفینەوەی ـ ئیمنانەن ـ لەسەر شارێکی چوار ملیۆن کەسی وەکو شاری ـ دیترۆیت ـ یان ـ لینینگراد ـ دا دەبێتەهۆی ئەوەی لەشاری ـ دیترۆیت ـدا ـ ٥٠٠٠٠٠ ـ پێنجسەد هەزار کەس بمرێ و شەشسەد سەزار کەسیشی برینەدار بێ ... لەشاری لینینگرادیشدا دوو چەنانەی ئەوژمارانە ئەویشی بەهۆی بارو دۆخی جوگرافیایی جیاواری ئەو دوو شارەوە ...

ئەم ئەژمارانەش ڕاستیو لەلتۆلینەوەکی فراوانی ئەمیکی کشتی ئەو یەکگرتی‌کانو دوانزە نووسەری داناو شارەزادا ڕوون‌کراوەتەوە کەدەربارەی چەکی ئۆتۆمی ئامادەکراوە ... لەو لیکۆلینەوەیەدا باسی مەترسی گەورەی چەکی ئۆتۆمی کراوە کە چرزیانێك بەمرۆڤایەتی دەگەیەنێ هەروەها باسی ڕۆلی ئەم جۆرە چەکە دەکات لەبارەی پەیوەندی نێوان دەولەتانی جیهانەوە ... جگە لەوەش باسی ئەو کۆششە دەکات کەئەتەوە یەکگرتۆکان لەبارەی دامالینی چەکی ئۆتۆمی‌یەوە دەیکەن.. شایانی باسە حالی حازر پێشبڕکێی بەدەسهێنانی چەکی ئۆتۆمی لەنێوانی دەولەتانی جیهاندا گەرمەو هەموو دەولەتێکی ئەورە هەولی ئەوە دەدات کە لەدەولەتە گەورەکەی تر زیاتر چەکی ئۆتۆمی هەبێ ... ئێستاکە هەردوو دەولەتە گەورەکەی جیهان نزیکەی بەلکو زیاتر لە٩٥٪ی هەموو جۆرە چەکێکی ئۆتۆمییان لەژێر دەستایە ... وەلەو لیکۆلینەوەیەدا ڕوون کراوەتەوە کە ئەو دوو دەولەتە هەمو ڕۆژێ نزیکەی ـ ١٠ ـ ملیۆن دۆلار لەچەکی ئۆتۆمی‌دا خەرج دەکەن ... جگەلە کرێی گراستنەوەیان ..

لیکۆلینەوەکە بەدوورو درێژی باسی تەقینەوەو ناوچەکە دەپرووکێ ... جگە لەوەش خواردەمەنی ئەناوچەکەدا نامێنێو ئەخۆشی‌و پەنای کوشندە تەشەنە دەکات ... شایانی باسیشە وەکو لیکۆلینەوەکە ڕوونی کردۆتەوە بوونی چەکی ئەتۆم لەلایەن دەولەتێکەوە زیانی بۆ ولاتانی دەوروبەریش هەیەو بەدرێژایی ڕۆژگار دەبێتە هۆی مردنو لەناوچوونی هەزاران هەزار کەس ... بەلام دەبێ ئەوەش بزانین کەسەرباری ئەو شتانەش باسمان کردن تەقینەوەی ئەتۆم زیانی زۆر گەورە لە نابووری جیهانی دەدات ... چونکە تەقینەوەکە واتای ئەوەیە کە شەڕێکی جیهانی ڕوودەداو سەرجەمی دامو دەزگای نابووری‌و گشتوکالی جیهان خاپوور دەبێ ... یالەکار دەوەستێو ئاژاوەو پشێویش لەهەموو جیهاندا بلاو دەبێتەوە ... جگە لەوەش باری دامیاری‌و کۆمەڵایەتی جیهانیش دەشێوێو مەسەلەی هاتوچۆش لەشارێکەوە بۆشارێکی تر و لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ـتر نێك دەچێو بەباشی‌و ڕێك‌وپێکی ناڕوا بەڕێوەو بەزەحمەت یارمەتی لەلایەکەوە بەلایەکی تر دەگات ... لەوانەشە دوای شەڕێکی ئەتۆم چەندین دەولەت لەسەر ئەخشەی جیهان‌و زەویشدا بسڕێتەوە ...



نوێ لەدنیای زانستدا



● ئەو ماددانەی کە لە ئەوت دەردەهێنرێن، ناکوبێت بایەخی زۆرتریان دەبێ لە ژیانی ڕۆژانەماندا ، بۆ ئامادەکردنی زۆربەی ئەم ماددانەش پشت دەبەسترێ بە ماددەی (ئۆلفینات ـ هایدرۆکاربۆنانی ئەسیلینی ـ)وە هەروەها ماددەیەکی تریش کە پێدەووترێ ئەسیلین‌و ماددەیەکی سەرەکی‌یە لە دروستکردنی نایلە پیشەسازی‌یەکان‌و پلاستیك‌و بولئستەرین‌و ئەو شلانەی کە بەربەسی بەستن (التجمد) دەکەن ، عەروەها مادەی پاکژی‌و سرێشو ڕۆن‌و ماددەی خۆ جوانکردن‌و دەرمان‌و مادەی سەرەنایی بۆ دروستکردنی لاستیك .

جا بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە، پارەیەکی زۆر لەم بوارەدا پێویست دەبێ بۆ دروستکردنی کارگەی گەورە تاکو کەلوپەلی نایاب بخاتە بازاڕەکانەوە .

● زۆرجار لەناگردا لە ماڵێکدا دەکەوێتەوەو کەلوپەل گڕیان تێبەردەبێت، دەبێتە هۆی مردنی هەندێك کەس‌و سووتانی لەشی هەندێکی تریان ، بۆ ئەهێشتنی ئەم مەترسی‌یە زاناکان هەستاون بە دروستکردنی ئیسفەنجێکی دەستکرد ، کە بەرگری ئاگر دەکات . بۆ ئەم مەبەستەش دەبینین کە خوری بە چەشنی نالی دەستکردو لۆکە ئاگر بلاو ناگاتەوە ، بۆ ئەمەش زاناکان دەستیان کردووە بە زیادکردنی ڕادەی بەرگری خوری دژی ئاگر لە ڕێگەی تێکەڵ کردنی هەندێ ماددەی نایبەی‌یەوە وەکو زیرکانیوم‌و تیتانیوم .

هەروەها ئەم جۆرە قوماشە سوودێکی زۆری هەیە بۆ پیاوانی دەستەی ئاگرکوژاندنەوە ، بە تایبەتی لەکاتی ئاگر کەوتنەوەیەکی زۆردا .

زانستی پزیشك

شیرەپەنجەی سپی خوێن

دکتۆر : فیصل عارب بلباس

لوکیمیا بریتیە لە زۆربوونی ژمارەی خڕۆکە سپیەکان لە خوێن ، لە چاوگەی دروست بوونیان یان لە هەردوو شوێن‌دا بە شێوەیێکی خێراو بێسنوور ، ئەمەش یەکێکە لە ڕەوشتەکانی شێرپەنجە (کانسەر) بۆیەش زۆرجار بە کانسەری خوێن ناو دەبرێت .

لوکیمیا لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا هەیە بەڵام لە هەندێ هەرێم پتر باوە « لە کوردستانی عیراقدا باوە !»، هەروەها لە هەموو ڕەگەزو ڕەسەنێك بێنراوە ، تا ئێستا هیچ هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەم ئەخۆشیە نەدۆزراوەتەوە ئەگەرچی هەندێك بڕوایان وایە کە جۆرێکە لە ڤایرەس هەروەك لە گیانداری وەك مشك‌و کەرویشك‌و مریشكدا سەلێندراوە بەڵام لە مرۆڤدا هیچ بەلگەیەك بە دەستەوە نیە ، لە لایەکی دیکەوە هەندێ جۆری نیشك ناوانبار کراون چونکە تێبینی کراوە لە هیرۆشیماو ناگازاکی دوای ئەقینەوەی بۆمبای ئەتۆمی ئەم دەردە بە شێوەیێکی سەرنج ڕاکێشەر دەبینرێ ، ئەوانەش (بەنایبەتی پزیشکەکان !) کە لە تیشکی ڕۆنتگن (ئێکس) کار دەکەن پتر تووش دێن .

چۆن جۆرەکانی تری کانسەر دەگرێنە بەشی دژوار (مالیگنانت) و بەشی بێژ (بێنایین) ئاڕاشی ئەخۆشی لوکیمیا بە گشتی دەکرێتە دوو بەشی سەرەکیەوە (١) :

لوکیمیای تیژ (حاد) و لوکیمیای فەکێش (مزمن) ، ئەم دابەش کردنە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەفتاری ئەخۆشیەکە لەگەڵ سەرهەلدان‌و دریژەکێشانی . جۆری تیژی کتوپڕ سەرهەلدەدات‌و زۆر دژوار ترەو ئەگەر چارە نەکرێت ئەخۆشەکە لە چەند مانگێك پتر ناژیت بەڵام جۆری فەکێش سەرهەلدانی لە سەرخۆو درێژ کێشە . هەروەها پلەی پێگەیشتنی خانە سپیەکانی خوێنیش جیاوازن لە هەردوو بارەدا . لە جۆری تیژدا خانەکان هێشتا ساواو ناکامن کە (بلاست) یان بێدەووترێ بەڵام لە جۆری فەکێش ئەواو پێگەیشتوون‌و دەتوانرێت جۆرەکانی دەستنیشان بکرێت .

هەربەك لەم دوو بەشەی لوکیمیا دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە کە لە هەر بەکێکیاندا تەنها جۆرێکی تایبەتی لە خرۆکە سپیەکان بەرەدەستێن ، لەم کورتە ووتارە تەنها ئەو جۆرانە دەحەیەو ڕوو کە زۆر باون .

١ ـ لوکیمیای تیژ :

لەم بەشەی لوکیمیا تەنها جۆری (لیمفۆسیتیك)یان زۆر باوە کە بە تایبەتی لە منداڵانی دەسالی‌و کەمتر ڕوودەدات ، لە کوڕان پتر دەبینرێو زۆری بە شێوەی هەلامەتیکی کتوپڕ سەرهەلدەدات‌و سووکە تایەکی لەگەڵدا دەبێت ، نەخۆش بێهێزو ڕۆژ دوای ڕۆژ تەندروستی پتر تێك دەچێت تا دەگاتە ڕادەیەك خوێن لە ڕووت‌و پرووی دێت چونکە خوێن توانای مەینی کەم دەبێت سپڵو جگەر ئەستوور دەبێو ماکی خوێن تێزان لە ژێر پێست دەبینرێ ، بەرگری لەش کەم دەبێت‌و بەکترپا دەپڕژێنە شانەکانی لەش بە تایبەتی سپەکان‌و تووشی سووتانەوەی تیژ دەبێت .

دەستنیشان کردنی نەخۆشیەکە بە پشکنینی خوێن دەبێت کە تیایدا ژمارەیێکی یەکجار زۆر لە خانەی سپی لە خوێندا دەبینرێ کە ساواو ناکامن ، بۆزانینی جۆری خانەکان نەحتێ لە مۆخی ئێسقان (بۆن مارۆ) دەردەکێشرێو دەپشکنرێت .

بۆ چارەکردن لەم سانەی دوایی‌دا پێشکەوتنێکی زۆر دەست هێنراوە کە ژمارەیێك لە دەرمانی دژە کانسەر بە شێوەیێکی ڕێك‌وپێك بەکار دەهێنرێ لە ژێر چاودێری پزیشکی سپەڕو کارامە .

٢ ـ لوکیمیای فەکێش :

بەنایبەتی دوو جۆری زۆر باون ، (لیمفاتیك‌و مایەلۆید) ، ئەم بەشەی لوکیمیا بە شێوەیێکی لە سەرخۆ دەستپێدەکات‌و ماوەیێکی درێژ دەخایەنێ تا مرۆڤ هەست دەکات کە نەخۆشە ، جۆری (مایەلۆید) کە بە زۆری لە تەمەنی ٣٠ ـ ٤٠ ساڵی ڕوودەدات بە شێوەی پەسیو یا تەنها سووکە تایەك دەست پێدەکات‌و نەخۆش لەبەر کەمخوێنی هەست بە بێهێزی دەکات ، سپڵ زۆر نەستوور دەبێت کە نەخۆش ڕەنگە هەستی پێبەات لە کەلەکەی چەپەی بە شێوەی فورساییەك لە ژێر پەڕاسوو .

ناسینەوەی نەخۆشیەکە پاش دەرکەوتنی ئەو نیشانانەی باسمان کردن بە پشکنینی خوێن‌و موخی ئیسقان دەبێت چارەکردنیشی بە زۆری ناکە دەرمانێکە (بوسولفان) کە ناوەبەناوە بەکاردەهێنرێ بۆ ئەوەی ژمارەی خانە سپیەکان کەم بێنەوە . ئەم جۆرە لوکیمیایە لەوانەیە تا (١٠) ساڵێك بخایەنێ بەڵام لە دوایی‌دا بە شێوەی جۆری تیژ هوروژم دێنێو ناتوانرێت بەربەست بکرێت .

جۆری (لیمفایك) لە مرۆڤی بە تەمەن لە نێوان ٦٠ ـ ٧٠ ساڵی‌و لە پیاوان زیاتر ڕوو دەدات ، لەوانەیە هیچ نیشایەکی نەبێت‌و بە ڕێکەوت بناسرێتەوە وەك ئەوەی خوێنی پشکنرێ بۆ نەخۆشیەکی تر ، هەندێك

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

هاوکاری: بەسەرکردنەوەی قەلای هەولێر باسی مێژووی دێرین و بەرەپێدان و دواروژی دەگێڕێتەوە

ناظم دلبەند
نووسینگەی هەولێر

(● ژمارەی دانیشتوانی قەلا بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ گەیشتە ٣٣٧٠ کەس.

● ژمارەی خانووەکانی قەلا دەگاتە ٥٦٦ خانوو .

● پانتایی خانووەکانی قەلا دەگاتە ٦٠٨٠٨ مەتری چوار گۆشەیی ..

● درێژایی قەلا دەگاتە ١٥٠ هەزار پێ و پانتایی یەکەی ١٢٠٠ پێیە ..)

● شاری هەولێرو قەلا دێرینەکەی کۆنترین شاری ئەم جیهانەیە بەپێی مێژوو، بۆ یەکەم جار کە مرۆڤ تیایدا ژیا بە هۆی کاری کشتوکاڵی یەوە ژیانی دەبردە سەر ...

ناوبانگی هەولێر وەك یەکەم شاری جیهانی دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ پێش لە دایك بوون .. بەرە بەرە ناوبانگێکی ئەواوی بۆ خۆی پەیدا کرد بە هۆی ئیمپراتوریەتی ئاشوری .

● ئەم قەلا دێرینەش شوێنی سەدان ئاشوبەو لێکدان و سەرکەوتن و عاشقانی ئەم خاکەنە ، بە گەنجینەیەکی مەزنی شوێنەوارە کۆنەکان دەژمێردرێت .. لە سەردەمی ئەمرۆشدا بایەخێکی تەواو بە قەلا دەدرێت و سەر لە نوێ لە سەر شێوازی تازە نوێ نەخشەی جیهانی تازە نوێ دەکرێتەوە لە میانەی پرۆژەیەکی گەورە بە ناوی پرۆژەی (پەرەپێدانی قەلای هەولێر) بۆ زیاتر شارەزا بوون لە کاروباری ئیش کردن و چۆنیەتی نوێ کردنەوەو مانەوەی شوێنە کۆنەکان وەك خۆی ... چوونە بارەگای پرۆژەکە کە لە خانوێکی کۆنی قەلادایە ، نوژەن کراوەتەوە لەسەر هەمان کەلەپورو شێوە .. مامۆستایەکی ئیسك سوك ، وا دیار بوو زۆر حەزی لەم کارە دەکردو رۆژنامەنووسیشی خۆش دەویست ، ئەویش مامۆستای بەرێز (رفیق فتح الله محمد) بوو کە بەریزەبەری پرۆژەکە بوو ... کەوتینە گفتوگۆ ..

● **چۆنیەتی ئیش کردنمان ..**

بەرێزی دەربارەی چۆنیەتی ئیش کردن و نوژەن کردنەوەی قەلا وتی :-

لە راستیدا کە باس لە قەلای هەولێر دەکرێ ، تەنها کارێك نیە کە وا باوە بە چاك کردنەوەی قەلای هەولێر ، نەخێر کە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکەین و پێی دەووترێ « پرۆژەی پەرەپێدانی قەلای هەولێر » گەلێك لق و پۆی لێ دەکرێتەوە .. لەمانە قەلا دەبێت بە شارێکی گەشت گوزاری ... جا بۆیە قۆناغی یەکەممان لە کارەکانمان چاککردنەوەی ئەو خانووە کۆنانەیە کە شوێنەواری ماوە .. بۆ ئەم مەبەستە توانیومانە تا ئێستاکە (٣٨) خانوو ئیستیملاك بکەین کە هەموو لایەنی کەلەپوریان لێ بەدی دەکرێت ... شارەوانی هەولێریش (٣٠٠) خانووی تری ئیستیملاك کردووە .. ئەمانە هەمووی سەرەتایەکە بۆ ئەوەی بتوانین قەلاکە بکەین بە شوێنێکی گەشت گوزاری .. دەستمان کردووە بە چاککردنەوەی دیوارەکانیش کە بریتی یە لە چاردە دیوار دەکەوێتە دەورەی قەلا .

● **شوێنی رۆشنبیری و گەشت گوزاری ...**

مامۆستا رفیق دەربارەی ئەو شوێنە رۆشنبیری و گەشت گوزاریانەی کە لە قەلاکە دروست دەکرێت بۆ ئەوەی گەشتکەران چێژی لێ وەربگرن پێی وتین :-

لەو نەخشەیەی کە لەبەر دەستایە و دوای ئەوەی کە پسپۆران رەزامەندی خۆیان لەسەر دەربڕیووە بریتی یە لە دروست کردنی چەند گازینۆیەکی هاوچەرخ لەسەر شێوەیەکی نوێ و ئینجا چەند میوانخانەیەکی گەورەی گەشت گوزاری کە هەموو مەرجێکی گەشتی تیا بێت .. سەرەڕای دروست کردنی چەند مۆزەخانەیەك کە ئەمانەن .

١ - مۆزەخانەی ڕووەك زانین .

٢ - مۆزەخانەی مێژووی سروشتی .

٣ - مۆزەخانەی فۆلکلۆری کوردی .

ئەوەی راستی بێ مۆزەخانەی کەلەپور تەواو بووە کە بریتی یە لە کەلوپەل و لایەنە فۆلکلۆری یەکانی ناوچەی کوردستان بە گشتی و قەلا بە شێوەیەکی تایبەتی . ئێستاش خەریکی تەواو کردنی کتێبخانەیەکی گەورەین کە پەیوەندە بە لیکۆلینەوەی ناوچەکەو بە تایبەتی لە رووی لێکۆلینەوە لەسەر کورد لە ناوچەی کوردستاندا ...

● **بانگەوازێك بۆ رۆشنبیرانی کورد ...**

(لە پێناوی دەولەمەند - کردنی کتێبخانەی دیراساتی کوردی لە قەلای هەولێرو وون نەکردنی هەندێك لایەنی پیرۆز لە مێژووی گەلی کوردمان ، داوا لە رۆشنبیرانی کورد دەکەین کە ئەم کتێبخانەیە بەسەر بکەنەوەو هەر یەك بەپێی توانای خۆی یارمەتیمان بدات بە پڕ کردنەوەی کتێبخانەکەمان بە کتێبی مێژووی کورد .

● خانوی پیاوە بە ناوبانگەکانی قەلا ...

مەلبەت قەلای دێرینی هەولێر شوێنی پایەو مەقامی گەلێك لە پیاوە ماقولانی ئەوسای هەولێر بووە کە ئێستاکەش نیۆبانگیان لە ناو خەلکی هەولێر ماوەو ئەوەیان دیارن ... بۆ زیاتر چوونە پێشەوەمان لەم رووەوە کاکە رفیق دەڵێ :-

ئەو خانوانەی ئێستاکە ئیشی لێ دەکەین ، بە گەورەترین خانووی قەلا دەژمێردرێ ، چونکە ماڵو دیوەخانی پیاوە گەورەکانی

بروانە ل : ٧



بەرەو کۆنگرەی بەرزی یەکێتی

دوای ئەوەی کە جوولانەوەی بێلایەنی ، بوو بە هێزێکی کاریگەری نێو دەولەتان و دەورێکی زۆر ئیجابیش ، لە گۆڕانی باری هەمەچەشنەی کەلاندا ئەنوێنێت و بەردەوامیش ئەو شێوازو ڕێگەیەی بۆخۆی هەڵبژاردوە، لە سەری بەردەوامەو رۆژ دوای رۆژیش هەنگاوەکانی سەر ئەکەوێت و پەیامە مرۆڤانەکەی زیاتر ئەدرەوشێتەوە .. بە جوزێکی وا کە ئێستا پتر لە (١٠٠) دەولەتی ئەندامو لە (٢٠) دەولەتی چاودێرو سەرباری دەیەها ڕێکخراوی نیشتمانی و بزوتنەوەی رزگاری بەخشی جیهانی گەر تۆتە خۆی و بەمەیش بووە بە سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووی هێزی مرۆڤایەتی و یارمەتیەکی مەزنی بزوتنەوەی دێتری هەرسێ کیشوەرەکە ئەدات و بە دەنگی گەلە لێقەوماوە - کانەوە دێت .. دوای ئەمەو هەرلەم بوارەدا ئەبێ چاك لەوە حاڵی بین کە :

ئیمپریالیزمی جیهانی و تووڵە نازدارەکەی زایۆنیزمی دڕندە چاویان بەرایی نادات ئەم جوولانەوەیە پێش کەوێت و ببێتە هێزێکی سەربەخۆو کاریگەر ، بۆیە کەوتونەتە پیلانگێڕان و خوێنمژی و راوروت و داودانانەوە .. درێغیشیان لە هیچجۆرە نەخشەیەکی دڕندانە نەکردوە بۆ ڕوخاندن و پلیشاندنی ئەم جوولانەوە سەرفرازە .. هەموو جۆرە کاریکەی بۆلیسیانەو سوپایی و نیمچە سوپاییان خستۆتە کارو هەموو جۆرە تەلەزگەیەکی ئابوریان بۆ داناوەتەوە .. بە تایبەتیش لە ئەنجامی ئەو جیاوازیە ئابوریەی کە لە نێوان وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتوەکانی سەرەکی (ئەمەریکا - ئەلەمانیای رۆژاوا - فەرەنسا - ئینگلتەرا - ئیتالیا - کەنەدا - ژاپۆن) و وڵاتە هەژارو تازە گەشەکردوە - کاندا هەیە - زوربەیان بێلایەنن - ئیمپریالیزمی جیهانی ، کەوتۆتە رامێنانی ئاسان کردنی ئیمتیازاتی جۆربەجۆر بۆ سەرمایەداری تایبەتی بێگانە .. بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە بخاتە ژێر رکێفی رژێمی سەرمایەداری تایبەتی بێگانە .. بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانە بخاتە ژێر رکێفی رژێمی سەرمایەداری جیهانی بەرەو کاریگەری ئەو جوولانەوە گەورەیە ئەو ئەرکە گەورەیە ئەخاتە سەر شانی کۆنگرەی بەرزی یەکێتی

وردبوونەوەیەك..!

لێکۆڵینەوە

● دکتۆر هیوا عمر ●

کاتێك منالێك گۆڵێك ئەچنێ ، مرۆڤێکی ئاسایی بە تورەبوون یان ئامۆژگاری ڕووبەڕووی منالەکە نەبێتەوە ، نیگارکێشێك لەوانەیە بە تابلۆیەکی ڕەنگین ، چیرۆکنوسێك بە کورتەچیرۆکێك ، شاعیرێك بە هۆنراوەیەك هەستی خۆی بەرامبەر بە کاری منالەکە دەربڕێ .

تورەبوون و ئامۆژگاری و تابلۆو کورتەچیرۆك و هۆنراوەکە کاردانەوەی ئەو مرۆڤانەیە بەرامبەر کاری منالەکە .... ئەم کاردانەوەیەش ، پرۆسێسێکی میکانیکی نییەو زۆر پێك‌داچوون و کارلێکردن و هێنان‌وبردنی گارنەندامزانی (فسیۆلۆجی) ، تیا بەشدار نەبێ . بەڵام بە شێوەیەکی ساکار لەسەر سێ خاڵ بەندەو ئەم خاڵانەن جۆرو ئاستی کاردانەوە زیندووەکە دیاری ئەکەن ، کە بریتین لە .

١ ـ کاریگەری و توندی ڕووداو ململانێی دەوروبەرو بارودۆخی مرۆڤەکە .

٢ ـ بیرو تێگەیشتن و قەلسەفەو جۆری پەروەردەو باکگراوندی مرۆڤەکە ، بەرامبەر ژیان و ڕووداو و ململانێکانی ژیان .

٣ ـ پیشەو بەهرەی دەربڕین و پاراوی زمان یان دەستڕەنگینی مرۆڤەکە .

ئەشێ و زۆریش ئەشێ کە دوو مرۆڤ لە یەکێ یان دوو یان هەرسێ خاڵەکەدا زۆر یان کەم لەیەك نزیك‌ببنەوە کەوابە ئەشێ کە دوو نیگارکێشی دوو تابلۆی زۆر لەیەك‌چوو بنەخشێنن . یان دوو شاعیری بەك نەیوی یەك‌نەناس دوو هۆنراوەی زۆر لەیەك نزیکەوە بهۆنەوە . نمونەی ئەمەش زۆرن ، وا من لێرەدا سێ نمونەی ئاشکراتان پێشکەش ئەکەم .

نمونەی یەکەم : بابە تاهیری هەمەدانی ، شاعیری بەرزی کوردی سۆفیزم ، پێش نو سەدە ، لە کوچەیەکی کوردستاندا ، پاش ئەوەی بەدژایەتی و دژواری جیاوازی ژیانی‌مرۆڤ و کێشەی چینایەتی قاڵبووە . وونوویەتی(١) .

ئەگەر دەستم ڕەسەد بەر چەرخی گەردوون
ئەز ان پرسەم کە ئین چوونەستو ئان چون
یەکێ ڕادەدائێ سەد نازو نیعمەت
یەکێ ڕا قورسی جۆ ئالۆدەیی خوون

مایکۆفسکی ـ هۆنەری بەرزی شورەوی و جیهانی ماتربالیست ، پێش چەند دە ساڵێك ، کە سەرێك لە ئەمەریکا ـ ئەداو دژایەتی و دژواری جیاوازی ژیانی‌مرۆڤ و کێشەی نێوان چینەکانی کۆمەڵ ئەبینێ ، ئەڵێ(٢) .

ژیان لێرە
بۆ هەندێ کەس ، تریقانەوەو پشوودانە
بۆ هەندێ کەس ، قریشکەی برسێتی و ژانە

نمونەی دووەم : شاعیری بە بەهرەو لاوی ناسراو ـ لەتیف هەڵمەت ـ زۆر نی‌یە لە یەکێ لە هۆنراوەکانیا ئەڵێ : (٣)

گەر هەستت کرد ... کە خەریکە لە ناوەوە
بتخواتەوە چەمی گریان
ڕێنمایم ئەوەیە بۆت
بۆ من مەگری ، بگری بۆ خۆت

لە ئەدەبی فۆلکلوریشماندا ، هۆنراوەی وامان هەیە بە هەمان پاراوی و بۆ هەمان هەڵویست ووتراوە ، بۆ نمونە ئەمە پارچە هۆنراوەیەی ناوچەی سەردەشت ،

ڕێی کانی‌یەی توش‌هاتم زۆر حەجایب دەگریا
سەد چەپۆکی لەخۆیدا هەزار جار ووتی بریا
قەولم هەر بە تۆدابا ، هێشتا زووم وەرە فریا
لەو بەلایەم نەجات دەی هاوار شێخی نەهریا

نمونەی سێیەم : ئالی ـ لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم‌دا دێ و بەم شێوە یەی خواردەوە ، باسی جوانی و شەیداکەری دڵخوازەکەی ئەکاو ئەڵێ :

لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی‌دا سپێدەی باخی سێوان
لە خەوفی تەلعەتی ، ڕۆژ هەروەکوو شێت
بەڕوو زەردی هەڵاتو کەوتە کێوان
دوو چاوی من کەوا سەیلی سرشکن
دەیێون ئاوی بەحری خووێن بە پێوان
مەگە لۆمەی پەشێوی دل کە ئەمشەو
پەشێواوە لەبەر ڕەچەمە پەشێوان
شەرابی لەعلی ڕۆمانی لە (ئالی)
حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان

وەفایی ـ پاش ئەو دێ و لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم‌دا دێ و بە شێوە یەك ناسی دڵخوازەکەی ئەکات ، لە واتاو وێنەی شیعری‌دا زۆر لە هۆنراوەکەی

بروانە ل : ٧

شۆڕشگێڕانی گەلانی ئێران و خوێن مژان



شۆڕشگێڕان
نەرەشێران
ئەی ئەوانەی بەخوێنی خۆتان
ئەم کۆمارەتان وەدەس هێنا
بۆ ئازادی و
سەرفرازی وڕێی یەکێتی و
برایەتی
لەحاکی ڕەنگینی ئێران
بەخوێنی هەزاران پیرو گەنج و
ژن و منال

● × ●

هاوار ئەکەن
شەهیدانی مهابادو سنەو
سەقزو بانە
شەهیدانی هەرچوار گۆشەی
ئەم ئێرانە
نزیك و دور
لەکۆڵان و سەرشەقام و
نێو سەنگەرو چوارسنور
هێرش بەرن دلێرانە
بەجەك و خامەو دارو بەرد
دژی خوێن مژ داگیرکەران
ئەم کۆمارە هی خۆتانە
هی خۆتانە

ڕۆوف طاهر زنگنە

بە سەرهات و چیرۆکی میللی

خدری سلێمان

ئەڤە مەدەمەکە ساڵایە مە پشتا خۆ دایە گوندێ وقەستا باژێرێ بەغدایێ کری ، پشتی چەندەها ساڵ پالەتی وشاگردی ئەوبوو ئەڤ ئوتێلا مام ئافنجی من وبرادەرەکی دی و ب هاریکاریا جوامێرەکی بەردەست کری ولەبەژینا خۆ پێدکەین . شوکر نهو باشە پشتی ئەو ئافایە مە کرێکری هەڕۆ هێڤارا پشتی سەعەت نەهـ . دەهـ لناف مالو ڕاوژکێت خۆ ئەدحەوێین ، جارو بار نیڤرۆیا ژی ب لەز خۆ دگەهینمە مال فرافینەکێ لناف بچووکێت خۆ دخۆم وزفرمە ئوتیلێ ..

ئێ هێڤارێ شریکێ من گۆ : مرۆڤ بۆ خودێ بێژت: توی ڕووخۆشی بەس ئێك کتکێ توی ڕوو قایمی ، من زانی وێ پێکۆلێ ل چی‌دکەت خۆ گەلەك جارێت دی هەر سنگ قوتایە من پێبەند هاڤێتی‌یە . لێ ئیرۆژی ئەز دلێ وی بشکینم نەکۆ بێژت تەماین وفەلسی‌ێ دلێ وی وێ گرتی . من گۆ ئەزێ ئێك ناحافتنێ بێژم ودلێ تەیە هەڤال ئەڤەوەکی پەلکێت پیڤازێیە ئێك لدوو ئیکی‌تێت نەهەموو دەم وهەموو جی یێت فەخوارنێ نە . گۆتی دزانم ئیرۆ ژی دێ پێبەندەکی قایمتر هاڤێژێ، هەر ئیسکەر ببە دەرویشەك ودەست ب ڕۆژی ونفێژا بکە. من گۆ : نەخێر نە ئەو چەندەیە لێ ... گۆ درێژ نەکە ئیرۆ خۆش دەمە . نهۆ هێشتا سەعەت هەشت ونیڤە نیف سەعەتەکێ دێ چینە فێ بارا تەنشتا ئوتیلێ هەر ئێك ژمە بەطلەك دوویێت بیرێ فەخۆت وزفرین فێڤێ‌ێ زارۆکا بەین وچینە مال . من گۆ نەز دترسم وەکی پەلکێت پیڤازێ دەدەستێت مەدا لێ‌بێت ، لێ شریك وهەڤالێ منە هندە سالا ئەم دتێکدا نەز پێل دلێ وی ناکەم .

ناخر مە خۆ دەدەرجکادا بەردا دژ ئوتیلێ دەرکەفتین وقەستا بارێ کر من ددلێ خۆ دا گۆت هەر ئێك ژ مە دێ دوو بەطلا فەخوت .. وهێشتا زوو دێ چمە ناف زارۆکێت خۆ نەز دزانم نافن هەتا نەچمە مال . ئەم چۆنیە ژۆر درێنم ئەفە کالۆیێ گوندێ مە بەرامبەری مێزەکی ڕوونشتی‌مە هەما سەرێ وی یی دیارە ژبەر بەطلێت فالا شەش هەفت بەطلە لسەر مێزەی یەرێزکرینە دیکۆلا جگارا بێژی ل پرێزەکا شیفبالوکا وێ بۆ پالا چاین سازدکەت.

من ددلێ خۆ دا گوت کالۆی بەنگازە ئەم بچینە نك ڕوونێین دفێت ئەو حسێبا مە بدەت ، پچەکێ مەپردە مێرە سەدا سەد ناهێلت ئەم حسێبێ بدەین وهۆسای دەست . کورت حزرەتا کابانیا وی ، زارۆکێت وی دەسنەکی جلکێت نووە ، ئەو بخۆ شاگردە وکرێدارە یا دووێ ئەم بچینە بەلکی دەیتە بەتنێ ڕوونێت وەکی دبێژن ئەم ئارەقا وی تێکڤەنادەین مەچکو مە ئەدێتی خۆزی من ل چایخانەکی خوارنکەهەکێ دینبا ئەل مێرە هەڤ چاوا بت گوندێ منە . ناخر مە خۆ کرە ڕێبار وچۆینە وتفتر ڕوونشتین . بۆی هات مە داوا چار بەکلێت بیرێ کر دانا سەر لنگەکی وپاکێت وچەقماق لسەر مێزەی دانان، چریۆب چریۆب وددلێ خۆ دا دبێژم ئەفە من دوو بەلکێت پیڤازێ قەشارتن ئێك نەز هاتمە بارێ ، دوو من کالۆیێ گوندێ خۆ دیت ولنك نەڕوونشتم ..

هۆسا نەز حزر ومطارادا درێنم کالۆ ڕابوو، سەر خۆ وگازی کر : بابێ سەلیم ئەڤە ئێك دگەل ، تە پا گوندیاتی یە هۆیە باشە باشە .. دێ فێجا وەرە نەز بێژم من تۆ نەدیتی چی‌بێژم . نەز ڕابوومە سەر خو من گۆ لە نەگرە چاڤێ من عەولی ب تەنە کەفت یادی ژی نەکو تە هەڤال هەبن یان تە بفێت ب تنێ ڕوونێ ڕەحەتا خۆ بستیە . گۆت دارکا دبەر ڕهێت مە ڕانەکە! هێرفە وێڤە کۆفە ؟؟ زوو زوو بۆی : بەطلێت جەماعەتێ بینە سەر مێزێ من . ناچار ئەم ڕابووین وبەطلێت خۆ دەدەستێت خۆ کرت وچۆین لنك وی ڕوونشتین ..

چاڤێت وی وێت صۆز بووین زمانێ لێ خوار بووی ڕێ لسەر مێزەی نەدا ژبەطلا وسێنیکا ..

ئاخفتنەك ژهێرفە نێك ژ وێڤە نەزێ وی مزوول دکەم وبلەز پێکا خۆ فەدخۆم بەلکی ڕوو ڕابین هێشتا تیرتر نەبووی . نەو هەرجار پێکا خۆ وێ نزی دکەت و ب سەرخۆ فەدکێت ودەرگەهەکی ئاحفتنێ فەدکەت وزمانێ وی گرانر لێ‌تێت . لەڕوو بەری خۆ درێنم ، لسەعەتێ درێنم بووە دەهـ ونیڤ بووە یانزدەی شەڤێ فێڤێ‌ێ من کری هێشتا وێ ل ئوتیلێ بچووکێت ل هیڤیا من ، ئەم ڕابین دێ‌کالۆ دا ڕابین . ترەب دەستێ خۆ وێ ل مێزەی ددەت ، بۆی سێ بەطلێت دی بینە ، هێشتا زووە جوامێر ، چی قەومی‌یە . نەز چی بکەم ؟ کالۆ ڕانابتە، کالۆی پێلین ورابین سبەی چاڤێ ئێك بکەڤن بێژنە مە ئەڤە هەڤال وگوندیاتی‌یە هەما بابۆ ئەزی دین و سەرخۆش من هاش خۆ نەی ، وە نەز هێلام وپشت دمن کر ... نەهێلم کالۆ ڕانابتە ب چی حالەکی هەی دۆرێت سەعەت دوانزدە وبیڤی شەڤێ مەکالۆیێ خۆ ڕاکی وبەرەو مال چۆین پشتی مە دوو سێ پەلکێت دی ژی قەشارتین . نەز مالا کالۆی باش ناناسم لێ‌دزانم ل کیژوان کۆلانا ڕەندەکا بەتاوینە . فێجا وەرە نهۆ ئێکی ناس مەبینت کابانیا وی مەببینت کالۆ دنەڕنت هێرفە دچت ژوێڤەتیت . ئەم کالۆی پێلین وبێژینێ هەرە مال، هۆسا بێ سەروبەر وسەرخۆش ئەیە ماقوولە ، ئەم ببەینە مال کابانیا وی مە ببینت شەرمە بچی حالەکی هەی مە کالۆ گەهاندە کۆلانا مالا وان ئەوی ژی هاژ خۆنینە وئەم باش مال ناناسینە درێنم ژنکەکێ سەرێ خۆدپەرێ‌را ئینا دەر وگازی‌کر کالۆ کالۆ مال‌وێرانۆ دێ کۆفە چی‌یە ؟ ما مالا خۆ نەناسی ؟ تو ژمال بۆری دی چی کەیە هوو ؟ فێجا وەرە عەردۆ شەق بە وەمە داقوورە . خۆزی بابۆ سەرێ من بی شکەستی با وزمانێ من بی‌صۆتی‌با من نەگۆتبا هەڤالێ خۆ : بلا دێ نیشەفە چینبە بارێ . حەرمەتێ مات دەری فەگەر زمانێ من لالو کاس بوو من نزانی چی بێژم ؟ بێژمێ نەسووجێ مەیە . ئەم وێ دگەل هاتین با نهۆ ئەڤ حەرمەتە کو هەتا دەرەنگی شەڤێ نەنفستی تێر خەبەرا بێژنە مە بە نەهەڤە ، لێ‌دیارە نەوێ ژی دزانی کالۆ چی هاڵە .. دێ کالۆ ب خاترا تە ئەڤە ئەم چوێن !

ب هەموو شەنگا دلەشێ کالۆیدا مای وبدەنگەکی بلند : وەی نەز کالۆ بم نوون هەتا دەرێ مالا من هاتین و ب زفرین ما نەز ئێختیم ؟ ما نەز دزم ؟ نوون دەرێ مالا من تاری ناکەن، دیارە نەز ... دیارە نەز...

وەی دێ وەرە فی کەری ژفێ هەرێ بینە دەر فێ‌نیڤا شەڤێ کالۆ دێ گەڕەکێ بسەرمەدا ئینت ، کابانیا وی گۆت دێ کەرەمکەن ، ئەم جزینە ژۆر .

ل نهۆما دووێ نۆدەکە کچکۆك پەردێت کەڤن چەند دەستەکی نقینێت شرِ سێ بچووك دنقستی دلێ من کزری چی بێژم حزرەتا مە زوو زوو ڕابین لێ کالۆل زما خۆ حوری دێ کیژا صەی چابەکی سازکە . نەبابۆ دەرەنگە !! ئەهەرێ کالۆ بەزبە دۆلابێ جەکمەحە کێشا تزی جارێك وبیف بەکلێت قالا دبن ئەختی‌دا زەمبیلەکا بەطلێت بیرێ دئالا .. گۆ ئوون دزانن مە دووهی ل هیرە چەندا فەخواری ئەز .... و ... و ... .

سێ‌چار ناڤەك بەریزکەرن باورکە صندوقە کە بیرێ ئارەڤێ بیرێ و دوو بەکلێت ئازەڤێ ... و ... ژنا وی ب دەنگەکی مەئوول گۆت ئەرێ لۆ تو کورێ لۆردای ! هش ! کیژا صەی لبەر دەڤێ من ئەدە ..

بچی حالەکی هەی مەچایا خۆ ئەخوار وددەرجکادا بەردا خوار و ....

باسێك دەربارەی

ژیانی «ئەنتۆن چیکۆف» و کورتەچیرۆك «بەشی دووەم»

نووسینی : سۆمەرست هۆزم
گۆڕینی : سعیدیحیی صمد

چیکۆف توانای خستنە ڕیالیزمی نێو ئەو شتانەی هەبوو کە باسی دەکردن . تۆ هەرچی پێت بگوترێ دەیسەلمێنی وەکو سەلماندنی ڕووداێکی باوەڕ پێ‌کراوێکی حۆت بیگێڕێتەوە .. بەڵام چیکۆف تەنیا باوەڕ پێکراو نەبوو بەڵکو وەکو « گۆتلیانسکی » دەڵێت : « ڕاستگۆی بێ‌هاوتاو دوورە خۆشی‌و ناخۆشی شەخسی .. دەیتوانی ناسك‌و دڵدارو بێ‌ئەوەی حەزلێکردن لە نێواندا هەبێ چاکە بکات‌و چاوەڕوانی سوپاس نەبێت » .

ئەم نەرێ‌یەتیەی چیکۆف ببووە هۆی تووڕەبوونی برادەرەکانی‌و زۆر بێ‌ڕوحمانە هێرشیان دەبردە سەر، تۆمەتی گوێ‌نەدانە ڕووداوی دەخرایە باڵ [illegible] ڕایان وابوو دەبێ لە [illegible] بکات‌و کۆمەڵایەتی ڕووسیا چارەسەر بکرێت‌و چیکۆف بێ‌دوابوو نووسەر دەبێ ڕاستی بگێڕێتەوە [illegible] بداتە خوێنەر خۆی گیروگرفت چارەسەر بکات‌و دەیگوت : « پسپۆڕمان هەن گیروگرفتی تایبەتی چارەسەر بکەن‌و حوکمدانە سەر کۆمەڵ چارەنووسی سەرمایەدارێتی‌و سەرخۆشی‌و دواکەوتن لە چوارچێوەی کارو ئەرکی ئەواندایە » .

ڕایەکەی مەعقووڵە . بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلەیە لە مەودایەکی پان‌وبەرینی جیهان ناس دەکرێ ، هەندێ تێبینی خۆم لە لێدوانێکی یەکێتی‌ی پشتمانی نووسەراندا وەردەگرم :

ڕۆژێکیان لە لابەرەی ئەدەبی‌ی گۆڤارێکی حەفتانەی تایبەت بە ئەدەبی هاوچەرخم خوێندەوە .. ڕەخنەگر باسی چیرۆکێکی تازە کەوتووی بازاڕی دەکردو دەیگوت : « فلانی کوڕی فلان تەنیا چیرۆك نووس نیە » .. وشەی « تەنیا »م لە دەم وشك بوو بۆم نەخوێندرایەوە ، ئەم مامۆستا ڕەخنەگرەیش (هەرچەندە هیچی ئەوم نەخوێندۆتەوە) چیرۆك نووسێکی بە ناوبانگەو بەرهەمەکان ڕێزیان دەگیرێ .

ئاشکرایە ئەم مامۆستایە ـ بە گومانەوە دەیڵێم ـ ڕای زۆربەی نووسەرانی هاوچەرخ بەسەند دەکات « کاری نووسەر ئەوە نیە وابکات خوێنەر چەند سەعاتێك ڕابوێرێ »و بەرهەمێکی وا بە گاڵتەجاڕ سەیر دەکرێ‌و دەخرێتە پشت گوێ . ئەمەش وشەیەکە وەك (ئەدەبی ... سك)وایە دەبێ لە فەرهەنگی ڕەخنەگرەکاندا لابردرێ‌و هونەر چ سەمفۆنیای مۆزارت‌بێ بانیش هەڵبەستەکانی گیتس‌و دیمەنە سروشتی‌یەکانی کۆنستابل ، هەموویان ڕاکردن .. ئەگەر بۆ ڕابواردن نەبێ بۆ شیعری شکسپیرو گیتس دەخوێننەوە ؟ بۆ دەبێ لە نووسەر زیاتر داوا بکەن نەك لە مۆسیقارو نیگارکێش ؟!

لە ڕاستیدا شتێك نیە ناو « تەنیا چیرۆك‌بێ » .. نووسەر کە چیرۆکێك دەنووسێ بیەوێ‌و نەیەوێ ڕەخنە لە ژیان دەگرێ . ئەوکاتەی «ڕۆدیار کیپلنگ باسی باش‌بوزخە هیندیەکان‌و ئەفسەری ئینگلیزو ژنەکانیانی دەکرد ، بە هەوەسی لاوێکی ڕۆژنامە نووسی بێ ئەسڵ‌و کەم بینی دەنووسی‌و سەیرە ئەوکاتە دەرك نەکرابێ ئەو چیرۆکانە تۆمەتی پڕ بەڵگەی دژی هێزە داگیرکەر بوو .. ئێستا کە دەیانخوێنیەوە بۆت دەردەکەوێ بەڵێ ئینگلیز دەبوایە ـ زوو یا درنگ لە هندستان بچنە دەرەوە .. چیکۆفیش وا .. ناتوانی چیرۆکێکی بخوێنیتەوەو ـ سەرەڕای ئەو بێ‌لایەنیەی بۆخۆی دیاری کردوە ـ بیر لە بەرپابوونی شۆڕش نەکەیتەوە .

پێم‌وایە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی چیرۆك دەخوێننەوە بۆ کات ڕابواردنەو شتێکی دیکەیش نیە بیکەن‌و دەبی هەروایش بێ . ڕووسەکان زیاتر لە خەڵکی زۆژئاوا چیرۆکەکانی چیکۆفیان بە دڵبوو ، چونکە ڕووداوەکانی لە ژیانی خۆیانەوە هەڵدەقولان بە پێچەوانەی خەڵکی ڕۆژئاوا .

« هێزی‌جیمس » لەگەڵ بە کارهێنانی شێوەی درامادابوو .. بیگومان ئەگەر خوێنەر بایەخ بە گیروگرفتەکانی ئەم سەردەمە دەدات ، باشتر وایە « وەکو چیکۆف » ئامۆژگاری کردوون » کورتە چیرۆك نەخوێنیتەوە .

نووسەر دەعوەتی ئاهەنگی سەرۆکی شارەوانی ناکرێت‌و شەرەفی کردنەوەی شووشە شەمپانیای سەرکەشتی نێو ئۆقیانووسی نیە وژیانێکی نەناسراو دەباتەسەر .. وەکو ئەکتەری سینەما ڕێگای ناگیری ئەو کاتەی بەسواری‌ی « ڕۆلزرایز » لەئوتێل دەردەچێ . بەڵام لەجیاتی ئەم هەمووانەی باسمان‌کردن ، توانای هەیە لەبەر بەرهەمی هونەری‌یەوە ژیانی سەختو دژواری قەبوول بکرێ . ئەوەی سەردانی « کریت » بکات وێنەی جۆراو جۆری پیالەو کووپەی دێتە بەرچاو ، ئەم وێنانە نەك بۆ نرخ گران کردن کێشراون بەڵکو بۆ جوانی‌و دڵ ڕفاندن .. ئەگەر نووسەریش چیرۆك لەجیاتی وەعزو وتار خوێندنەوە بەکاربێنێ ، ئەوە نەفرەت لەبەرهەمەکەی دەکرێ‌و ڕێزی ناگیرێ .

Institut Kurde de Paris

سلاوی سەرەك ـ پاشماوە

کە لەلایەن سەرکردایەتی حزب و شورشەوەو لە سەرویانەوە پالەوانی رزگاری نەتەوەیی سەرەك صدام حسین بەناوچەلەی دەدات ٠

لەگوبوونەوەکەدا بەریزان بهاالدین احمد جیگری سەرەکی کۆمەلەجومەلەی نیشتمانی و بکر رسول وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی و هاشم حسن عفراری وەزیری دەولەت و نەمیندارەکانی کۆمەلەجومەلەی راپەڕاندن جیگری پاریزەری هەولیر و هاوڕیان لەمین سەرەکی سەرکردایەتی لقەکانی حزب لە هەولیر و سلیمانی و دهوك و زمارەیەك لە هاوڕیان کۆدامانی نفی حزب لە هەولیر و لیژنەی سراوە کۆرەکانی پاریزگاکە تامادە بوون ٠

لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەریز جمال حاجی شریف سەرەکی کۆمەلەجومەلەی راپەراندنی وورەیەیدا بیایدا بەخیرهاتنی بەریز طه محیی‌الدین معروف کەندامی کۆمەلەجومەلەی سەرکردایەتی شۆڕش جیگری سەرەك کۆماری کرد ٠

ئەوەی شایانی باسە بەریز طه محیی‌الدین معروف کەندامی کۆمەلەجومەلەی سەرکردایەتی شۆڕش جیگری سەرەك کۆمار پیرێ کەبشتە هەولیر مەلبەندی نوێنەرایەتی ولەلایەن سەرەکی کۆمەلەجومەلەی نیشتمانی و وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی و نەمیندارە گشتی‌یەکانەوە و هاوڕیان لەمین سەرەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە هەولیر و سلیمانی و دهوك پێشوازی کرا ٠

هیزەکانمان ـ پاشماوە

لۆری و ٥٢ شەفل و ١٥ بنکەی ساروخ و تیك‌شکاندی دوو نیشانەی دەریایی سەرەرای ژمارەیەکی گەورەی بریندار و بەدیل گیراو ٠

بە دوای سەرپان کردنەوەی هەموو هیرشەکانی دوژمن لە کەرتی بەسرە هێزە دلێرەکانمان بەردەوام بوون

لە ئاراستەکردنی لێدانی توند لە هیزە شداو پرش و بلاوەکانی دوژمن و گەلێ زیانی سەروو مالی بە هیزەکانی کەیاندوە ٠

لەم شەڕانەدا ، هەموو دام و دەزگاو چاودیری ئەرە عەسکەریەکانی دنیا بۆیان روون بووەوە کە هێزە دلێرەکانی عیراق زۆر لەوە بەهێزترن دوژمنی چاوچنۆك بتوانی دەستیان لێ بوەشێنێ و پێ بخانە سەر خاکی پیرۆزی عیراق ٠

جەنگاوەرانی عیراق سەلماندیان کە هێزو توانایان لەبن نایەت و باوەڕی بە هێزیان بەو مەسەلەیەی لە پێناویا دەجەنگن پشتیوانی گەورەیانە لە سەرکەوتنداو سەربازەکانی صدام حسین سنووری رۆژهەلاتی ولاتیان کردە گورستانی چاوچنۆکی دوژمن و هەرگیز رێگا نادەن ئالای سەربەرزی عیراق بنەوێ و هەر دەبێت بەرزو بالا بشەکێتەوە ٠

لەبەر روونا‌کی ـ پاشماوە

خلەتێنی ، هەزاران کەس بداتەکوشت ، هەزاران کەس بکوژێت ، ئائەمە چۆن جانەوەرێکە ؟ ئایا ئەوە ئادەمی‌زادە یان گیانی شەیتانەو چوەتەپێستی ئادەمی‌زادەوە ؟ ئەمانە ساتێ سی‌جار ناوی جیهاد ئەبەن لەکاتێکاجیهاد بەشەڕی ئیسلام ئەلێن لەدژی کافر ، ئایابەڕاستی گەلی عیراق کافرن ؟ ئایا ئەوڕۆلانەی عیراق کەئەکوژرین کافرن ؟ دەی ـ کەوابو ئەوەی کە بەموسلمان ئەلێت کافر خۆی کافرە ـ ، جائەگەر لێ‌پرسراوانی ئەمڕوی ئێران لە سپیالی مرۆڤی ئاینا نەبوایێن ئینسان داخی لێ نەئەهات ئەگەر ئەمانە ڕێکوڕاست بیان‌وتایێت کەئێمە هەستی ڕەگەزایەتیو نەتەوایەتیمان هەیە مرۆڤ هیچی‌نەئەوت، بەلام لەبەرگی دینوئاینا وە بێ‌دینی‌کردن ؟ بەناوی ئیسلامەوە لەدژی ئیسلام‌بون ؟ بەلام ئاخوندو کارناسی لەشکروسوپاوشەڕ ؟ بەلام ئاخوندو دەس‌خستنە ناو هەموجۆرە ڕشتەو شێوەیێکی‌ژیانی ئەمڕۆ کەهەموکارێ کارناسی خۆیی‌پێویستە ، ؟ جاهەموی ئەم‌کارانەش لەڕێگەی دەس‌بڕیو فێڵوفڕو هەژار هەڵ خەلەتاندنەوە ، ئایا ئەمە تاوان‌نیە ؟ ئایاتاوان‌نیە هەزاران کەس بەیەك کەلیمە بدەیتەکوشتن ؟ ئایا تاوان‌نیە کەبکرێت بەیەك کەلیمەی تۆ شەڕێك ڕاوستێ وەبەرگری بکرێت لە کوشتو کوشتاری دوگەلی موسلمان کەچی تۆ ئاوا بڕۆی بەچەقی لەعنەتەوە ، وەهەر سوربێت لەسەر درێژەدان بەشەڕ وەبەزەبیت نەیێت بەو هەموە لەشەدا کەئەبنە قەقنەزو ئەبنەخەلوز ؟ ، ئێمەهیچ ئەی گەلەکەی خۆی ، ئاخر مەبەست وەناکام لەبەردەوام کردنی شەڕ ئەبێ چی‌بێت ، ئەوا ئێمەگوناهکار ئەی‌جەنابی خومەینی کە داوای ئیمامەتو ویلایەت‌ئەکا ئەی‌ئەوچی ؟ کەوابو ئەم کابرایە بەرلەهەموشتێ دوژمنی ئیسلامە ، دوژمنی برایەتی ئیسلامی‌یە ، دوژمنی عەقلو ئاوەزو مەنطیقە ، ڕق‌لەدڵو بێ‌بەزەیی‌یە ، ڕودرژو دڵ‌پیسە وتۆڵەویستە ، فڕی‌نیە بەسەر ئیسلامەوە ، کوشتنو ئاوخواردنەوەی لایەکە ، لاین‌گری خەرافاتو دەس‌بڕینە ، بەڕاستی گورگەولە پێستی‌مەڕدا ، وەگیانی‌ئەو گیانی شەیتانە کەچوەتە پێستی ئادەمی‌زادەوە ٠

ڕۆژێك‌ئەبێ کە مێژو بە ناوی گەورەترین دەس‌بڕ خەلك خەلەتین دوژمنی‌ئیسلام وەبێ‌بەزەلی وەیەکەم دوژمنی ئێران ناوی‌ئەبات ٠

بەلام داخەکەم ئەوهەزاران هەزار لاوەی کە بەجادوی ئەم جادوگەرە لەدەس‌چون ، ناگەڕێنەوە ناگەڕێنەوە تالەژێر کەوشو پوستالا سەری پان‌کەنەوە ٠

لێکولینەوە ـ پاشماوە

نالی ـ نزیك‌ئەبێتەوە (٥) :

پەردەی کراسی لاچوو پشکوت بەهەردوو لێوان
گوڵو شەکر دەباری لە کووچە باخی‌سێوان
زولفی ڕژانە کولمی وەدەڕکەوتن لەنێوان
شمس‌و قمر ـ هەلاتن دوێنی بە نوێژی‌شێوان
عاشق دەکەونە کێوان ، شیرین تەشی دەڕێسێ
بە حەندە زولفی لادا لەسەر عوزارو زاری
کە شەو بەیانی بەردا ، گوڵو وەنەوشە باری
دوگمەی کراسی بەربوو بزووت هەوری بەهاری
سەلای لە عاشقاندا باخی گوڵو هەناری
دونیا بە انتظاری ـ شیرین تەشی دەڕێسێ

پەراوێزەکان :

١ ـ بڕوانە لاپەڕە ـ ١١١ ـ ی مێژووی ئەدەبی کوردی
عەلادین سوجادی
چاپی یەکەمە ـ بەغدا

٢ ـ بڕوانە لاپەڕە ـ ١٨ ـ ی کتێبی مایکوفسکی
د٠ حیاه شراره
١٩٧٦
المؤسسه العربیه للدراساه والنشر

٣ ـ بڕوانە لاپەڕە ـ ١٣٠ ـ ی پرچی ئەوکچە ڕەشمالی
گەرمیان‌و کوێستانمە هەڵمەت
١٩٧٧ ـ سلێمانی
چاپخانەی کامەرانی

٤ ـ بڕوانە لاپەڕە ـ ٣١ ـ ی کتێبی نالی
گیوی موکریانی
هەولێر
چاپخانەی کوردستان ـ ٩٧٤

٥ ـ بڕوانە لاپەڕە ـ ٦ ـ ی کتێبی وەفایی مهابادی
گیوی موکریانی
چاپخانەی کوردستان ـ ١٩٦٢
چاپی دووەمین
هەولێر

زانستی ـ پاشماوە

هەست بە بێ‌هێزی‌و زوو ماندوو بوون دەکەن ، جگەر سپڵیان گرێی لیمفاوی لەوانەیە بناوسێن‌و ئەم جۆرەش چەند سالێك درێژە دەکێشێ ٠ بۆ چارەکردنیشی هەندێك وای بەباش دەزانن کە هیچ دەرمانێك بەکار نەهێنرێ بەلکو تەنها لە ژێر چاودێری بێت کەچی چینێکی تر دەرمانی (کلۆرامبیوسیل) بەکاردێنن ، بەلام لە هەردوو باردا نەخۆش پاش چەند سالێك پشت دەدات ٠

١ ـ لەم ڕووەوە دەتوانرێت لوکیمیا بەراورد بکرێت لەگەڵ جۆرەکانی تری کانسەر کە کانسەری دژوار زوو نەخۆش لە پەلوپۆ دەخات‌و کەم خابەنە بەلام کانسەری کەمتر مەترسی لێ‌دەکرێت‌و نەخۆش پتر دەژیت ٠

حزمەنگوزاری ـ پاشماوە

خزمەنگوزاری نەندروستی بو هاوولاتیان داوە ٠

٣ ـ چارکێ‌پەکانتان لە بارودوخی جەنگدا چۆنە ؟ ٠ لەم ڕووەی کە وولاتەکەمان پیادەڕوا زروفی جەنگی نارەوا لە چالا‌یی نەکەوتووین بەردەوام دەورەی برین‌پێچی‌و تیمارکردنی سەرەتایی کە بو فەرمانبەرانی هەموو دەزگاکانی پاریزگا کیبراوە بو فێرکردنی جۆرەیەکی تیمارکردن‌و بە دەنگەوە چوونی بریندار یاخود فریاکەوتنی گورجانە کە بەشداری بکەن لە پشتگیری کیانی سەرکەوتن لە جەنگی ڕەوامان‌دا هەروەها بە دەستەوەبە کە دەورەیەکی نوی لە ١ـ٦ـ٨٢ بو هەمان‌ـ مەبەست بکریتەوە جگە لەوەی کە چەندین نەخوشخانەو مەلبەندی پاراستن‌و چارەسەرکردن کراونەتەوە وەك نەخوشخانەی (الصدیق) کە لەم زروفی جەنگدا دامەزراوەو هەمو جورە کادریکی تەندروستی بو ئامادە کراوە بە نەواوی بە کەلوپەلی هاوجەرخی پێویستەوە ٠

دیسان زیاتر لە ١٠٠ کریکاری هونەری دامەزراون بو یاریدەدەری برین پیچ لە دەزگا نەندروستیەکان‌دا جگە لە ژمارەیەکی زور کە لە قوتابخانەکانی برین‌پیچی قبول کراون بۆ ئەم زروفە نایبەتە ٠

هەروەها بەریوەبەرایتی (ئیسعافی فوری) چەندەها ئوتومبیلی ئەمبولانس گورجی کە هەمو ئامیری پیویستی تیا ئامادەیە تەرخان کراوە بو ئەو حالەتانەی کە لە ناکاو ڕوو ئەداو نەخوش بە زووترین‌کات ئەگەینریتە نەخوشخانە ٠ ئەمانەو نەخوشخانەی شقلاوەو کویە کە ١٠٠ پیخەفی نەخوش ئەگری لە سەر تەواو بوونە٠

نووسینگەی هەولێر

ڕووداوەکانی ـ پاشماوە

بریارەی ئەمەریکا داویەتی بە کەم کردنەوەی بارمەتیەکانی بۆ هیندستان ٠

● **پاریس :**

دەستەیەکی سەر بە بزوتنەوەی کاری فەرەنسی کە بەنهینی کار دەکات دبلوماسیەکی زایونیەکانی لە پاریس داوەتە بەر گوللەو ئەو بەباننامەی لەم بارەیەوە دەرچوە باسی چارەنووسی دبلوماسیەکە ناکات ٠

● **ئیسلام ئاباد :**

وەفدێکی عەسکەری سعودیە چوە بۆ ئیسلام ئابادی پاکستانی بە سەردانێك کە دوو هەفتە دەخابەیت‌و سەر لە دامەزراوە عەسکریەکانی ئیسلام ئاباد دەدات ٠

باری لوبنان ـ پاشماوە

بەلام ڕۆژنامەی (النهار)ی ڕۆژانە کوژراوانی بە (١٦٥) کەس‌و بریندارانی بە (٤٠٠) کەس لەقەلەم داوەو بۆردوومانەکە هەموو لایەکی گرتۆتەوەو لە ڕملەی بیضای کەنار دەریا خانووەکان وێران‌بوون ٠

سووپای ئازادیخوازی فەلەستینی لەو هێرشانەی زایۆنیدا کە هەر هێرشەی بەسێ دەقیقە جارێك بووە ژمارەی تۆپەکانی بە شارەکەدا لەلای زایۆنی‌یەوە دراوە گەیشتۆتە (١٨٥) تۆپ‌و ئەو ڕۆژنامە نووسانەشی کە ویستویانە بچن سەر لە نووسینگەی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی لە ناوچەی (فاکهانی) بدەن وتوویانە ئەو چالانەی ئەنجامی بۆردوومان‌و ئەو خانوانەی ڕووخاون بەجۆرێ ڕێکەکەیان وێران کردووە بواری پەڕینەوە یەهیچ جۆرێك نیەو درەختەکانی خێوەلگای شانیلا بە پێی ئەو وێنانەی کە ڕۆژنامەکانی لوبنان کردۆتەوە هەموو سووتاون‌و لە زۆر ناوچە ئاگرەکە تا ئەودەمە هەرمابو ٠

ئەوانەشی کە بەچاوی خۆیان دیویانە وتویانە کە تۆپەکان نووسینگەیەکی تایبەتی سەرەك وەزیرانی کۆنی لوبنان صائب سلامی ڕووخاندووەو کاغەزی نووسینگەکە بەشەقامەکاندا بلاو بوونەتەوە ٠

ئێران ـ پاشماوە

دەهێنێ ٠

ڕۆژنامەکە ئەو هویانەی ڕوون نەکردۆتەوە کە وایان لە مەبەستی کنی کردوە ئەم داوای ڕاکردن لە بەرپرسیاریە بکات ئەوەی شایانی باسە کنی بەکێکە لە پیاوە زلەکانی ڕژێمی خومەینی‌و جاران سەرەك وەزیران بوو سەرەرای ئەوەی وەزیری ناوخۆ بوو خۆشی دانابوو ببێ بە سەرەکی ڕژێم ٠

لەوانەیە هوی ئەم نالۆزیەو بە گژیەکدا چوونەی ناو حوکمڕاکانی تاران دوای ئەو شکاندنە گەورانە بووە لە کەرتی بەسرە تووشی هیزەکانیان بووە ٠

● لە لایەکی‌ترەوە رادیوی تاران بلاوی کردەوە کە ڕەش بگیری‌و ئیعدام لە ریزی هیزە بەربەرەکانی کارەکانی ڕژێمی ئێران بەردەوامەو لەولاشەوە ئەو هێزانە هەلمەنەکانیان بۆ سەر بنکەو دام‌ودەزگاکانی خومەینی زیاد کردوە ٠

دیسان ڕۆژنامەکانی تاران کردەوە کە لەم ڕۆژانەدا پێنج هاوولاتی ئێرانی لە سێدارە دراون‌و ئەو هاوولاتیانە بە بەگزدا چوونی چەکدارانەی ڕژیمی خومەینی گوناهبار کراوون ٠

ڕۆژنامەی ـ پاشماوە

دیوە کە ئێرانیەکان لە ڕێگای ڕژێمی سوریاوە دەستیان کەوتوەو ئەمانەش عێراقیەکان پاش دەست پیا هێنانێکی ئەوتۆ دەتوانن خۆیان بەکاریان بهێنن ٠

پاشان پەنجەی بۆ ئەوە کێشاوە کە عێراقیەکان لە بیستاو نۆی تەموزی ڕابوردودا توانیویانە هێزە هێرش‌بەرەکانی ئێرانی بخەنە ناو داوێکەوەو بەوەش بەهەزارەها لە ئێرانیەکان کوژراوەو عێراقیەکان تیایدا سەرکەوتوون ٠٠٠

هاوکاری لە ـ پاشماوە

ئەوسای قەلاکەن لەمانە دیوەخانی (رشید ئاغاو خانوی شیخ جەمیلە فەندی کە ٧٠ سال لەمەوبەر دروست کراوە ، خانوی احمد چەلەبی دەباغ‌و صالح چەلەبی) کە ئێستاکە خەریکی نوژەن کردنەوەین‌و هەندێکیان لە تەواو بوونایە ٠٠٠

● **هیلاکی‌یەکی زۆرو ئەنجامێکی پیرۆز ٠٠٠**

هەندێك ڕۆژ کە لادیوارێکی قەلاکە تێك دەدەن ئەم ناوە دەبێتە ڕەشەباو تۆز ، بێ‌گومان کە تێکی دەدەن بە نیازی ئەوەی کە دووبارە نوژەنی بکەنەوە ٠٠٠ بۆ ئەم مەبەستە مامۆستای بەریزەبەر خۆی حەزی کرد قسەمان بۆ بکات ٠٠٠ وتی :ـ ئای ئەگەر دانیشتوانی ئازیز دەزانن ئێمە چەند هیلاك دەبین کە دیوارێك دەروخێنین‌و چاکی دەکەنیەوە ، هەمیشە دوعای خێرمان بۆ دەکەن٠٠٠ بێ‌گومان ئەم کۆلانانەی‌ـ قەلا ئەنگە ئۆتۆمۆبیل‌و عەرەبانەی پیا ناچێ ، ناچاو ئەم کرێکارانە دەبێ ئەو هەموو شتانە بە کۆلێ ببەن بۆ شوێنی ئیش‌کردنەکە ، وا دەزانم ئەمە کارێکی زۆر زەحمەتە ، بەلام لەگەڵ ئەوەشا ئێمە زۆرمان لا خۆشە کە ئیشەکەمان تەواو دەبێ‌و ئەنجامێکی پیرۆز دەدات بەدەستەوە٠٠٠

● **گەرماوی قەلا تەواو بووە ٠٠٠٠**

گەرماوی قەلا تەواو بووەو هیچ کارێکی تیا نەماوە ، بەلام چەند ڕابەك لەنارادایە لەلایەن پسپۆزانەوە کە ببێت بە چێشتخانەیەکی فۆلکلۆری وەك « خانەمەرجان »ی بەغدا ٠٠٠ کاك ڕفیق وەك بەریزەبەرێکی پرۆژەکە لەم ڕووەوە دەڵێ :ـ

بەرای من گەرماوەکە وەك خۆی بمێنێتەوە ئەنهایا بۆ سەردانیش بکرێتەوە ٠٠٠

ئێمەش دەڵێین ببێت بە شوێنێك بۆ دانیشتن هەفتەی جارێك گۆرانی‌و مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی تیا پێش‌کەش بکرێت ٠٠٠

● **دواجار ٠٠٠**

دوای دوو سەعات قسەی پڕ لە چێژو قەلامان جێ‌هێشت تا دیدارێکی تر ٠٠٠

بەرەو کۆنگرەی ـ پاشماوە

دەوڵەتە سەرمایەدارەکان کە لە ساڵی ١٩٧٨و لە شاری (بۆن)دا سازدرا ، خۆی نواند ٠٠

هەر بۆیەشە ، ئەبێ بە وردی لەم دیاردەیە بکۆڵرێتەوەو بەوردیش مەبدەئەکانی بێ‌لایەنی ڕابهێنرێت‌و بە چوستی ئاگاداری (گەمارۆدانی ئابوری)و (یەکێتی) ئەم جوڵانەوەیە بن‌و هەولی بێ‌شوماریش بۆ بنیادنانی ڕژێمێکی تازەی نێو دەوڵەتان‌و دوور لە گشت تەئسیرێکی ئیمپریالی جیهانی بدرێت٠٠!

کاروان ـ م

کارەساتی لوبنان بە وێنە

لەیادی ـ پاشماوە

سەربەستی گەلی لوبنان بدەن‌و ولاتەکەیان وێران‌و میللەتەکە برسی بکەن‌و زەوبەکانیان لە نەتەوەی عەرەب داگیر بکات ڕژیمی ڕەگەزپەرستی ئیرانیش لەو شەرەدا کە بە سەربا سەپانین مەبەستی چاوچنۆکی بوو لە خاك‌و ئاوی عیراقداو گەرانەوەی میللەت‌و ولاتی عیراق بو بۆ دواکەوتن‌و ژێرە دەستەی‌و پێ دەرامەتی ٠

لەبەر ئەوە توندتر کوردو عەرەب دەستی یەکتریان گۆشی‌و وەك یەك لەش‌و یەك نیاز لە دەوری سەرکردایەتی هاوری‌ی تێکۆشەر صدام حسین چاکتراو دلسۆزانەتر کۆ بوونەوەو ٠٠جا جۆن هەر وەك لە سەنگەرەکانی بەرەکانی جەنگدا بەرگری لە سەربەستی‌و خۆشی‌و پیشکەوتنی خۆی‌و ولاتەکەی کە عیراقە دەکات لە مەیدانەکانی کارکردنیشدا هەروا شەو ئەخاتە سەر ڕۆژوو بێ دەربەست کار دەکات ٠٠ لە لایەك خزمەتی ولاتەکەی بەم ئارەق ڕشتنە بێ گەردەی دەکات‌و لە لایەکی تریشەوە توانای میللەتی عیراق لە هەموو لایەنێکەوە بەرز ئەپارێزی‌و دبارە میللەتی کە ئەوەندە دلێر بێ‌و ئەوەندەش دلسوزی ئەو سەرکردایەتیە بێ کە ئەم هەموو دەسکەوتە یە نرخانەی بێ‌بەخشیوەو سەرکردایەتی‌یەکیش ئەوەندە لای میللەتەکەی خۆشەویست‌بی‌و هەمیشە بە هەموان پارێزگاری سەربەستی‌و پێشکەوتن‌و بەختیاری گەل‌و ولات بکەن ٠٠ سەرکردایەتی‌یەك کە سەرکردەیەکی بە جەرگی بێ‌هاوتای وەك صدام حسین سەرکردایەتی بکات دبارە ئەو میللەتە مل بۆ هیچ دەستدرێژی‌و هەرەشەیەك کەچ ناکات‌و ئەو سەرکردایەتیەش واز لە خواستی ئەم میللەتە ناهێنی لە بەرئەوە میللەتی عیراق ئەمروکە بادی چواردەمین ساڵەی شۆڕشی ٣٠ تەموز ئەکە ئەوە بۆ سەرەکی فەرماندە هاوری صدام حسین‌و بۆ هەموو جیهانیان دەرخست کە میللەتیکی توانادارو بەختیارو گەشە سەندوو دلسوزی شۆڕش‌و سەرکردەکەیانن‌و مل‌کەچی‌و ڕووڕەشی هەر بۆ ئەوانەیە دژی سەربەستی‌و پیشکەوتن‌و کامەرانی گەل‌و ولاتی عیراقن ٠

جەماوەری ـ پاشماوە

وتیایدا ستایشی بریارەکانی لێبووردنی مرۆڤایەتی کرد کە لە لایەن سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕشەوە دەدرێتە ناوچەی کوردستان ٠ هەروەها بەرێز پارێزگاری سلێمانی‌و هاوڕێ رازگری نەینی سەرکردایەتی لقی سلێمانی حزب ، دوو بریارەکانی لێبووردن‌و باسی خواستە دوژمنکاریـ یەکانی ڕژێمی ئێرانی‌و خواستی تەماعکارانەی بەرامبەر وولاتەکەمان‌و نیشتمانی عەرەبی ، کرد٠٠ هەروەها دووپاتی توانای گەلەکەمان‌و بەرپەرچدانەوەی بەهێزیان کردەوە بۆ هەموو پیلانگێریەك‌و بۆ شکاندنی ئێرانی چاوبرسی ٠

هەروەها جەماوەری کۆیەی شاری هەولێر ستایشی ئەو دەستکەوتە نوێ‌بانەی کرد کە شۆڕش بەدەستی هێناو خستیە دەستکەوتە زۆرەکانی‌تر کە بۆ ناوچەکە بەدی هێنراون ، کە ئەوەش لە بڕیاری لێبوردنی گشتی لە کوردەکان‌و ڕاکردووان‌و دواکەوتووانی خزمەتی سەربازی‌و گیراوەکانی ڕوداوەکانی باکووردا خۆی دەبینێ ٠٠ هەروەها لەو بروسکەنامەیەدا کە ئاپراستەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌یان کرد لە کۆرێکی جەماوەریدا لەبارەگای ڕێکخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لە قەزاکەدا ، دووپاتی ئامادەبوونی هەمیشەیی‌یان کردەوە بۆ بەرگری کردن لەشۆڕش‌و دەستکەوتەکانی‌و قوربانیدان لەپێناوی عێراقێکی بەکڕتوودا بەخاك‌و گەلەوە٠ هەروەها لە کۆڕەکەدا هاوڕێ جیگری رازگری نەینی سەرکردایەتی لقی هەولێری حزب‌و بەرێز قایمقامی قەزاکە باسی لایەنەکانی دوژمنکاریتی ئێرانی چاوبرسیان کرد دژی وولاتەکەمان کە ئامانجی ئەوەبە عێراق بەگەل‌و خاکەوە بکاتە بەشێك لە ڕژێمی نەزانەکان‌و دەستەو تاقمی خوێن‌ڕێژی خومەینی‌و دوژمنی هەموو مرۆڤایەتی٠

Institut Kurde de Paris

لەگەڵ بەریۆوەبەری تیپی خانزاد

لەسەر شانۆو نە رۆژی چوارەمی فیستیڤالی هونەرو رۆشنبیری کوردیدا ، لە ناو گیژوبە نازدارەکانی تیپی خانزادی سەر بە یەکیتی نافرەتانی لقی هەولێر ، نافرەتێکی چالاك هانوو چۆی دەگردو کیژولەکانی بەسەر دەگردەوو هانی دەدان بۆ ئەوەی بە باوەڕ بە خۆبوونو هونەرەندانە لەسەر شانۆ دەرکەون ...

ئەو نافرەتە : (بەیان) خانی بەریوەبەری تیپی خانزادەو ... دەربارەی تیپەکە ووتی :

– لە مانگی ئەمووزی ١٩٨١دا تیپی خانزادمان دامەزراند ، هونەرمەند وریا احمد، ئەرکێکی هونەرمەندانەی کێشا لە پێگەیاندنو راهێنانی ئەندامانی تیپەکە لەسەر موسیقاو گۆرانی .

دەربارەی چالاکیەکانی تیپی خانزاد ووتی :

– تیپەکەمان لە هەموو فیستمالە کەورەکانی ولاتدا بە سەرکەوتووی بەشداری کردوە ، لە فیستفالی موسلو لە بەغداو سەرەرای بەشداربوونی لە هەموو بۆنە نیشتمانیەکاندا لەسەر شانۆکانی هەولیر .

ژمارەی ئەندامانی تیپەکە ١٢ موسیقاژەنو سرود بێژە . مەشقی بەردەوامیان پێدەکرێ بۆ ئەوەی ریاز رابێن ، هەتا لە کاتی قوتابخانەدا چونکە زورەی ئەندامەکانی تیپەکە قوتابین – لە هەفتەیەکدا سێ رۆژ مەشق دەکەن .

ئەروەها وتی :

– هەمیشە هەول دەدەین تیپەکەمان شتی نوێ پێشکەش بکات ، لەبەر ئەوە بە دوای ئاواازو گورانیو موسیقای تازەدا دەگەڕێن .

خۆزگەم ئەم فیستفالە هەمووساڵ دەکرا

فیستیڤالی هونەرو رۆشنبیری کوردی ١٩٨٢

● تیپی مۆسیقای دهۆك، لەفیستیڤالی ئەمسالی ئەم دەزگایەدا چالاکیەکی هونەری بەرزو چالی ئەوتۆی پێشکەش کرد ، کە جێگەی شانازی هەموو هونەردۆستانو هەموو ئەو خەڵکە بوو کە کارە ئەورەکەیانیان لەسەر شانۆی هۆڵی رۆشنبیری جەماوەر بینیو ، نیشانەیەکی رووناکی سەرکەوتنی فیستیمالەکە بوو .

● منی صبری علی ، ئەستێرەیەکی کەشی تیپە هونەریە کەورەکەی دهۆکە .. لەشەوی رێزلێنانیاندا لەکۆتایی رۆژانی فیستیڤالەکەدا ئەم دەمەنەقی یەمان لەگەڵدا کرد ..

– ناوم منی صبری علی یە، پیشەم وێنەگرتنەو ئەمەنیشم بیست ساڵە .

● لە کاتێکدا کەوا هەڵیر یەجێدەهێڵن لەدوا رۆژەکانی فیستیڤالدا چ وێنەیەکی ئەم رۆژانەت لەلا دروستبوە ؟

– بێگومان وێنەیەکی جوان لەمێشکمدا دروستبوە، ئەم فیستیڤالە بەرای من زۆر سەرکەوتووبوو ، هەروەها توانی زۆر لەمەبەستەکانی جێبەجێبکات ، داوادەکەم هەموو ساڵێ ئەم فیستیڤالە سازبکرێو خۆزگابە لەجیاتی کانی ئەورۆزو ئازاردا رایی بکرێ .

● مۆسیقا لای تۆ چی دەڵێیەنێ ، ئایا لەئەنجامی ئارەزوویەکدا لەم تیپەدا جێگەی حۆتکردەوە .. یان هەروا رێکەوت بوو ؟

– مۆسیقا بەشێکە لە ژیانم، هەموو رۆژێ لەکاتێکی دیاری کراودا گوێی دەدەمێ، بەتایبەتی مۆسیقای کلاسیك .. ئەو سانایەی کوێ لەمۆسیقای رەسەنی کوردی دەگرم هەرچی سیحرو جوانی ژیان هەیە لەخانەکانی دەروونو ناخمدا دەکەونە سەماو لەگەڵ ئاوازەکانیدا مەست دەبم .

● ئایا هیچ ئامێرێکی مۆسیقا دەزانی بژەنی ؟

– بەلێ . بێزکیتار لێدەدەمو دەورەیەکی مۆسیقاشم تەواوکردوە بەسەرپەرشتی مامۆستا دلشاد محمد سعید .

● ئایا چاپەمەنی بەکانی ئەم دەزگایەمان دەخوێنیتەوە؟

– بەلێ ، بەپەرۆشەوەم ، چاپەمەنی کوردی بخوێنمەوەو هەمیشە دەیخوێنمەوە ..

● دوا وشەت ؟

– مۆسیقا خۆراکی گیانمەو لەناخی خەمۆ خۆشی یەکانی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ ، کوردیشمان ، ئەو مۆسیقایە ـی کە رەنگی چیا سەرکەشو دەشتودۆڵ رازاوەکانمان دەداتەوە و ئاوێنەی ژیانی خەڵکەکەمانە .. ئەم مۆسیقایە نیشایەکی تری پێشکەوتنو بەرەو شارستانیەتچوونی گەلەکەمانەو سوپاس بۆ «هاوکاری» .

عبدالوهاب تانەبانی
نووسینگەی هەولێر

بەریز وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن سەرلە دەزگاکەمان دەدات

دوای تەواو بوونی فیستفالی هونەرو رۆشنبیری کوردی ، بەریز مامۆستا لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندن سەریدا لە دەزگاکەمانو دەستی رێزی نا لەو تەقەللایەی دەزگاکەمانو کاوبەدەستانی دەیدەن لە خزمەتی بزوتنەوەی رۆشنبیری گەلەکەمان .

مامۆستا مصلح مصطفی جەدلی لە پێشوازی بەریز وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندا بوو ، دوای کۆبوونەوەی لەگەلیاو قسە کردن دەربارەی چۆنیەتی راپەراندنی بەرنامەی کاری دەزگاکە وەزیری بەریز سەری لە بەشەکانی رۆژنامە نووسیو رۆشنبیری داو چاوی بە کارگیرانی دەزگاکە کەوت .

هۆنراوەی منداڵان

باران

«سۆران»

ئەها باران باریووە
خێروفەڕی هانیووە
گوندەکەمان ، بەهاران
بەهەشتە بۆ منداڵان
هەر کە باران ئەباریێ
هەر کەس،لە گوێ کەناری
ئەیکەینە ، بەزمو یاری
گەندە ئەبەین بەدیاری
کەس نیی یە ، ڕێمان بکرێ
ناخەزمان با شەق بەرێ
ڕاکەین بە دوای بەرغەلا
سەرکەوین بەسەرکەلا
یان لە باخچەی دارستان
(هەڕەزانێ (*)ی بن داران
«قەرەقەرەی(*)، نیوەشەو
گوا چاومان، نەچێتە خەو ..

!؟

«هەدار هەدار »(*)و
«سێ باز»*
کردمانی ، بەهەڵۆ باز
«بەیکەو داوی» ئەم گونده
بۆ ئێمەی منداڵ قەندە
خلیسکانێی سەر بەفر
کردوومانی بە ئاگر
دڵمان بشکۆیە گەشە
لە ڕقوقین بێ بەشە ..
(*) ئەو ووشانەی لە ناو کەوانە کاندان کۆمەڵێ یاری منداڵانی گەرمیانن «ناوچەی کەرکوك» .

چاپکراوی نوێ

ژمارەیەکی نوێی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ

ژمارە ٩٣ی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ کە لە دەزگاکەمانەوە دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێت کەوتە بازارەوە ، لەم ژمارەیەدا کە نووسەرو رۆشنبیریکی زۆری کورد بە بەرهەمەکانیان بەشداریان کردوە ، چەندان باسی بابەتی رۆشنبیری گشتی بڵاوکراوەتەوە بێجگە لەو وتارو باسانەی پەیوەندیان بە جەنگی زوواماەوە هەیە .

شیبای ئەوین

لەبەرهەمی مامۆستا جەزا علی امین کۆمەڵە پەخشانە شیعریك بەناونیشانی شیبای ئەوین لەم رۆژانەدا بڵاو دەبێتەوە، ئەوەی شایانی باسە ئەمە لەو چاپکراوانەیە کە بەیارمەتی ئەمانەتی گشتی رۆشنبیریو لاوانی ناوچەی کوردستان چاپکراوە .

جیهانی رەنگاو رەنگ

« گەورەترین هەڵمەت دژی جگەرە کێشان »

خاتوو سیمۆن ڤیل سەرەکی پێشووی پەرلەمانی ئەوروپیو پەکەمین ئافرەتی بووو کە جووە وەزارەتەوە لەحکوومەتی فەرەنسادا لەسەردەمی سەرەکی پێشوو دیستانداو بووە وەزیری کاروباری تەندروستی ، ئەم ئافرەتە ئێستاکە سەرەکایەتی گەورەترین هەڵمەت دەکات دژی جگەرەکێشان لەفەرەنسادا . سیمۆن ڤیل داوای لەئەنجوومەنی وەزیرانی ئێستای فەرەنسا کردووە کەلەکاتی دانیشتنەکانی ئەنجوومەندا جگەرە نەکێشن . هەروەها توانیویەتی بریارێك دەربکات تیایدا جگەرە کێشان لەهەر لیژنەیەکی فەرەنسی قەدەغە بکات لەکاتی نۆمار کردنی هەر بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا .

« نهێنی ئونەکان »

زانایانی دەروون ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کەنەو نافرەتەی عاشقی کون دەبێتو حەز دەکات لەناو ماڵەکەیدا هەبێت، یان لەسەر قووماشی کراسەکانیو تەنانەت لەنێو قژیشی بدات، ، ئەوە نافرەتێکی ریرەکو ناسك و بەسۆزە .

هەروەها دەڵێن کەکول جۆرە بارکەیەکی نەبیراو بۆ ئەو کەسە پێچەوانە خۆو ئارام بێت .

« منداڵێك ، کێشەکەی « ٥ » کیلۆگرامە »

ئافرەتێکی بابانی منداڵێکی بووە ، کێشەکەی «٥» کیلۆگرامە کەدەکاتە کێشی منداڵێکی شیرە خۆرەی تەمەن دوو مانگ. لەراپۆرتی پزیشکی چاودێری کەردا ئەوە هاتووە کەتەندروستی دایك و منداڵەکە زۆر چاکەو منداڵەکەش دەشێ بەرگی کیمۆنۆ – جۆرە بەرگێکی یابانی کۆنە – لەبەر بکات لەتەمەنی سێ ساڵیدا .

« ئەم هەواڵە خۆشە »

لەم چەندانەدا لەئەڵمانیا کێبێك کەوتە بازارەوە کەناوی کێبی

« لەپێناوی بەرگری کردندا لەکیژۆلەکانی حەوا » کە کچە نووسەری ئەلمانی کاریین هوفسکس نووسیویەتی . نووسەر گەلێك لەو نوکتەو مەتەڵو قسە خۆشانەی کەپیاوان بۆ ئافرەتانیان کردووەو دەیکەن ، ئۆکردۆتەوە . هەروەها نووسەر لەکتێبی ناوبراودا دووپاتی دەکاتەوە کەمیزاجی پیاوان بریتیی یە لەو پیلانەی کەدژی ئافرەتانی هەموو بێدەنگبوونیش بەرامبەری ئەوە لاوازیەکی گەورەیە بۆ ئافرەت ، هەر بۆ ئەوەش دەکاتەوە ، ئەمەش کار دەکاتە سەر هەڵسو کەوتو کردەوەکانی بەرامبەر رووداوەکانی رۆژانەو وای لێدەکات کەزیاتر لەسەر ئەو سەر هانی هەموو جیهان دەینەخشێنن ، ئافرەتە خوێنشیرینو رۆح سووکەکانی جیهان دەدات کەگەلێك نوکتەو قسەی بەتام لەسەر پیاوان دابنێنو کاریگەری ئەم نوکتانەش هیچی کەمتر نەبێت لەوەی کەپیاوان هەلی دەبەستن .

● لە سینەماوە بۆ شانۆ

ئەکتەری ناسراو راکید والش بریاری داوە ماوەیەك لەسینەما دوور بکەوێتەوە ، بەڵام رووی کردۆتە لایەنێکی تری هونەری نواندو لە ناوەراستی مانگی رابووردوە وە لەسەر شانۆی برۆدوای دەوری پاڵەوانی دەیینێ لە شانۆگەری «خانمی جیهان» .

جیهانی رەنگاو رەنگ

فیستفاڵی لاوانی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی

ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیریو لاوانی ناوچەی کوردستان بەهاوکاری لەگەڵ بەریۆوەبەرێتی لاوانی پارێزگەی سلێمانی لە هۆڵی ئوتێلی سلێمانی فیستفاڵێکی هونەری پێکهێنا .

لە ئاهەنگی کردنەوەی فیستفاڵەکە کە تیپە هونەریەکانی مەلبەندەکانی لاوانی ناوچەی کوردستان بەشداریان کردبوو بەریز جعفر عبدالکریم بەرزنجی پارێزگاری سلێمانیو هاوڕێ رازگری نهێنی سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست شوعبەی سلێمانیو هاوڕێ رازگری نهێنی نووسینگەی پیشەیی جەماوەریەکان ئامادەبوون .

لە رۆژی یەکەمی فیستفاڵەکەدا کە سێ رۆژی خایاند تیپە هونەریەکانی مەلبەندەکانی لاوانی دهۆك و زاخۆو ئامێدی گورج و گۆڵی هونەریو گۆرانیو سروودی گێرەشێویەی بوون کە دەستەو دابەرەی خومەینی بەرامبەر بە گەلانی ئێران ئەبکات .. هەروەها بریتی بوون لە وێنەی مندالان کە رەنگدانەوەی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ – ٣٠ی تەموزی مەزنو خۆشەویستیو شانازی مندالان بوون بەرامبەر سەرکردەی رەوتی سەرکەوتوومان بەریز سەرەکی فەرماندە صدام حسینو سەرکەوتنەکانی سەربازە پاڵەوانەکانی بوو دژی ئێرانی دوژمنو رەگەزپەرست .

نیشتمانیان پێشکەش کرد کە بەسەر شۆڕشو بەسەر ئەو خۆشەویستیەدا کە بەرامبەر بەسەرەکی فەرماندە بەریز صدام حسین هەیەو بەسەر داستانی قوربانیدانی هێزە چەکدارە دلێرەکانمان دژی ئێرانی دوژمنو رەگەزپەرست هەڵدرابوون .

بەم بۆنەیەوە بەریز پارێزگاری سلێمانی پیشانگەی هونەری نووسینگەی ئافرەتانی لە پارێزگەکەدا کردەوە .

پیشانگەکە بریتیبوو لە وێنەی کاریکاتۆری کە هەموو رەنگدانەوەی ئەو

Institut Kurde de Paris

هاوکاری

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد / شەقامی الخلفاء / مەیدانی خەلانی

تەلەفون ٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت